# ڕەمزی نافیع

## ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان


ئامادەکردنی

محەمەد گۆران

نەریمان خۆشناو



چاپی یەکەم 2008

ناوی کتێب : ڕەمزی نافیع
ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان
ئامادەکردنی : محەمەد گۆران و نەریمان خۆشناو
پیتچنین : ماهی قادر
نەخشەسازی: عەبدوڵڵا ڕەحمان
چاپ : چاپی یەکەم،2008
چاپخانە: چاپخانەی
تیراژ:          دانە

## ناوەرۆك

پێشەکی.............................................................

بەشی یەکەم: ئەو نووسینانەی لە بارەی

ڕەمزی نافیعەوە کراون.......................................... ......... 7

ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر......................................8

دیسانەوە و، هەمیشە نیازی پاك هەر ڕێی ڕاست بگرێ........................ 23

ڕەمزی نافیع ڕەشید ،ئەو کوردەی ئاڵای کوردستانی داهێنا........................ 3

گۆتفرید یۆهانز میوولەر میوانێکی ئازیز لە کوردستاندا ........................45

لە ڕۆژهەلاتی گرگرتوودا...................................................51

هەندێ زانیاریی تر دەربارەی ڕەمزی نافیع ......................................77

ڕەمزی نافیع و بۆچوونەکانی ..................................................85

ڕەمزی نافیع و .. شنەبایەکی فێنك لە( لە ڕۆژهەلاتی گرگرتوودا ) .............95

بەشی دووەم: نووسینەکانی خۆمان لە بارەی ڕەمزی نافیعەوە ....................107

ڕەمزی نافیع، رۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان.........108

ڕەمزی و ئەڵمانەکان ..........................................................**111**

ژیانی ڕەمزی.................................................................114

کردەوەی مامۆت.................................................................. 111

سوێند خواردنی ڕەمزی بەئاڵای کوردستان.........................................123

لە ئەڵمانیاوە بەرەو کوردستان ...................................................127

دەستگیرکردنی گروو پەکە............................ ............................132

چۆنیەتی دەستگیرکردن و تێکچوونی باری دەروونی ڕەمزی.........................132

دوا دیداری میوللەر و ڕەمزی...................................................139

ئازادبوون و کۆچی دوایی ڕەمز...................................................142

حیزبی هیوا و کوردایەتی ڕەمزی نافیع.........................................144

## دەستپێك

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە تەنها ڕەمزی نەگیرا بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەو نزیکبوون و دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردبوو گیران وەکو هەردوو برایەکەی"سوعاد و حوسامەدین" ، هەروەها کۆمەڵێ نۆبەتدارو کەسانی دیکەش، ئەوانیش هەرهەموویان بەندکران وحوکمی جیاجیا دران.

"سوعاد"برای ڕەمزی، کە ئەو کات تەمەنی(15)ساڵبوو بچوکترین کەسیان بوو،حوکمی هەتاهەتای دراو پاشان کرا بە شەش مانگ بەندکردن و دووساڵیش لە بەغدا بخرێتە ژێرچاوەدێری(واتا وەکو جۆرێك لە نەفیکردن).

ئەوکاتەی کە ڕەمزی لە بەندیخانە دەبێ زۆر کەسی دیکەش لەوێ بوونە لەوانە بەسودفە (نورەدین زازا)ش، هەر لەو بەندیخانەیەدا لەگەڵ ئەودادەبێت، نورەدین زازا لە کتێبەکەی خۆشیدا بەناوی"حیاتی الکوردیە" کە بە عەرەبی لە دەزگای ئاراس چاپپیکردووە باسی ئەوە دەکات.منیش گوێم لێبووە لە باوکم، کە ڕەمزی کاتی خۆی بۆ ئەوی گێڕاوەتەوە.

ڕەمزی لە پاش بەربوونی لە بەندیخانەدا، دەگێڕنەوە: کە لەیەك لە دانیشتنەکانی دا لەگەڵ خەڵکی گوندی تەرجان، یەکێ لێیدەپرسی و دەڵێ:ئاخر تۆ بۆ ئەو کارەتکرد چ مەجبوور بووی ڕەمزی؟ ڕەمزی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ:تاکو فلان (ناوی یەکێك لە خەڵکی گوندی تەرجان دەهێنێ)ببێ بە وەزیر.

هەرچەندە وەڵامەکەی ئەوکات بەجددی وەرنەگیراوە، بەڵام ئەگەر لێیوردبینەوە، لێرەدا زۆر بەروونی مەبەستەکە دیارە کە هیواو ئامانجی ڕەمزی چیبووە؟.

زۆرکەس دەستی هەبوو لەمکارە بەلاّم کارەکە کە شکستی هێناو ئینگلیزوحکومەتیش بە توندی بەرپەرچییان دایەوە، کەس خۆی ئاشکرا نەکردوو(نهێنیەکان) تاکو ئێستا زۆری ئاشکرا نەکراون، چونکە ئەکتەرەکان ئێستا نەماون.

لێرە پێویستە بڵێین:ئاخۆ ئەگەر ئەمکارە سەریبگرتبا، چۆندەبوو چەندکەسیش لێدەبوو بە خاوەن.

**سروود سوعاد**

## له جیاتی پێشەکی

ڕەمزی نافیع رەشید ئاغا له ناوەڕاستی جەنگی جیهانی دووەم ئەودەمەی که لەشاری ئەستەمبۆڵ دەیخوێند بەهۆی بیروباوەڕی پتەوی کوردایەتی و دەستڕۆیشتوی بنەماڵەکەیان له کوردستان دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا پەیوەندی لەگەڵ دەبەستن.لەتورکیا بەڵێنی ناراستەوخۆ دواتریش که دەیبەن بۆ ئەڵمانیا، ڕێککەوتن که ڕەمزی بکرێت به سەرۆکی کوردستان و له بەرانبەریشدا تا ماوەیەك ئەڵمانیا سوود له نەوتی کەرکووك ببینێت، چونکه ئەو ماوەییە ئەڵمانیا به دەست کەمی سوتەمەنییەوە دەینالاًند، پێش خۆئامادەکردنیش ڕەمزی"ئالاًی کوردستان"بەدەستی خۆی دەنەخشێنیّ و لەگەڵ خۆیاندا چەندین جۆری گەورە وبچووك لەو ئالاًیە دەهێننەوە بۆ کوردستان.

مەسعود محەمەد له وەسفی ڕەمزیدا دەڵیّ:"له ساڵی1943ئەگەر کورد ئاوێکی روونی شك بردبایە بۆ نەتوانەوە وحەسانەوە نەدەشیا رۆڵەی وەها بەناز پەروەردە کراوی، خۆی لەباوەشی گەرم و گوڕی باوك و دایکییەوە هەڵدات بۆ گاڵتە به گیان کردن، بۆ رێی هاتێك و دەجاران نەهات، ئەوەندەی بیستبیتم و زانیبیتم ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی یان بۆ هەر نیازو تەماومەبەستێك بیّ به پێڵیژەی هەوادا، لەشەوی تاریك سەروژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوڵێکی پڕ لەترسی شەکەت بوون و ملّ شکاندن و مەرگ.

بەپێوانەی ئەو ڕۆژگارە، ڕەمزی گەنجێکی خواپێداوی حەسایەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکه گوڵی هیوای لەدەست دابوو، له لاًیەنی پێداویستی ژیانی کامەرانییەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکاربێت ڕەمزی بەو لای تێروتەسەلییەوە بوو، نیازێك نەبووە لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی ئەوسای

بۆ بچیٚ ڕەمزی پێینەگات هەتا خەیاڵی چرووك بەدڵی کرمێدا هاتوچۆی پیلاٚنگێڕی بکات، بۆ هەڵبەستنی نیازیکی قرپۆك لەویژدانی ڕەمزی دا لەوە پتر بەدەستەوە نادات کە پیاوەتی وەها مەزن لە رەمزییەوە وەك زەهر بیٚ وەهایە بۆناو زاروو گەرووی بێگەن".

کەواتە ئەوکارەی کە ڕەمزی کردوویەتی ناکریٚ مرۆڤ خۆی لیٚ نەبان بکات و باسی لێوە نەکات، چونکە پەیوەندی بەرووداوێکی گەورەی جیهانییەوە هەیە و وەکو کوردیش بەدنمەکی و شێواندنی مێژووی خۆمانە کە هەر تاکێکی ئەم میللەتە لە جانفیداکاری و مەردایەتی ڕەمزی نافیع بیٚ ئاگابێت، بەلاٚم بۆ تا ئێستا بیٚ ئاگاین و هەقی تەواومان نەداوەتە ڕەمزی؟!.

لە وەلاٚمی ئەوەدا دکتۆر"ئەرسەن موسا رەشید" مامۆستای زانکۆو پسپۆڕ لەبواری مێژوو، گوتی:"ئێمەی خەڵکی هەولێری تەبیعاتێکی زۆر سەیرمان هەیە و هەستی نەتەوایەتیمان لاوازە، سلێمانی بۆ خۆیان زۆرباشن و هێندیٚ کەسیان هیچیشی نەکردووە بەلاٚم ئەوان باسی دەکەن.
لەوانەشە هێندیٚ کەس حەزبکەن باسی ڕەمزی بکەن، بەلاٚم لەترسی ئەمەریکاو بەریتانیا نەوێرن ئەم بابەتە زەق بکەنەوە".

**محەمەد گۆران**

# بەشی یەکەم

## ئەو نووسینانەی لە بارەی ڕەمزی نافیعەوە کراون

# ڕەمزی نافیع

## قوربانییە زلەکەی هەولێر

### مەسعوود محەمەد*

دەمێکی لەمێژەوەیە خوولیای ( ڕەمزی نەوازی ) لەگەڵمدا دەژیت و ختووکەی هەستی روح پەرەییم بۆ گیانی کوردایەتی لێ دەبزێوێ . خوولیا ساڵەوساڵ لە دڵمدا ترنجۆکی شەبەنگی خۆی تەنیەوەو باڵەوباڵ بە پێپکەی نرخە بەرزەکاندا بەرەو تۆقەڵەی سەنگاندنەوە تێ هەڵکشی ، خوولیای نرخاندن و سەنگاندن ، بەرەبەرە ، لێم بوو بە هەستی فەرمانی قەومایەتی بەسەر شانمەوە: بۆچی شەبەنگی وەها گەش و پرشنگدار لە زیندانی فەرامۆشیدا ژەنگ هەڵ بهێنێ ؟ خۆ پەنجە چیلکەنین قەڵەم و گۆڤاریش کلچووك و کفنی بەڵەك نین بە هەموویان نەتوانن وێنەی ئەم قارەمانە لە گۆڕخانەی نەبەردییەوە بۆ بەرچاو ودڵ و مێشکی میللەتەکەی نەخش بەستوو بکەن !! دوو ساڵ دەبێ بڕیاری پیرۆزم بە دڵی خۆمدا هێنا کە تۆز لە وێنەی ئەم خۆبەخت کردووە بتەکێنم و ڕیسی جالجالۆکەی فەرامۆشی لێ داڕنم و بەسەرهاتەکەی بکەم بە دیاری دووەم لە خۆیەوە بۆ زیندووان : شاباشی یەکەمی لە ئاهەنگی میللەت پەرستندا گیانی بوو . شاباشی دووبارەی لە زەماوەندی بیرەوەرییەکەیدا ئەم دراویلکانەن، وا لە وشەخانەی زەینی منەوە دڵۆپ دڵۆپ بە نووکی خامە بەرەو توومارخانەی مێژوو بە بەرچاوی خوێنەردا گلۆر دەبنەوە: قۆل و باسکی پەرۆشم لێ هەڵماڵی و خامەم بە مەرەکەب دارشت و لە مەزرای کاغەزم گیرساند . وەك خەتە جووتی جووتیاری کورد کە بەسەر خاکی پاکی زەویەکانی کوردستانەوە وردی ڕەش دەدەنەوە بە پیت و بەرەکەتی دانەوێڵەی هەژاران، منیش بە نووکی خامە کاغەزم دایە بەر خەت لە دواخەتی هاتوچۆی مێشك بە ناو تان و پۆی ڕایەڵەی کارەساتی قوربانی دانی

ڕەمزی نافیع ڕۆڵەی نازدارو شەرفداری شـاری هـەولێر لـە پێنـاو تێکـڕای میللـەتی کـوردا، کـە هــەمووی لــە تــەرازووی بــەراوردو هەڵــسەنگاندندا هــەر هــەژاری دانەوێڵەوترووسکەی ئاگری سەرمای ڕێبەندان بووە، لە وەتـەی زەقـەی چـاوی لـە پێڵووی شڵەقاوی مێژوودا هاتووە .

دەست و قەلەم کە گـەرم ڕاهـاتن لـە نووسـین دەکەونـە بڕشـت:(خومخانـەی خەیاڵی ئەرجومەندی ـ حاجی قادر) لە گۆبەندی یادکردنەوەی ڕەمـزی دا . پـەیتا پەیتا،لە جیاتی مەرەکەب بژێوی شەرابی بـە خامـەم دەبەخـشی و منیـشی پێـوە سەرگەرم دەبووم و(هەی پێ)م لە نووسین دەکرد : چرای گەشی میهـرەی ڕەمـزی ( شەمعی موتالأَـنالی)م بوو .

جـارێ ، وەکـوو ئێـستاکە ، لــە ســەرەتاکانی پێـشەکیدا هاتوچـۆی ئــەم سەرەوســەری کاغــەزم بــە قەلــەم دەکـرد ، لــە وتووێـژدا ، دۆسـتی ڕێـزلێگیراوم د.کەماڵ مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێك بە ئەڵمانی لەلایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێدابوو بە قوربانی دەرچووە.

نوسخەیەکیـشی لای خـۆی هەیـە ، کـە بـۆ نیـازێکی سـەر بـە باسـی مێـژووی کوردەوە دەردەستی کردبوو . هەر کە ئەمەم زانـی لـە نووسـین وەسـتام : ناشـێ سەرچاوەیەکی وەها گرنگی مێژوویی پشتگوێ بخرێ، کە پڕبێ لە باسی ڕەمـزی . د.کـەماڵ کتێبەکـەی بـۆ هێنـام لەگـەڵ چـەند لاپەرەیـەك لـە پاڵاوتـەی کورتـەی کتێبەکە، لەلایەن مامۆستا سەردار میرانەوە هێنرابووە سەر عەرەبی ، ویـستم پـتر لەو کتێبە سوودمەندببم بە تەرجەمەیەکی بین درێژتر : بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەم دایە د.فەوزی ڕەشید، ئەویش دوای خوێندنەوەی هەر ئەوەندەی پێ کرا بـە قـسە باسـی ناوەرۆکەکـەیم بـۆ بکـات ، چـونکە دەرفـەتی تەرجەمـەی بـە نووسـینەوە نەبوو.لەنێوان ڕاگەیاندنەکانی نووسینی مامۆستا سەردارو گێڕانەوەکـەی د.فـەوزی نەختێك جوداوازی هەبوو، کە بەمن نەدەکرا تێیدا مـەریوان بم . ئـەم تەگەرەیـەش وەستاندمی . ڕەنگە ساڵێك ، زۆرتر کەمتر بەسەر وازهێنانم لە نووسیندا تێ پـەڕی بێ بەدیار پەیـدابوونی خێرەومەنـدێکی ئـەڵمانی زان و دۆسـت و خـاوەن دەرفـەت

تەگەرە بچووکەکەم بۆ برەوێنێتـەوە ، بەداخـەوە چـەندێکی هـەولم دا و بـرادەری نزیکیشم هەولی بۆدام بـەهیچ ئامانجێك نەگەیشتم ، تـا ئـەوەی هەسـتم کـرد کـە شەرم بەخۆدا شکانەوە لە ئاست گیانی رەمزی چـی دیکـەم خاڵەبـەخش ناکـات . بۆیە بووا بەم شێوەیەی لێرەدا دێتە بـەنیگای خوێنـەرەوە هاتمـەوە سـەر بـاری نووسـین هەمیـشە ئاگـاداری ئـەوە دەبم شـتێك نەیەتـە نـاو نووسـینەوە لەگـەڵ ڕاستییەکی شرایەوەدا نـەگونجێ : چـی باسـی دەکـەم جێـی دڵنیـایی خوێنـەرە ، شتێکی لەوانەیە بێ لەگەڵ ناوەرۆکی نەزانراوی ئەو کتێبەدا رێك نەیـەت ، تـا پـێم بکرێ ، خـۆمی لێ لادەدەم ، ئـەوەی کاریـشمان پێیـەوە هـەبێ لـەو بەسـەرهاتەی پێوەندی داربێ بە رەمزییەوە ، وەکـوو خـەتێکی ڕۆشـن رێگـە بـۆ سـەر مەبەسـت دەردەکات .بەڵام دەبێ بڵێم ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و فەرامۆش کـراوە لەوانــەی بــە کــوردەوە خــەریك بــوون ، سەرگوشــتەیەکی خۆشیــشە لــە گۆشەیەکی کەینوبەینی شەڕی گەورەی دووەم لێی دێت نەختێك تەڕایی ببەخـشێ بە دەماغی خوێنەر کە وشك بۆتەوە بە زۆربەی ئەو نووسینە وشکێن و برینگێنەی خۆ بەمل حاڵ و باری ڕۆشنبیریماندا دەدەن .بـەر لـە 1300سـاڵ پـتر پێغەمبـەر (د.خ) فەرموویەتی ( روحوا القلوب ساعة بعد ساعة).. ناو ناوە دڵتان بحەسێننەوە .. ڕاستییەکەی ، لـە دەسـتم هاتبایـە سـەرلەبەری کتێبەکـەم بـە کـوردی یـان بـە زمانێکی ئاشنا لەبەر گـوێی کـورد بـڵاو دەکـردەوە هـەر دەشـبێ ڕۆژەك لـە ڕۆژان بکرێ ..

ئەم کتێبە ساڵی 1959 لە شاری شتوتگارتی ئـەڵمانیا ، لـە ژێـر سـەر نـاوی (im brennenden orient) لەلایەن گۆتفرید یۆهانس مولەرەوە نوسـراوەو بڵاو کراوەتەوە .واتای عنوانەکە بە عەرەبی ( في الشرق الملتهـب)ی لێ دراوەتـەوە لەلایەن مامۆستا سەردارەوە ، ئینجا خوێنەر با دەقێکی کوردی بـۆ پەسـند بکـات وەك : لـە ڕۆژهـەلاتی هەلآیساوـ بڵیسەدا ـ ئاگرتـێ بـەربووی ـ بڵێساوی .. یـان هەرچی دیکەی لەبارتربێ . مولەر لەکتێبەکەیدا دەنووسێ کە وەکوو ئەڵمانێکی بە پەرۆش بۆ میللەتەکـەی لـە جـەنگی دووەمـدا بـیر لـە پلانێـك دەکاتـەوە یارمـەتی

وڵاتەکەی بدات بەرەو سەرکەوتن : لە کولانەی پێویستی ئەڵمانیا بە نەوت یادی بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەچێتەوە کە پێشترگەشتێکی تێدا کردبوو .

لە بەشێکی گەشتەکەیدا بەیارمەتی شێخ مەحموود گەڕانێکیشی لە کوردستاندا کردبوو . لەساڵی 1943 نەخشەی پلانێك بۆ سەرکردایەتی جەنگی رایخی سێیەم دەنێرێ لە بارەی چۆنیەتی سوود دیتن لە نەوتی عێراق بە هۆی کوردی عێراق نشینەوە .وەك خۆی دەڵێ ، دوای حەفتەیەك فەرمان لە سەرکردایەتی سوپا دەردەچێ بۆ رێك خستنی پێداویستی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆیی زوو بەزوو تاقمێك لە دۆستانی ڕێك دەیەخێ بۆ تێ هەڵچوون لەو پلانەی، بەڵام دەمێنێتەوە تەگەرەی هەرە گەورە بڕەوێتەوە : دەبێ کوردێکی وریای ئازاو دڵسۆزی عێراقی پەیدا بکەن لە گەڵیاندا چاوساغ و هاومەبەست بێ .بە بیری دێتەوە ، پێشترلە 1942 ، بەرێکەوت و لابەلایی لە شاری ئەستەمبوول شناسایی لەگەڵ(ڕەمزی نافیع)دا پەیدا دەکات، کە کوردێکی هەولێری و لە بنەماڵەیەکی بەدەسەلاتە .گورج دێتەوە بۆ ئەستەنبۆڵ و بە هۆی عێراقییەکی سەر بە (مخابرات)ی ئەڵمانیاوە بە دوا (ڕەمزی نافیع)دا دەنێرێ .ڕەمزی بێ وەخران مل دەنێ بۆ ئەوێ و لەگەڵ مولەردا دیدەنی دەکات و بە پێێشنیازی مولەر ڕازی دەبێ کە هەوڵ بدرێ بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کورد بە یارمەتی ئەڵمانیاش ، لە ئەنجامدا کورد بە مافی نەتەوایەتی بگات و ئەڵمانیاش لە نەوتی عێراق بەرخورداربێ .(ئەڵمانیا لە ساڵی 1941 بەرەو نیازی گەیشتن بە نەوت ڕۆیی کە ڕەشید عالی گەیلانی سەرپێچی لە ئینگلیز کردو ئەڵمانەکانیش بۆ یارمەتی دانی کەوتنە خۆیان، بەڵام ئەو ماوەیەیان چنگ نەکەوت هێزی پێویست بگەیەننە سوپای عێراق . م .م )

مولەر دەگێڕێتەوە ، ڕەمزی لەگەڵیدا دەچێ بۆ ئەڵمانیا . لەوێ ئەو تاقمەی کە بەشداری دەکەن لەو پلانەدا خەریکی راهاتن بە چەتربازی و خستە ئیشی لاسلکی و ئەو جۆرە فەرمانانە دەبێ و بەزوویی تێیاندا ماهیر دەبێ .

پلانەکە بریتی دەبێ لەوەی کە مولەر و دوو پسپۆڕی دیکەی ئەڵمان لەگەڵ ڕەمزی بەفڕۆکە بەرەو کوردستان بێن و لە شەودا بە پەرەشووت دابەزن و

پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە ببەستن . بەپێی گێڕانەوەی د. فەوزی ژووان ئەوەبووە دوورایی 130 کیلۆمەتر لە رۆژاوای شاری ( ورمێ ـ رزائیە) بە سەر سنووری عێراقەوە لە شوێنێکدا دابەزن . نووسینەکەی مامۆستا سەرداریش دەڵێ دەبوو لە دوورایی 200 کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دابەزن ، دیارە مەبەست رۆژهەڵاتی مووسڵە .

فڕۆکەیەك لە ئەڵمانیاوە دەیانهێنێ بۆ (قرم) ، لەوێوە بە رێگەی ئاسماندا بەرەو ئامانج دێن . هەر لەو دەمەدا کە بە زاهیر نزیکی جێ ژووان دەبنەوەو فرۆکەوانەکە چەند سووڕێك بە دەوری شارێکی کارەباگەشدا دەدات ، مولەر دەکەوێتە گومانەوە .فڕۆکەوان لە جیاتی جێ ژووان لە رۆژئاوای مووسڵ هەڵیان دەدات . ڕەمزی بە پرسین دەزانێ جێی دابەزینیان کوێیە و چ خزمایەتی لەگەڵ ئامانجی ئەودا نییە . مولەر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کارەکە لەگەڵ ئەڵمانیاوە بە ئینگلیزەکان فرۆشرابوو : بۆی دەردەکەوێ کە ناحەزەکانی لە ئەڵمانیادا هەروەکوو لە سەرتاوە ویستیان تەگەرە بیەخنە پلانەکەیەوە ، دواتریش کە نەیتوانی بی وەستێنن بە دوژمنیان فرۆشت .

بەهەمەحاڵ بەرەو کوردستان مل دەنێن و بە مووسڵدا تێ دەپەڕن و لەزێی بادینان دەپەڕنەوە بەرەو هەرێمی هەولێر، کە لەوێوە بگەنە شاخەکان لەو ڕەت بوونەیان بەرەو کوردستان جلکی کوردی لەبەر دەکەن، کە لە ئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوویان .. سەر ئەنجام لە دێیەکی بنەماڵەی ڕەمزی خۆیان حەشار دەدەن بۆ دەرفەتێك .. پۆلیسیش بە دوایاندا دەگەڕێ . ڕەمزی بۆ سۆراغی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕزگاربوون لە ئەڵمانەکان دوور دەکەوێتەوە ، لەو ماوەیەدا خەبەری حاڵ و شوێنیان بە حکوومەت دەگات و دەردەست دەکرێن .

رەمزیش دواتر لە ڕێی خزمی خۆیەوە تەسلیم بە حکومەت دەبێ . لە سەرەتاوە بۆ حەبس خانەی مووسڵ لەوێشەوە بۆ بەغدا بەڕێ دەکرێن . سەرنجامیان دەگاتە حەبس خانەی ( مزە) لە قاهیرەی میسر . دوای لێدان وئەشکەنجە ڕەمزی لە بەغدا موحاکەمە دەکرێت و بە 20 ساڵ حوکم دەدرێت ،

بەڵام بە هۆی ئازاردانەوە تێك دەچێت . دوای بەسەربردنی دووساڵ لـە بەندیخانـە بە نامەی ( نەخۆشیەکی کە لێ دەرباز بوونی بۆنییـە) عـەفوو دەکرێـت و هـەر بـەو دەردەی کە لە ئازار دانەوە دوو چاری بوو بوو دوای سـاڵی دیکـە لـە تەمـەنی 30 ساڵیدا گیان دەسپێرێت .

لەماوەی حەبس بوونیدا ، بە دوا ئەویشەوە کە بەرەڵلاّ دەکرێ خزم و کـەس و دۆسـتەکانی هەمیـشە بـە دەوریيـەوە دەبـن و بـەدەم دلّ ڕاگـرتن و خزمـەت کردنیەوە لە بارەی چەند و چۆنی بەسەرهاتەکەی پرسیاری لێ دەکەن .

ئەویش لەو بارە نالەبارەی نەفـسیدا کـەمتاکورتێکی لێ دەگێڕێتـەوە بۆیـان، پێشیان دەڵێ بەخێر کە چاك بوومەوە هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە .

حیکایەتی ئەو هێندە بەسەرهاتەی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداو حەبس بوون و بەرەڵلاّکردن و مردنی لە سەرچاوەیەکی جودا لە کتێبەکەوە دێت ،چـونکە کـابرای ئەڵمان لە ووردیاتی ئەم لایەنـە بـێ ئاگایـا. بـۆ وەدەسـت هێنـانی خەبـەراتی ئـەو قۆناغە پڕ سفتوسۆیەی سەرگوزشتەی ڕەمزی پرسم لە خزمەکانی کرد لەوانیشەوە چەند لاپەڕەیەکم باس و خواس لەوبارەوە بۆ هات و بەوەدا سەرچـاوەکان بـوون بـە سـێ : هەرچـەند جـوداوازی لـە نێـوان وردیـاتی ئـەو سەرچـاوانەدا هەشـبێ ، هەموویان لـە شـایەدی دان بـۆ مەردایـەتی ڕەمـزی یـەك دەگرنـەوە, هـەر ئـەمیش لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکەو لەگەڵ چارەنووس و سەرنجامی رەمزیشدا ڕێك دێت .ئەو لاپەڕانە دوای نەختێك لێ کورت کردنەوە بەم جۆرە دەدوێن :

ڕەمـــزی لـــە ســـاڵی 1917 ( لـــە هـــەولێر) پـــێ دەنێتـــە دونیـــاوە . لەساڵی1947(لەهەولێر) کۆچی دوایی دەکاتلە ساڵی 1939 بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی ئەمەریکایی لە بێروت و لـەوێ پلـەی ( فرێـشمان) تـێ دەپـەڕێنێ .بـە دوا ئـەوەدا لـە سـاڵی 1942 دەچـێتە (ڕۆبـەرت کـۆلێج) لـە ئەسـتەنبووڵ . لـەوێ پەیوەندی بە د .کامـەران بەدرخانـەوە پەیـدا دەکـات. ڕەمـزی ئەنـدامێکی پـارتی (هیوا)بووەو لە کوردایەتیدا دەستی هەبووە .

لـەم كۆڵانـەوە بـەڕێ نمـوونی كامـەران بـەگ لەگـەڵی ئـازادی خـوازانی كـوردی توركیادا تێكەڵ پەیدا دەكات بۆ بەرهەم هێنانی بزووتنەوەیـەكی گشتیی كـورد . ساڵێك لەو مەیدانەدا چالاك بوەو یەكێكی لەوانـەی پێوەنـدی پێیانـەوە دەبەسـتێ (نووری مستەفا بابۆلی ) بووە . كاربەدەستانی توورك هەسـت بـە چـالاكی ڕەمـزی دەكـەن و نیازیـان بـووە بیگـرن و بـی گێڕنـەوە بـۆ عێـراق ، ئـەویش بەیارمـەتی كامەران بەگ پەنا دەبەرێتە بەر بالیۆزخانەی ئـەڵمانیاو پاسـپۆرتێكی ئـەڵمانی بـۆ ڕێك دەیەخن و لەگەڵ موستەشاری ئەڵمانـەكان لـە نەمـسا بـە نامـەی ئـەوەی كـە سكرتێریەتی دەینێرن بۆ سۆفیای پایتـەختی بولغاریـا ( مـن بـەر پرسـیار نـیم لـە چۆنیەتی لوانی ئەو تەرزە تەگبیرەو پەیدا بوونی موستەشاری ئەڵمانەكانی نەمـسا لە توركیاو غافڵ بوونی توركەكان لەوەدا، كە بەدوا كاتـەوە سـكرتێرێكی تـازە بـۆ موستەشـار پەیـدا دەبـێ، ئەمانـە لـە نوسـینی خزمـەكانی ڕەمزییـەوە بـە مـن گەیشتووە دەرفەتیشم نەبووە تۆژینـەوەی تێدا بكـەم . م .م ) لـە سـۆفیا كـوڕی شەریف شەرەف ـ ئەو شەریف شـەرەفەی لـە بزووتنـەوەی ڕەشـید عـالی بـوو بـە وصی لە بەغدا ـ كە دەبینێ ئەڵمانەكان وەها بە ڕژدی لەگەڵ ڕەمزی خەریكن لێی داوا دەكا یارمەتیەكی بدات بۆ ڕەپـێش خـستنی حـاڵ و بـاری لای ئەڵمانـەكان .. (ئەم خەبەرە لابەلاییە روون كەرەوەیەكە بۆ پلەی بایەخی ڕەمزی لای ئەڵمانەكان و دەخلـی بەسـەر شـتێكی دیكەوەنییـە . م . م ) دوای ئـەوەی ئەڵمانـەكان دڵنیـا دەبن لەوەدا كە ڕەمزی كەسێكی خاوەن جێ و ڕێیە لـە وڵـاتی خـۆی و كـوردێكی پاكـە ، نەجاسـووس و نەمفتـەخۆرە ، لـە كۆتـایی سـاڵی 1942 دا دەینێـرن بـۆ بەرلین ، ئەوسا حكومەتی ئەڵمانیا دوو تاقمی ڕێك خستبوو لە گـەنجانی ئـەڵمان ، یـەكێكیان بـۆ پێوەنـدی بەسـتن بـە ئـازادی خـوازانی خـەلیجی عـەرەبی ، ئـەوی دیكەشیان لەگەڵ ئازادی خـوازی كـورد ( دیـارە ئـەم خەبـەرە لـە ڕەمزییـەوە بـە خزمـەكانی گەیـشتووە . م.م) ئـیتر ڕەمـزی پێوەنـدی بـە (مێجـەر مولـەر)ەوە دەبەستێ و بۆ ماوەی 3 مانگ خۆی و تاقمەكەی خەریكی گردو كۆیی دەبن . لەو دەمانەدا كابرایەك لە توركیا بەوەكالەتی ڕەمزی ئەو پارەو پـولێكی لـە عێراقـەوە

بـۆی دەچـێت وەری دەگرێـت و بـەناوی کوردسـتانەوە بەسـەلیبی سـووری دەبەخشێت .

ڕەمزی لەو ماوەیەدا دەزانێت ئەڵمانەکە بەنهێنی دۆستایەتیان لەگەڵ سوار غای سەرەك عەشیرەتی بڵباس لەبێتوێنی سەر بەقەزای ڕانیە هەیە.

ڕەمـزی مەشـقی بـەکارهێنانی نـوێی ئەوسـا ڕاهـاتن بەرۆیـشتن لەچـۆڵی و شاردنەوەی ئەو شتانەی لەفرۆکەوە هەڵدەدرێن و ئەو جۆرە فەرمانانـە دەکـات . لە مارشاڵ کایتل بەلێن وەردەگرێ بەهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادی خوازانی کورد بەرانبـەر بـە نـەوت ، هـەر لەبنکـەی سـەرکردایەتی ئەویـشدا خـۆی وهاوڕێیـە ئەڵمانەکانی کەبریتیی بـوون لـە مولـەرو هوفمـان و کۆنیـچین ـ بەئەسـڵ پۆلـۆنی ـ سوێند دەخۆن : ڕەمزی بە ئاڵای کوردستان ئەوانیش بەسوێندی ڕەسمی خۆیان ، کەخیانەت لەگەڵ یەکتیدا نەکەن و هەردوو لا بەڵێن بگەننـە جـێ ئـەم کـارەش بـە بەرپاکردنی شۆرشێکی کورد و هـاتنی یارمـەتی پێویـست لـە ئـەڵمانیاوە مەیـسەر دەبێ، لەهەمان کاتدا ڕێگەی یارمەتی هێزەکان وەیا چـەك و ئازووقـەی دەولەتـە سوێند خۆرەکان کە لە ڕۆژاواوە بۆ رووسەکان دەچێت دەبەسترێ .

لـە سـەرەتاکانی هـاوینی 1943 ئـەم کۆمەڵـەی چـوار کەسـە بـە فرۆکـەوە لەئەڵمانیـەوە دێـن بـۆ قـرم، لـەوێوەوەش فرینێکـی شـەوانە لەدەوروبـەری 23ی تـەمموز دەکـەن بـۆ عێـراق بـەنیازی ئـەوەی لـەبیتوێن بەچـەتر دابـەزن، کەچـی فرۆکەوان لە نێوان موسڵ و دهۆك دایان دەبەزێنی بۆ سـەر زەوی (بیتـوێن لەگـەڵ ئەو قسەیەی کە بڵێ دەبوو لەدوورایی 200 کیلۆمەترە دوور لەموسڵ دابەزن رێـك دێ ،چونکە لەموسلەوە بۆ بێتوێن نزیکی 200 کیلۆمەتر مەودا هەیە ، جێگاکەش مەڵبەندی سوارئاغا بوو .م.م) لەوشوێنەدا چی کەرەستەو پارەی زیاد و چـەکێکی لەگـەڵیان دابـوو بـەجێ دەمێنـی خۆیـان دێـت تـا لەقـەیاغی گـوێڕ بـەرەو قـەزای مەخموور ، لیوای هەولێر دەپەڕنەوە .(پەڕینەوەیان لەگوێرەوە بۆ بەری مەخموور پتر بەلای ئەو قسەیەدا دەچێت کەبلێ لە ڕۆژاوای موسـڵ دابـەزیوون نـەك لـەنێوان دهۆك و موسل، چونکە دهۆك خۆی لەبەری ڕۆژهـەلاتی دەجلەیـە ، زۆریـش دوورە

له گوێڕ ، بێ لوزومیش لەشاخەکانیان دوور دەیەخیتەوە . م .م) شەو لەدێی (تەرجان - بەری مەخموور )دەبن ، لەوێوە بە سواری ولاغ دێن ،تاکوو لە دەمەو بەیاندا دەگەنە هەولێر .

لەباغەکەی پشت ماڵی ( عطاء اللە ئاغا)ی مامی ڕەمزی خۆیان پەنهادەکەن بۆ جلك گۆرین و لەوێوە بەرەفاقەتی ئامۆزایەکی خۆی (خورشید ) دەچنە دێی( بنەسلاوە)کە لەدوورایی $3$ سەعات ڕێ بەسواری لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر کەوتووە. ڕۆژی دی کە دەچن بۆ دێی (بیۆکە) بەنیازی ئەوەی بچن بۆ تورکیا بەوێدا بگەڕێنەوەبۆ ئەڵمانیا، چونکە ئاشکرابوونیان هەموو ڕێگەیەکی سەرکەوتنی پلانەکەیان لێ دەبەستێ ، بەتایبەتی کەهەرچی کەرەستەو پارەو چەکێکی بۆ شۆڕش پێویست بوو، لە کیسیان چوو بوو. ڕێکەوت وەها دەبێت قاچغچیەکی ئەو دەوروبەرەی (بیۆکە) دەیان بینی کەخۆی کونە فلوسەیی بوو ، حکومەتیش $1000$ دیناری پاداشت دانابوو بۆ کەسێك خەبەر لەو کۆمەڵە بدات ، کابرای کونە فلوسەیش خەبەرەکەی لە ڕێی جولەکەیەکەوە بەحکومەت ڕاگەیاند . لەپێشەوە $3$ ئەڵمانەکە دەگیرێن . ڕەمزیش لەودەمە لەگەڵیان نابێت . حکومەت باوك و مامەکانی ڕەمزی دەگرێت مامێکی ، نورەدین ئاغا ، بەئیزنی حکومەت دەچێت بۆسۆراغیەوەو لێ ی داوا دەکا خۆی تەسمیل بکات و خزمەکانی پێوە رزگار بن، ڕەمزی ویستبووی خۆی بکوژێت، بەڵام مامی تەمای ژیانی لەبەر دەنێت و دەیهێنێتە سەر تەسلیم بوون ( خزمانی هیچ هەولێك نەمانە یدەن بۆ رزگار بوونی ڕەمزی ، ڕەنگە هەر ئەوهەوڵەش بووبێ لەئێعدامی رزگار کردبێ) لەوە بەولاوە دەیانێرن بۆ موسڵ و بەغدا و قاهیرە ، لە قاهیرەوە ڕەمزی دەنێردرێتەوە بۆ بەغدا و بەدوا موحاکەمەدا بیست ساڵ حکوم دەدرێ،ئینجا نەساغی و تێك چوون و مەرگ.

من چەند جاران لەرێکەوتدا رەمزیم دیتووە : ئەم دیمەنەی ڕەمزی کە لەیاد کردنەوەوە دێتەوە بەرچاوم ، لە قژی زەرد و چاوی کاڵ و ڕووی سوور و بزەی سەرلێوانی کە وەکوو شکۆفەی گوڵ هەمیشە لێ چەسپ بوو، لە وڕێنەشدا خەیالە

نەدەبردمـەوە بـۆ چـەتر بـازی و گیـان بـازی ، بەپێوانـەی ئـەو رۆژگـارە ڕەمـزی گەنجێکی خوا پێداوی حەسایەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هیوا لەدەست دابوو. لەلایەن پێداویستی ژیانی کامەرانەوە ئەگەر تەماحیشی بەکار بێت ، ڕەمزی بەولای تێری و تەسـەلیەوە بـوو . نیازێـك نـەبوو لەوانـەی دڵـی گـەنجێکی خـورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێت ڕەمـزی پێـی نـەگات هـەتا خـەیالی چـروك بـەدلی کرێمـدا هاتوچۆی پلان گێری بکات بۆ هەڵبەسـتنی نیـازێکی قرپـۆك لـە وێـژدانی رەمزیـدا لەوە پـتر بەدەسـتەوە نـادات، کـە پیـاوەتی وەهـا لەڕەمزیـیـەوە وەك زەهـر بـێ وەهایە بۆ ناو زارو گەرووی بێگەن .رێکوتنی بێ دەسـەلاتانەی لەگـەڵ ئەڵمانـەکان بۆ ئامانجی وەها گەش و پاك و گەورە پـاکتر بـوو لـە رێکـەوتنی نێـوان سـتالین و هیتلەر، چونکە ڕەمزی بـۆ تاکـە مەبەسـتی وەدەسـت هێنـانی مـافی میللەتەکـەی دەکۆشا، لەوەشدا رێی هەمووارتر نـەدەکرد بـۆ داگـیر کردنـی شـوێنی بـێ لایـەنی وەکوو هۆلەندەو بەلجیکاو دانیمارك. بـەر لـە رەمـزیش خـەڵکی دیکـە هـەبوون بـۆ ئومێدی رزگـاربوون لەدەسـەلاتی ئینگلیـزی و فەرەنـسای ئیمپڕیالیـست مـەیلیان چووبێت بۆهاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا . بەهەمە حاڵ میللەتان کە لەمەیدانی مافی نەتەوایەتی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانـەی بەرژەوەنـدی بێگـەردی خۆیـان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوێستیان ، ئینجا ئەگەر میللەتێك هەبێ عەیارەیەکی دیکە لە نرخاندندا بەکار بهێنێ،هەڵەی کوشـندە دەکـات ، خـۆ ئەگـەر میللـەتێکی دیکە وەتەنگ هات لە عەیارەی بەرژەوەندی راستینەو پـاکی ئـەو میللەتـە دیـارە هۆی وەتەنگ هاتنی دەچێتەوە بۆ چەوتی نادروسـتی عـەیارەی خـۆی .کـوردێکی دەستی کۆتابێ لە دراوسێیەکانی، بزەیی داگیرکەریشی بۆ نەبزوێ چۆن گلـەیی لێ دەکری هانا بباتە بەهەرچیەك بێ کە بۆرە ئومێدێکی پێ ببەخشێ بۆ رزگار بـوون لە زیللـەت و کـوێرەوەری ئـەو حکومەتانـەی ئەوسـا لـە خـەباتی یـەکێکی وەکـوو ڕەمزی دەترسان لەنێوان خۆیاندا ( **میثاق** سعداباد) یان بەسـتبوو کـە یـەکێك لـە ئامانج و بەرهەمەکانی سەرکوت کردنی خەباتی میللەتی کـورد بـوو . حـاجی قـادر

بەخۆرایی بەر لە سد ساڵ پتر ، نـەیگووت : **(( گـەر هـیچ نـەبێ بـە ئـۆین تـابیع بەدەوڵەتێ بن ))** .

لەو ساڵەی 1943 دا ئەگەر کورد ئـاوێکی ڕۆنـی شـك بردبایـە بـۆ نەتوانـەوەو حەسانەوە نەدەشیا ڕۆڵەی وەها بەناز پەروەردە کراوی ، خۆی لە باوەشی گـەرم و گـۆڕی دایـك و باوکـەوە هـەڵ دات بـۆ گالتـە بـەگیان کـردن ، بـۆ ڕێـی هاتێـك و دەجاران نەهات .ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم ، ڕەمزی یەکەم کـورد بـووە بـۆ کوردایـەتی ، یـان بـۆ هـەر نیـازو تـەماو مکەبەسـتێك بـێ ، بەپێلیـژەی هـەوادا ، لەشەوی تاریك ، سەرەوژێر بوبێتەوە بۆمەجهولێکی پـڕ لەترسـی سـەکەت بـوون و ملّ شکان و مەرگ . بنەماڵەی ڕەمزی کە ئێستا لەهەولێر بە ( حاجی ڕەشید ئاغا) هەڵدەدرێتـەوە، لەسـەرتاوە تـا دوایـی ناحـەزی ئینگلیزەکـان بـوون . جگـە لـەم هەستەکۆنەی دژایەتی ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئینگلیز ، تەجرەبـەی خۆیـان و تێکـڕای کوردیش لەگەڵ سیاسەتی عێراقی ئەوساوە بەرانبەر کورد کە پێوەندی بە ئارەزوو بە بەرژەوەندی ئینگلیزەوە هەبوو بە ناچاری گەنجی وەکوو ( ڕەمزی) دەبـردەوە بـۆ لای دڕدۆنگـی لـەو سیاسـەتە. لـەم ڕووەوە چ سـەیرو سـەمەرە لـەوە دانیـە گەنجێکی ئەوسـای کـورد ڕێگایـەکی خـەبات بگرێتـە بـەر پـشت لـەئینگلیز بێـت ، تەنانەت پیاوێکی مەلای سەر بەماڵی وەکوو باوك و پاتەو پات گوتبووی.

**( سووری موزەردی چاو شین نەکەی بەئومێـدی بـی )** بـەلێ لـەوەدا سـەیر هاتنەوەپەیدانییە ، بەڵام سەیر لەوەدایە یەکێکی وەکوو ڕەمزی زیـاد لـەو هـەموو خەڵك و خوایە خۆ بەملّ شەپۆلێکدا بدات ئەوەندەی لەمەرگ نزیك بکاتەوە، ئەگەر ئـاگری کوردایـەتی مێـشکۆلەی نـاو ئێـسکەکانی نەسـوتاندبایە، ئـەو گـوڕەی پـێ نەدەبەست کە یەکـەم هـەنگاوی بـە (مـل لـە چـەقۆ) خـشاندن دەسـت پێبکـات ، چونکە بەراستی خۆهەلدان بەچەتر لە تاریکایی شەودا مل لەچەقۆ نەخشاندنە، تۆ لەوە بگەڕێ ئایا هیچ جۆرە سەلامەتی لەبەرەنگار بوونی ئامانجی وەهـا سـەخت و دوورەی دەست بەدلاندا دێت یان نا ، هەر لەوە تێ بفکرە ئایا چەند کەسی تێـرو تەسەڵ ئامادە بوو لەجیاتی ڕەمزی بەو فرۆکە لەقریمەوە بەشەو روو لەبتوێن وەیا

( ورمێ ) بکات و لـەوێ بەپەرەشـووت خـۆی فـڕی بـدات بـۆ ئـەوەی بەسـەلامەتی گەیشتە سەر زەوی بیکەن بە وەزیر ؟ لەوەدا مل شـکان و کـوژران و تێـدا چـوونم کرده خاترانەی ئەو کەسانەی فکر دەگێڕن بەدوا بەهانەیـەکی لـەڕەمزی بـەداوێوه بکرێ .

لەلایەن درەختی خانەوادەیەوە ، ڕەمزی کوری نافیع ئاغـای حـاجی ڕەشـید ئاغــای یــەحیا ئاغــای عەبــدولوەهاب ئاغــای ئەحمــەد ئاغــای حارســاغەیە ، لەعەشیرەتی مەموندی لە ناوچـەی مەموونـدی بنـاری چـیای سـپیلك نزیکـی دێـی سیساوا، بەسەر رێـی نێـوان شـەقلاوەو رەوانـدزەوە لەسـەردەمی حارسـئاغا یـان کەباوکی ئەو کەناوی بۆم روون نەکرایەوە ، بنەماڵەکە دەگوێزێتـەوە بـۆ هـەولێر و دەبن بەخاوەن موڵك وماڵ و دیوەخانە هەروەك لەشوێنی خۆیانـدا خـاوەن موڵکـو دیوەخانەبوون، ڕەمزی لەلای دایکەوە دەچێتەوە بۆ میرەکانی شەقڵاوە ، کەوەك بزانم ، خوارزای میرانی قادر بەگ و نـەوەی میرانـی موسـتەفا بـەگ بـووە .بەمـەدا دیارە ڕەمزی بەڕیشەوە دەمار لەجەرگەی کوردەوارییەوە سـەری هەڵـداوە ، وەك بشزانم ڕەمزی هەرچەند ، بەئیستلاع ، لەنازو نیعمەتدا پـەروەردەی هـەولێر بـوو ، لەلایەن رەوشت و تەبیات و رەفتارەوە دەماری گیانی عەشرەت و دەشت و دەری بەهێزتر بووە .

خوێنەری کوردی بەڕێز !

چی لەم ڕووپـەڕانەدا هاتە بەر نیگات بای ئەوەبوو قـەرزی ئـەدەبی سەرشـانم پــێ بدەمــەوە بــەکوردو مێــژوو. نەخــشە کێــشانی ئــەو ژیانــە کورتــە ناکامــە جوانەمەرگانــەی ڕەمــزی و دۆزینــەوەی هەســتە قولــەکانی باســی ســەر جوملــەی کۆشــان و لــەخۆ بــردن و رەفتــارو کــرداری کارێکــە دەبــێ لــەدەمی وەرگێڕانــی کتێبەکەی مولەر بۆ سەر زمـانی کـوردی ئـەنجام بـدرێ . لـەم هەلوەسـتەمدا هـەر ئەوەندەم بۆ دەمینێتەوە بڵێم :

ڕەمزی، رۆڵەی بەشەرەفی کورد و هەولێر . نامەوێ لـەبیرو وەرەتـی دا فیـزو ناز بەقەلەمەکـەم لێبـدەم و بلـێم ، پـێ ی نـاوێ بـۆ شـەهیدان شـیوەن و گـرین..

بەهەموو ماناوە شاگوڵێك بوویت لە باغی کوردایەتیدا، بەر لەپشکوتن هەڵوەریت ... ئاواتێك بەناکامی لەکیس نیشتمانت چووی . بزەیەك بوویت ، لە شەبەقی بەیانیدا بەر لەخۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشك بوویتەوە وای لەرەنجی بەفێرو رۆیشتووت ...وای لەزیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بەکوژانەوەت . وای لەبێ رەحمی رۆژگار بەتەنینەوەی فەرامۆشی لەدەوری پرشنگی ناو خەباتت . بڵێم حەسامەوە بە رزگار بوون لە شەرمەزاری بەرانبەر یادت، جارێ ماومە بۆ خۆم و لەجیاتی میلەتیشت بەرباری قەرزت بن . هەزاران هەزار فرمێسکە بەکوڵ بۆ سەرخاکی قەبرە پیرۆزەکەت ، نازداری کوردو هەولێر ڕەمزی گیان ! !

**روونکردنەوەیەك :** لە ساڵێك زیاترە بەهەویا بووم بۆ یادکردنەوەی ڕەمزی دووانێك لەگەڵ مامۆستا ، د . ئاوڕەحمان عەبدوڵڵادا بکەم بۆ تۆمار کردنی ئەو هێندەی ئاگاداریانەی کە لەبارەی چەند و چۆنی بەسەرهاتەکەی ڕەمزی پێی گەیشتووە. لەو ساڵەی 1943 ، د . ئاوڕەحمان (**ضابط احتیاط**)بووە لە (حامیە)ی هەولێر. رووداوی دەسگیر بوون و حەبس کردنی ڕەمزی و ئەڵمانەکانی لەبەر پرسیاری و پۆلیسی هەولێر بەدرێژی بیستبوو ، زۆر شایەدی بایەخداریشی دەماو دەم پێگەیشتی بوو لە ئەڵمانەکەوە دەربارەی پلەی کوردایەتی و مەردایەتی ڕەمزی . داخم ناچێ لەماوەی ساڵێکدا رێك نەکەوت ئەو دوانە لەگەڵ شایەدی وەها چاو ساغ و راست گۆدا بکەم، سەبەبیش دەچێتەوە بۆ گەرانی بێسوودم بەدوا ئەڵمانی زانێکی ئەو تۆ رونکردنەوەی تەواوی کتێبەکەی مولەری لێ نەبێتە بارگرانی، یان فەرمانێکی رەزاگران، تکای کوردانەم لە دۆستی بەرێزم د. ئاوڕەحمان ئەوەیە چی دەیزانێ یان چی بەبیردادێتەوە لە بەسەرهاتی ڕەمزی بەنووسین بیپارێزێت ، ئاخیربە ساڵدا چوونیش دەماری فەرامۆش کردن لەمرۆڤ دا ئەستورتر دەکات . وا لێرەشدا بەنیازی هاندان ئەوشایەدییەی لێ دەدەم تاکو ئەمانەتەکە پشتگۆیی نەخات و لە فەوتانی چەپارە بدات .

***ئەم وتارە لە گۆڤاری کاروان، ژمارە(33)ی مانگی(6)ی، ساڵی1985 لە لاپەرە(5–11)بڵاوکراوەتەوە.**



ڕەمزی نافیع

# دیسانەوە و، هەمیشە نیازی پاك
# هەر ڕێی ڕاست بگرێ

## محەمەدی مەلا کەریم *

دوا بە دوای وتارەکەی مامۆستا مەسعوود موحەممەد( کاروانی ژمارە 33) لەمەڕ کارەساتی ناخۆشی ژیانی سیاسی ڕەمزی نافیع و وتارەکەی من (هاوکاریی ژمار 805) لە مەڕ هەندێ بیروباوەری سیاسی مامۆستامەسعوود موحەمەد کە لە وتارە باسکراوەکەیا دەری بڕیبوون، مامۆستای بەڕێزم (عزالدین فیضی)یش وتارێکی لە کاروانی ژمارە 38دا بڵاوکردەوە هەندێ برگەی وای تیابوو بە پێویستم زانی بەسەریانا نەڕۆم و لێیان بکۆڵمەوە.

پێشەکی ئەبێ بڵێم زۆر پێ خۆشحاڵم بەوەی ئەو وتارەی مامۆستا مەسعوود محەمەد باس و خواسێکی سیاسی وای هێنایە ئاراوە زۆر کەس خۆیان بە ناچار بزانن بکەونە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی . ئەوەندەی تا ئێستا بڵاوکرابێتەوە جگە لە وتارەکەی مامۆستا مەسعوودو وتارەکەی من ، سێ وتاری تر لەم بابەتەوە بڵاوکراوەتەوە..وەك زانیوشمە گۆڤاری کوردیەکانمان چەند وتاری تریشیان لایە، ئومێدم وایە دەرفەتی بڵاوکردنەوەیانیان ببێ و بڵاویان بکەنەوە ، چونکە بابەتی وا بۆ ژیانی سیاسیمان شتێکی هێجگار بەکەڵکە و، ئەتوانێ بۆ هەر هەنگاو هەڵهێنانەوەی ئێستا و لەمەولای گەلی کوردمان ڕێ پیشاندەرێکی شایان و لێ هاتوو بێ. هەروەها بابەتەکە لە گەلێ کۆڕ و کۆمەڵێ دانیشتنی ڕۆشنبیرانن و ئاگادارانیشا زۆری لێکۆڵێراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش من خۆم دوو نامەم لە هەندەرانەوە بۆ هاتووە، یەکێك لە سوێدەوە لە برادەرێکی ئاگاداری بابەتەکەو ، یەکێکیش لە ئەڵمانیای فیدراڵەوە لە برادەرێکی کەوە کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم وتارانەوە کتێبە ئەڵمانیەکەی پەیدا کردووە و خوێندوویەتیەوە و ، لەوەوە بە

جۆرێکی تر لە مەسەلەکە گەیشتووە . بۆیە لێرەدا هیوای خۆم بۆ ئەم برادەرە دەرئەبڕم کە ئەگەر دەرفەتی ببێ کتێبی ناوبراو بان هیچ نەبێ یا ئەو بەشەی پەیوەندی بەم مەسەلەیە هەیە بکا بە کوردی یان بە عەرەبی و، هەر بەم بۆنەیەشەوە جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە خۆزگە چ ئەو برادەرەو برادەرانی تری دووره ولّات کە شارەزایی یەکی باشیان لە یەکێ لە زمانە بێگانەکان پەیداکردووە ، هەریەکەیان لە ئاستی خۆیەوە سالّی کتێبێکە سەبارەت بە کوردی، بێگانامان بۆ وەرگێرنە سەر کوردی یان یەکێ لە زمانانەی هەر هیچ نەبێ بەشێکی گەلی کوردیان پێ ئاشنان.جا با بچینەوە سەر ئەسلّی بابەت:

مامۆستا عزالدین ئەلّێ: "کاك مەحەمەدی مەلا کەریم وای بۆچووە کە ڕەمزی بە تەنیایی ئەم پەیمانە لەگەلّ حکومەتی ئەلّمانیادا بەستووە کەچی ناچێتە هیچ عەقلّێك کە کاك ڕەمزی بە تەنیایی و سەربە خۆ ئەم کارەی کردبێ، بێ ئەوەی کەسانی تر لەگەلّ بێ و هانیان دابێ و پالّیان پێوە نابێ..."

کەواتە مامۆستا عزالدین دلّنیایە ڕەمزی نافیع بە تەنها خۆی ئەم کارەی نەکردووەو کۆمەلّێکی لەگەلّ بووە ، واتە کۆمەلّێکی ڕێك و پێك( یا بە واتایەکی تر حیزبێکی سیاسی ) لە کوردستانا بووە هاوکاری لەگەلّ ئەلّمان کردووە بۆ سوودی ئەوان جولّاوەتەوە ، یا ئەو پەڕەکەی بلّێین بەلّێنی هێنانەدی ئاواتەکانی کوردی لێ وەرگرتوون و بەرانبەر بەو بەلّێنە ( کە هیچ نەبێ نەبووە بە بەیانبێکی ڕەسمی و نە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنا بە جیهان ڕاگەیەنراوە) ئەم پێشەکی دەستی لەگەلّ خەفیەکانی ئەو تێکەلّ کردووە کەوتووەتە کار.بێگومان من نالّێم شتی وامومکین نییە ڕووی دابێ و ، لام وانیە هەرگیز کوردستان کۆمەلّێکی وای تیابووبێ، یا هەر ( فی سبیل اللە) سەر بەناوی بوبێ یا لەپێناوی کوردایەتیدا دەستی لەکەلچ تێکەلّ کردبێ ، چونکە هەر چۆنێ بێ کوردستانی ئەو سەردەمە ، وەك کۆمەلّێکی پاشکەوتووی گرفتاری ڕژێمی ئیمپریالیزم و دەرەبەگی ، زیاتر لە ئێستا کەسانی وای تیا بووە ئامادەبن بە پاشخوانەیەکی سەر سفرەی هەر ئیمپریالیزمێك ببن بە نۆکەری ، هەروەك نەتەوەپەرس تو نیشتمان پەروەری

ساویلکەی لەسیاسەت نەگەیشتووی واشـیتیا بـووە لای وابـێ هـەر مەرحەبایـەك و دوو قسەی دوو بەڵێنی بۆشی ئیمپریالیزم مافـب دیـاریکردنی چارەنووسـی گـەل و وڵاتەکەی بۆ دابین ئەکا، کەواتە پێویستە ئەمیش پیاوەتی لەبەرچاو بێ و ئەو چی لێ ئەوێ بۆی بکا، کە مەسەلەکەش بڕایەوەو ئەو بـە مـرازی خـۆی گەیـشت ، ئـەم خۆی و گەلی ( دەس لـە گونـان بـەتاڵتر) بکەونـە سـەر سـاجی عـەلی و مـوفلیس و ڕووت و ڕەجاڵ بمێننەوە.

بەڵام بە هیچ کلۆجێ لە مەسلەحەتی هەڵسەنگاندنی ڕەمـزی نـافیعی جوانـە مـەرگ نییـە ئەنـدامی کۆمـەڵێکی وا بـوو بـێ کەسـانی تـری لەگەڵبووبێپێکـەوە لەگەڵنازی رێککـەوتبن ، چـونکە ئەمـە بـەلای نیـازی پاکـدا ناشـکێتەوە . ڕەمـزی ئەگەر کەسی تری لەگەڵ بووبێ ،بێگومان ئـەبێ پـێش رێککـەوتنیان لەگـەڵ نـازی چەند جار ئەم دیو و ئـەو دیـوی مەسـەلەکەیان هەڵدابێتـەوە و لێـی کۆلیبنـەوە و ئەوەیان هێنابێتەوە بەرچاو کە ئەڵمانیا چی ئەکرد و بە تـەمای چـی بـوو و چۆن ئەوەی تڵپی تەڕی پێشکەتنخوازی تیابووبێ لەجیهانی ئەو سەردەمەدا دژی نـازی و فاشی بووە و لەڕووی ئەو جەنگە تاوانبارانەدا تێکۆشاوە کە ئـەڵمانیا نابوویـەوە و جیهانی تێوە گلاند بوو .جا ئەگەر وەك وتم وا لە مەسەلەکە وردبووبنەوە و هـیچ گوێیان بە تاوانـە جیهانییـەکانی ئـەڵمانیا نـەدابێ و بێڕەچـاوکردنی سیاسـەتی ئەڵمانیا هاوکاریان لەگەڵ کردبێ، دیارە ئەبێ کەسانێکی وا بووبن هیچ گوێیان بە مەسەلەی شەڕ و ئاشتی و ئازادی گەلان و داگیرکردنی جیهان نەدابێ ، کـە ئەمـە یا نیشانەی خۆفرۆشـتنە یـا ئەگـەر وایـش نـەڵێین لای کـەمی نیـشانەی نـەفامی و سادەلەوحی یە ئەگەر بەتەمای شتێ بووبن لـە ئـەڵمانیاوە بـۆ کـورد، چـونکە ئـەو ـواتا ئەڵمانیا_ کە هەڵوێستی بەرانبەر هـەموو جیهـان ئـەوەبووبێ کـە دیوویانـە، ئەبوو هەڵوێستی بەرانبەر کورد چی بی! و ، چۆن چۆن بە هیوا بوون ئازادییان بۆ بخاتە سەر سینیەکی زێرین و پێشکەشیان بکا؟! خۆ ئەگەر بـە تـەمای هیـچیش نەبووبن و هەر لـە (پیـاوەتی)ی خۆیـان خزمـەتیان کردبـێ، ئـەوە دیـارە لـە هـیچ خۆیان کردووە بە فیدایی و کەوڵ سووری بەر لە شکری ئەڵمانیا.

خۆ ئەگەر لێکیشیان نەدابێتەوە و هەروا بەسەرەڕۆیی ملیان پێوە نابێئەویش هەر بە لقێکی ئیحتیماڵەکەی  پێشوو ئەکەویّ کە نەفامی و تیّ نەگەیشتنەو، بە هیچ جۆریّ لە فەرهەنگی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا جیّ نابێتەوە.

من کەوا باسی ڕێکەوتنەکەی ڕەمزیم لەگەڵ ئەڵمان کردووە، کە" پەیمانێکی ناهاوسەنگی نێوان تاقە لاوێکی کوردی دڵسۆزو ئەڵمانیای خوێنڕێژو شەڕ فرۆش و ئەوروپا داگیرکەرو کاول کەر" بووە، لە چوارچێوەی ئەوەدا وام وتووە کە بەڵگەیەك بە دەستەوە نەبووە وا بگەینیّ کارەکە کاری کۆمەڵێکی ڕێکوپێك بوویّ و ، بەبیّ بەڵگەش قسە ڕەوا نییە، لەلایەکی کەشەوە مەبەستم بووە تا پێم بکریّ نەهێڵمنیشتمانپەروەری و نەتەوە پەرستیی ڕەمزی نافیع لەکەدار بیّ، چونکە وەك پێشتر ووتم ئەگەر کارەکە کاری کۆمەڵێك بوویّ، مەسەلەکە زۆری لیّ ئەگۆڕیّ . بەڵام مامۆستا عزالدین، بەداخەوە ، کە وویستویە ئەوەندە زیاتر بە باڵای ڕەمزی ببڕیّ کەمن بە باڵام بڕیبوو ، ئەو ئیحتماڵی خاوێنی و بیّ گەردی یەیشی لیّ سەندەوە !

ئەویش بڵێن کە مادەم کە تائێستا لە کتێب گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە بیری ئەوانەدا لەو سەردەمەدا بەسیاسەتەوە خەریك بوون لە هەولێر ، هیچ شتیّ دەرنەکەوتووە نیشانەی هاوکاری کردنی تاقمێکی ڕێکوپێکی سیاسیی کوردبیّ لەگەڵ نازی، هەر ئەوە ئەمێنێتەوە ئەگەر کۆمەڵێك بوویّ بە کاروباری واوە خەریك بوویّ ، تەنها کۆمەڵێك بوویّ بۆ پارەو پوول و دەسکەوتی دنیا هەڵسورابیّ . وەك وتوشمە من هەر لە سەرەتاوە ڕێگای ئەوەم گرتووەتەبەر کاری ڕەمزی ناقیع لە دەرەوەی ئەوم ڕێبازەوە لێك بدەمەوە و هەمیشە ئەوەم لەبەر چاو بووە لاوێکی سەر بە نەتەوەیەکی چەوساوە  لە پێناوی دەسخستنی ماف نەتەوەکەیا خۆی بی هەزار دارو بوردا ئەداو هەزار ڕێگای ڕاست و چەوت ئەگرێتە بەر.

کە لەمەبووینەوە ، ئەبیّ لەولاوە ئەوپرسیارە بکەین کە مامۆستا عزالدین پشت بە چ بەڵگەیەك ئەڵیّ :" ناچێتە هیچ عەقڵێکەوە کە ڕەمزی بەتەنیا و

سەربەخۆ ئەو کارەی کردبێ " چونکە لە عەقڵ و مەنتیقدا هیچ زەرورەتێکی وا نی یەو زۆر باش ڕێی تێ ئەچێ کارەکە تەنها بۆچوونی خۆی بووبێ ، وەك ڕوونیشم کردەوە هەر ئەوەش لە مەسەڵەحەتی ڕەمزیە بۆ بڕیاردان بەسەر هەڵوێست و بیروباوەر، هەچەندە ئەشگونجێ کەسێکی لەگەڵ بووبێ، بەڵام ئەمە تا بەبەڵگە ئیسپات نەکرێ نابێ بە ماڵ.

لەلایەکی کەوە ، مامۆستا عزالدین چ پێش ئەو برگەیەی من لەو وتارەدا گێرامەوەو چ پاش ئەو بڕگەیەش بە درێژی و بەبەڵگەوە باسی ئەندامیەتیی ڕەمزی ئەکا لە پارتی هیوادا. جا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە لە خۆیەوە ئەکێشێتەوە بۆ ئەوەی کە بڵێین کە پارتی هیوا پاڵی بە ڕەمزییەوە ناوە ئەم کارە بکا . من خۆم نامەوێ ئەوە بڵێم ، بەڵام ناشتوانم مەعنای قسەکانی مامۆستا عزالدین وا لێ نەدەمەوە. کەچی پارتی هیوا وەك پارتیەکی نەتەوەپەرستی کورد کە وەچەیەکی بەرفراوانی لە تێکۆشەران بۆبزوتنەوەی سیاسی کورد پێگەیاند و زۆر لە ئەندامەکانی لەوە پاش چوونە ریزی پێشەوەی پارتیە پێشکەوتخوازەکانی کوردەوە کە پاش بڕانەوەی جەنگی دووەم دامەزران و سەرۆکەکەیشی بە هەموو شکۆو سەربەرزیەکی نیشتمانی یەوە ژیانی خۆی تا دوای بەسەر برد. ئا ئەم پارتیە ئەگەر لەلایەن هەندێ کەسەوە تۆمەتێکی پێوەند بە بێگانەوە درابێتە پاڵ ، یا وردتر بڵێین درابێتە پاڵ لە هەندێ ئەندامان و بەرپرسانی، بەهیچ تۆمەتی نازی یەتی نەبووە ، تۆمەتی پێوەند بە ئینگلیزەوە بووە کە بەش بە حاڵی من ئەگەر ڕاستیش بێ لام سەیر نی یە ، چونکە لەو سەردەمەدا نیشتمانپەروەر وا زۆر بوون کە لایان وابووە پشت بێ پشت بەستن بە بێگانە کار مەیسەر نابێ لە هێزی جەماوەرو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی گەل نەگەیشتبوون نەئەچووە مێشکیانەوە.مامۆستا عزالدین فیچی لە وەڵامی ناڕەزایی دەربڕینی منا لە هاوکاری کردنی ڕەمزی ( یا هەرکەسی تر) لەگەڵ ئەڵمانە نازی یەکان، وەك بڵێی پاساوی ئەو هاوکاری‌یە بدات، گەڕاوەتەوە بۆ سەر باری دەروونی جەماوەر کەلەبەر ڕقی زۆرو خەستیان لە ئینگلیز ئەڵمانیان خۆش ویستووە . من وەنەبێ ئەم ڕاست یە نەزانم و لەم

بەڵگەیە نەگەم و تۆزێ پێشتریش وتم بەڵامەوە سەیر نیە بەشێ لە نیشتمانپەروەران لە وڵاتانی پاشکەوتوودا وابزانن هاتنەدیی ئاواتی نەتەوەی لە ڕێگای دەوڵەتێکی گەورەوە نەبێ نابێ، بەڵام میزاجی جەماوەر هەر لەبەر ئەوەی میزاجی جەماوەر نابێ بەراست و ، ڕۆشنبیری وریا هەڵوێستی هەڵەی جەماوەر ناکا بەبەڵگەی ڕاستی ئەو هەڵوێستە. گەڵانی جیهان هەزاران ساڵ شوێنی هەڵە کەوتوون و بەگوێرەی بیروباوەری هەڵ جووڵاونەتەوەو ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر لە گەلێ شوێنی جیهانا بیری چەوت و هەڵە جەماوەر ئەبا بەرێوەو ناهێڵێ لە سوودی ڕاستەقینەی خۆیان بگەن.بەڵام ئەوانەی ئەرکی تێکۆشان بۆ دەست خستنی مافی گەل ئەگرنە ئەستۆ ، ئەبێ لەم پلەیە باڵاتر بن و دۆست و دوژمنی ڕاستەقینە بناسن و بە گوێرەی ئەو لێکدانەوەیە هەڵسورێن.جەماوەری کوردستانی عێراق لەو سەردەمەدا کە ئێستا باسی لێ ئەکەین ، تێکرا دژی ئینگلیز بووە ، بەشێکی لەبەر ئایین و بەشێکی بە هۆی هۆشیاریی سیاسیەوەو هەوویشی سەرچاوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ بەیەگ نەکەوتنی مەسڵەحەتی گەل و ئیمپریالیزم. ئەم دژایەتتی یە ڕاست و بە جێ بووە ، بەڵام بەشێکی زۆریش لە جەماوەر لە داخی ئینگلیز دۆستی ئەڵمان بووە و حەزی بەسەرکەوتنی کردووە . لەوانەیە کەسانێکیش لە سنووری حەزو خۆشویستن دەرچووبن و لە دژ ئینگلیز هاوکارییان لەگەڵ ئەڵمان کردبێ، بەڵام ئێمە هۆشیار نابێ هەر لەبەرئەوەی ڕقەکەی جەماوەر لە ئینگلیز ڕاست و بەجێ بووە ، ئەڵمان خوش ویستنەکەشیان بە ڕاست و بەجێ بزانین. لە سیاسەتیشدا هەروەك لەهەر مامەڵەیەکی ئابووریدا هەر حیسابی سوودو زیان لێك ئەدرێتەوە. بە گوێرەیئەم لێکدانەوەیە و بۆ ئەو ڕۆژە وەستان لەو بەرەیەدا کە ئینگلیزی تی وەستاوە، سوودی چ نیشتمان و چ مرۆڤایەتیی تیا بووە نەك لە لەبەری ئەڵمان وەستان، چونکە هەر چۆن بوبێ ئینگلیز ئیمپریالیزم بووەکە بەرزترین پلەی سەرمایەداری یە ، بەڵام ئەڵمانە فاشی بووە کە فاشیزم دڕندەترین پلەی ئیمپریالیزمە. من گلەیم لە ڕەمزی نەکردووە کە ڕقی لە ئینگلیز بوەوە نەموتوە ئینگلیز خۆی بە دیموکراتی دائەنا ئیمپریالیست و

ولاَتان داگیر کەرو گەلان دیلکەر نەبو، چەنکە دیارە  نەویستنی ئیمپریالیزمی ئینگلیز نیشتمانپەروەریەیە . من بەوە ناقایلم کە ئینگلیزت نەویَ ، بتەویَ ئەلَمان بێنیتە جێی، لە کاتێکا ئەلَمان گەلیَ لە ئینگلیز پڕ مەترسی تر بووە .

هەر لەم مەودای باسکردنی ڕقی جەماوەردا لە ئینگلیز مامۆستا عزالدین بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەر خۆی ئەگێڕێتەوە کە جەماوەر لە هەولێر چەپڵەیان بۆ سەربازی ئەلَمان لێداو لە خۆشیان دەستیان کرد بە سەڵەوات لێدان، دەشلَیَ" هەرچەندە دەشیانزانی ڕژێمی ئەلَمانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری و ئیمپریالیزمیە". بەلاَم نەخێر جەماوەری ئەو سەردەمەی عێراقی ئیمپریالیزمی بە ئینگلیزی داگیرکەرا ناسیوەو، هیچ وشاری یەکی_وەك جەماوەر_ لە بارەی ئەلَمانیاو نازیەت و دیکتاتۆریەتەوە نەبوە، ئەگەر هەبیوایە ئەوەندە نەفام نەئەبوو حەز بکا ئینگلیز لاچیَ ئەو ئەلَمان بێتە جیَ ، هەولَی ئەدا خۆی کاروباری خۆی بیَ و نە ئینگلیزو ئەلَمانی بەسەرەوە نەبیَ جەماوەر تەنها لە ڕێگەی رادەیەکی هەست کردنی بە برسیەتی و نەخۆشی و کلَۆلَی خۆیەوە گەیشتبوە ئەوە کەڕقی لە ئینگلیز بیَ چونکە ئەیزانی حوکمی لە دەست ئەودایە ، کەواتە ئەو بەرپرسی بەدبەختیەتی . هەر لەم ڕێگایەشەوەو وەك ئەلَێن "دوژمنی دوژمنم دوستمە" کە ئەیبست ڕقی ئەلَمان ڕقی لە ئینگلیزە ئەلَمانی خۆش ئەویست.  ئیتر خۆی هیچ چاکە و خراپەیەکی ئەلَمانی نەدەزانی . پڕۆپاگەندەی کریَ گرتەکانی نازیش لەولاوە بوەستیَ کە بە شان و بالَی ئەلَمانیایی هەلَ ئەدا و جۆرەها درۆی شاخداریان بۆ هەلَئەبەست بۆ خۆشویست کردنی .

مامۆستا عزالدین هەلی ئەم وتارەی بە دەرفەتێکی لەبار زانیوە بۆ لێدوانی مەسەلەی کۆماری مەهاباد و تاوانبارکردنی ئەوانەی ئەو بە بەرپرسی لەناوچوونی ئەو کۆمارەیان ئەزانی .بەڕاستی من هیچ پێخۆشحال نەبووم بەوە کە مامۆستا ئەم مەسەلەیەی هێنایە ئاراوە کە لە دوور و نزیکەوە پێوەندی بە بابەتی کێشەی سەرجەمی وتارەکانەوە نییە . هێنانە ناوی ئەم باسە وەك بلَێی هەر بۆ ئەوە بیَ خالَێی وام لە سەر بدۆزێتەوە پێی (ببەزێم )و (بدرێم بە زەویدا ) .

بەڵام من خۆم و مامۆستا عزالدین هەرگیز لە دوو بەرەی بەرانبەر یەکا دانانێم و لاشم وایە ئەم لە سەر هەڵدانەی مامۆستا بۆ رەمززی نافیع زیاتر بە نیازی نیشاندانی وەفا بووە بەرانبەر دۆستێکی کۆن تا ئەوەی ئیەوەی داکۆکی کردن بێ لە هەڵوێستێك ، هەرچەند من خوا نەخاستە شتێکی وام بەرانبەر بە ڕەمزی نافیعی بە بۆچوونی خۆم نیشتمان پەروەری نەتەوەپەرستی دڵسۆزی جوانە مەرگ ، نەوتوە پێویست بکا دۆستانی کۆن و نوێی لە سەری هەڵدەنێ و لە سەری بکەنەوە .

هەروا پێم خۆش نەبوو ئەم بابەتە بە تایبەتی بێنێتە ئاراوە ، چونکە زۆر چاك ئەزانێ ئەمڕۆ من مەودای ئەوەم لە ڕوودا بەرەڵڵا نییە، ئەم مەسەلەیە وەك لێی تێگەیشتووم شیبکەمەوە و هەموو رووپەکی یەکالا بکەمەوە و ئیسپاتی بکەم ئاخۆ راستە ئەو لایە بەرپرسە لە سەرەنجامی تراژیدیایی ئەو کۆمارە کۆرپەیەی کورد ؟ ئەگەر ماین و بارێکی لە بارترم بۆ رەخسا ، ئەو کاتە گەڕانەوەیەکمان دەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە و گەلێ مەسەلەی تر کە لە ئەنجامی چاوڕاوی کۆنەپەرستان و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا دڵ و دەروونی گەلێ کەسی دڵسۆز و خاوێن و نیشتمان پەروەر لە ئاست دۆستێکی هەمیشەیی گەلەکەمان کرمێ کراوە.

مامۆستا عزالدین لە برگەیەکی ترا بەرپەرچی بۆچوونەکانم بەوە ئەداتەوە و هاوکاری کردنی ڕەمزی لەگەڵ نازی بەوە پاساو ئەدا ، کە من خۆم وتومە سۆڤیەت پەیمانێکی دەست درێژی نەکردنە سەریەکی لەگەڵ ئەڵمان مۆرکرد و ئەڵێ: بۆچی ئەوەی بۆ سۆڤیەت ڕەوایە بۆ ڕەمزی نافیع ڕەوا نییە ؟ منیش ئەڵێم : لەبەر هۆیەکی زۆر سادە و ئاشکرا ، کە ئەوەیە مەبەستی سۆڤیەت ئەوە بوو بە بەستنی ئەو پەیمانە ڕێگا لە ئەڵمان بگرێ کە هێرشی بێنێتە سەر و وڵاتەکەی داگیر بکا ، تا خۆی کۆکاتەوە و ئامادەی دوارۆژ بێ ئەگەر شتێکی ناخۆش رووی داو، ئەگەر ئەو پەیمانە بگەیشتایەتە ئەنجام کە نە زیانی تیایە بۆ کەس و نە دەستدرێژی کردن بۆ سەر خاکی کەس .بەڵام" پەیمانەکەی" ڕەمزی نافیع ئەگەر بگەیشتایەتە ئەنجام و ئەڵمان بە یارمەتیی شۆڕشێکی کورد دەسی بگەیشتایەتە

کوردستان و هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران، ئەم وڵاتانە ئەکەوتنە ژێر چنگی نازی و لەوانەبوو مێژووی جیهان و بارو دۆخی جەنگ بۆ ماوەیەکی درێژ بەلایەکی تـرا بکەوتایەو درندەترین ئیمپریالیزم بۆ چەند ساڵێك بوایە بە خاوەنی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست. . لام وایە ئەمەیش بەسە بۆ بەڕەوانەزانینی دەست تێکەڵ کردنی هەرکەس لەگەڵ نازی لە ژێر هەر پەردەو دروشمێکا بێ.

لێرەدا قسەیەك دێتە پێشەوەو جێگەیەتی بیلێم. ئەویش ئەوەیە سۆڤیەت بەو هەموو هێزەیەوە کە سەرەنجامیش هەر ئەوبوو بە پشت شکێنی ڕاستەقینەی نازی ، نەیتوانی ئەوە بۆ خۆی مسۆگەر بکا کە ئەڵمانیا هێرش نەباتە سەری، لەگەڵ ئەویشدا کە پەیمانی دەسدرێژی نەکردنە سەریەکیان لە نێوانا هەبوو هێشتا ماوەی ماوەی پەیمانەکە نەبڕابوەوە ئەڵمان پەلاماری دا . جا ئەبوو ڕەمزی نافیعی کوردی بێ کەسی بێ دەچی لە ئەڵمان دەسگیر بووایە ئەگەر نەوتی کەرکوك و ڕێگای ئازووقە بۆ سۆڤیەت ناردنی ئەمەریکای بخستنایەتە ژێر دەست؟بێ گومان ئەنجامی لە ئەنجامی شەریفی مەککە شەریفتر نەئەبووکە شۆرشی دژی عوسمانیی بۆ سوودی ئینگلیز لە عەرەبستانا هەڵگیرساندو سەرەنجامە بە هەناسە ساردی لە قوبروس سەری نایەوەو بە هەزار هەوڵ و پەلاتیقە دوو گەز خاکی گۆری لە قودس پێ برا. لەگەڵ ئەم هەموو ڕەددو بە دڵ و بەڵگە هێنانەوەو بەڵگە بەرپەچدانەوەشدا بۆ ئاشکرایی ڕێگای دەمەتەقێ ئەبێ بڵێم ڕەوایی و ناڕەوایی هیچ کاری موتڵەق نییە و، ئەو مەسڵەحەتەی مرۆڤ داکۆکی لێ ئەکا بڕیاری ڕەوایی یا نارەوایی هەر هەڵوێستێك ئەدا . من لەو مەسەلەیەدا دژی هاوکاریم لەگەڵ نازی ، لەوەوە هەنگاو هەڵدێنمەوە کە سوودی خۆم لە سوودی بزووتنەوەی ئازادی بەخشی گەلان و ڕزگاری کردنی مرۆڤایەتی لە جەنگ و ئیمپریالیزمدا ئەبینم و . ئەوی بەڕەوای ئەزانم لەم ڕێگایەوە بەڕەوای ئەزانم و ئەوەی بەڕەوای نازانم لەم ڕێگایەوە بە ڕەوای نازانم . ئەوانیش کە هاوکاری لەگەڵ نازی بە ڕەوا ئەزانن، ئەگەر بیشلێنلەگەڵ بزووتنەوی ئازادی بەخشی گیلان وڕزگارکردنی مرۆڤایەتین لە جەنگ و ئیمپریالیزم.، بە رەزامەندیەکەیان لە

هاوکاری کردن لەگەڵ نازی، بێیانەوێ و نەیانەوێ، داکۆکی لە سوودی نازی ئەکەن. خۆ ئەگەر ئەویش نەڵێن ئەویش هەر هیچ!

دوا قسەم ئەوەیە ئەم هەویرەی ئەم چەند کەسە کەوتوینەتە شێلانی ، ئاو زۆر ئەکێشێ و لە هەرچی زیاتر پێویستی بە پێچ و پەنایی و بەر چاو ڕوونی یە . بۆیە تکام ئەوەیە هەرکەس ئەیەوێ تیا بنووسێ، بیروڕای خۆی بەتەواوی و پوختی ڕوونی دەربڕێ، تا جەماوەریش کەڵکێکی ڕاستەقینە لە دەمەتەقێکەمان وەرگرێ.

- ئەم وتارە لە گۆڤاری کاروان ،ژمارە(42)ی ئاداری 1986ی ساڵی چوارەم، لە لاپەڕە 68–74 بڵاوکراوەتەوە .



ڕەمزی نافیع

# ڕەمزی نافیع ڕەشید
# ئەو کوردەی ئاڵای کوردستانی داهێنا

## نووسینی : بەدران ئەحمەد حەبیب *

**( ڕەمزی گیان ، دۆستەکەم ، ئومێد بڕاوت ناکەم ، من پاداشتی دڵسۆزی بە دڵسۆزی دەدەمەوە. تۆ دەبێت بەفەرمانڕەوای کێوەکانی کوردستان . کەی کاتی هات چ بە بەڵێن و دیاری بێت چ بەزەبری کوتەك شێخە کوردەکان لە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی تۆدا یەکدەخەم . پێویستە کوردستان سەرفرازو خۆشگوزەران بێت . بەلای منەوە ، هیچ شتێك هێندەی ئەوەم کەیفشاد ناکات کە لەتەکتا بووەستم و بەهەرچی شتێکی لە وزەوە توانامدا بێت کۆمەك و پشتیوانیت بکەم . )**

**گۆتفرید یۆهانز موللەر**

**کتێبی ( لە ڕۆژهەلاتی گڕگرتودا)**

ڕەمزی ، لەگەڵ ئەڵمانەکاندا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە دەوڵەتێك بۆ کورد بە پشتیوانی ئەڵمانیاوە دابمەزرێنن و لە بەرانبەری ئەو پشتیوانیەشدا نەوتی کوردستان ـ لە کەرکوك و مووسڵ ـ بەشێوەیەکی کاتی بکەوێتە ژێر دەستی ئەڵمانیا کە ئەوکاتە بەهۆی کەمبوونی سووتەمەنی لەبەرەی شەڕی دژ بە ڕووسیادا پەکی کەوتبوو .

موللەری خاوەنی ئەم نەخشەیە ، لەکتێبەکەیدا کە (بەیادی ڕەمزییەوە )ی نووسیووە دەڵی:( ئێمە وەك داگیرکەر و چەوسێنەرەوە نەدەهاتین بگرە وەك دۆست و ڕێ نیشاندەر. لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو ئێمە دوای بە ئامانج

گەیشتنمان جارێکی تر دەرۆیشتینەوە، بـەڵام ناوبـانگ و پێوەنـدیی پتـەومان لـە دوای خۆمانەوە بەجێ دەهێشت.)

نیشتمانی کورد ، وڵاتێکی دابەش دابەشەو چووەتەوە سەر کۆمەڵێ وڵاتی تـر ، بۆیە بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری و رزگـارکردنی کوردسـتان لـە چنگی بێگانە دەبوو کورد پشت بەهێزێکی گەورە ببەستێ . ئینگلیز داگیرکەر بـوو نەدەکرا پشت بە داگیرکەر ببەسترێ . ئـەمریکا دوور بـوو . رووسـیای کۆمۆنیـست (هەروەکو موللەر دەڵێ) جێی متمانە نەبوو . هەروەهاش ناکرێ کورد چـاوەنۆڕی ئەوە بن یارمەتیان لە دراوسێیانی خۆیانەوە بۆبێت و دەسباریان لەگـەڵ بگـیرێ ، لەبەر ئەوەی ئەو دراوسێیانە چاویان لەنەوتی کوردستانەو حەزدەکەن گـەلی کـورد هەر دیل و پاشکەوتە بێ .

هەڵبـژاردنی ئـەڵمانیا - بـەدەر لـە هـەموو وڵاتـانی تـری ئـەوروپا - لەلایـەن کـوردەوە بـۆ ئـەوەی متمانـەی خۆیـانی بـدەنێ و لـەکاری سـەختی رزگـارکردنی نیشتمانەکەیاندا پشتی پـێ ببەسـتن - وەك موللـەر دەڵـێ - کـارێکی ژیرانـە بـوو . (ڕەمزی) ئەندامێکی کارامەی (هیوا) بـوو و وەك دەردەکـەوێ لەگـەڵ بـەهێزەکانی ئـەو پارتییـەدا سـەری پێوەنـدیی هـەبووە. لـە یادنامەیـەکی بەرباخـەڵی سـاڵی (1942)ی(ڕەمـزی)دا - واتـە ئەوکاتـەی لـە بێـرووت دەیخوێنـد ، نـاوو مانگانـەی پارتایەتیی کۆمەڵێ لە ئەندامانی (هیوا) هاتوونەتە نووسین . هەروەها (ڕەمزی) لە هـەمان ئـەو کاتـەی خوێنـدنی بێرووتـدا دۆسـتی نزیکـی (کامـەران بـەدرخان) و (نوورەدین زازا) و چەندین کوردی بەناوبانگی تر بووە . وێڕای ئەمانـەش (موللـەر) خۆی چەند ساڵێك پێش شەڕی دووەم چووەتە بەغداو لەوێدا دانیشتووەو , شێخی مەزن متمانەی پـێ کـردووە . لەگەڵیـدا دانیـشتووەو ،شـێخی مـەزن متمانـەی پـێ کـردووە . (بەهەمـەحاڵ) وەك مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد دەڵـێ (میللـەتان کـە لەمەیدانی مافی نەتەوایەتی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندی بێ گەردی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان . ) .

کردەوەی مامۆت ـ ئەو کردەوەیەی ڕەمزی و سێ هاوەڵە ئەڵمانەکەی بە پێ هاتن بۆ کوردستان ، جگە لەوەی کە هەر بەرێگاوە ئاوزینگی داو بە مردوویی لەدایك بوو ، هەروەها هەلێکی تریشی لە کیسی کورد چواند. موللەر لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات چۆن ئەگەر چەند کەسێك لە ئەڵمانیا ناپاکیان لە بەرانبەر کردەوەکەدا نەکردایە و بە ئینگلیزیان نەفرۆشتایەو ، ئەو نێردە نهێنیە لە شوێنی مەبەست بهاتنایەتە سەر زەوی ئەوا رێکەوتی راپەرینی (مەلا مستەفا بارزان)یان دەکرد ئەو راپەرینە هەمان ئەو شتە بوو کە ئەڵمانیا دەیویست رووبداو ، دەسبەجێ لەژێر رابەرایەتی موللەر وڕەمزی دا بەدەزگای بێتەل پێوەندی بە بنکەوە ( لە ئەڵمانیادا) دەکراو سەربازی ئەڵمان بەلێشاو لەفڕۆکەوە خۆیان بە چەتر هەڵدەدایە سەرزەوی و دەگەیشتە فریای راپەرینی کورد . موللەر دەڵێ چاوەنۆری ئەوە دەکرا ئاگری راپەرین نەك تەنیا کوردستان بگرە سەرتاپای رۆژهەلاتی ناوەڕاست بگرێتەوەو ، هێزی ئینگلیزی رابماڵێ .

کردەوەی مامۆت( MAMMOTH) وەك بەناوەکەیەوە دیارە کردەوەیەکی گەورەو جێ چاو بووە . وشەی مامۆت لە ئینگلیزیدا بەواتای جۆرە فیلیمێکی لەناوچوەو لەزمانی کوردیدا (فیلەتەن) بۆ هەمان مەبەست دەوترێ . لەوانەبوو سالی 1943 لە سۆنگەی سەرکەوتنی کردەوەی (مامۆت)ەوە گەلی کورد هەر هیچ نەبا پێی بنایەتە سەردەمێکی تری مێژووەوەو ، رەنگە چارەنووسی ئەڵمانیاش لەشەڕدا بەبارتێکی تر بکەوتایەتەوە . کێ دەڵێ !

ڕەمزی و موللەر لە هاوینی 1943 لە ئەڵمانیادا پێش ئەوەی بەرەو کوردستان بفڕن ، دەبوو هەریەکەیان سوێندی دڵسۆزی بۆ ئەم کردەوەیەو ناپاکی لەگەڵ نەکردنی بۆ ئەویتر بخوا . بەرزترین سوێند لە کارێکی گەورەی نیشتمانیدا سوێندە بە ئاڵای وڵات . واتە سوێند بە ئاڵای ئەڵمانیاو ئاڵای کوردستان . بەڵام کوا خۆ کوردستان تا ئەوکاتە ئاڵای نەبوو !دەسبەجێ ئاڵایەك بۆ کوردستان دروست دەکەن . لەچەند دانیشتنێکی زستانی ( 1990–1991)دا خوالێخۆشبوو کاك (سوعاد)ی برابچووکی ( ڕەمزی) بەسەرهاتی سوێند خواردنی

(ڕەمـزی) بـەو ئاڵــای کوردسـتانەی بـۆ دەگێڕامەوەــ دیـارە ئـەویش لـە زمـانی (ڕەمزی)یەوەی بیستبوو ـ هەروەها دەیشی گوت (ڕەمزی و ئەڵمانەکان کاتێ هاتن بۆ هەولێر هەندێ وێنەی ئـەم ئالایـەیان لـە شـێوەی بـاجی بـچووکی سـەر سـینگ لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوو) .

نەمدەتوانی لە بەسەر هاتی ئەو ئالایە دڵنیابم . هیچ بەڵگەیەکی زیندوو لەبەر دەستدا نەبوو . ئەو بنووسانەی لەبابەت ئالای کوردستانەوە دواون ( ولیام ئیگلتن ، دکتۆر عەبدوالرەحمان قاسملو ، عەلائەدین سەجادی ، مەحموود مـەلا عیـزەت ) کەسـیان بەسـەر چـاوەی راسـتی پەیـدا بوونەکـەی نەکـەوتوون و نـەیانزانیووە رەنگەکانی ئەم ئالایە بۆ یەکەم جار بیری ئێوە چەکەرەیان کردووە یان دەستی کێ بووە ڕەنگاندوویەتی . تەنیا ئەوەنەبێ کە ولیـام ئیگلتنـی کـوڕ لـە کتێبەکـەی (کۆماری مەهاباد)دا دەڵێ : ( کۆمەڵە ، بەهاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکانی عێراقـدا ئالایەکی نەتەوەیی لە ئایـاری 1944 دا دەرکـرد . ئالایـەکی سـێ ڕەنگـی بـوو : لەسەرەوە سۆر ،پاشان سپی و لەژێرەوەش کەسك . لـە پێنـاو گەیـشتن بـەمافی ئۆتۆنۆمی چی لەوە ئاسانترە ئالای ئێران بەرەواژ بکەیتەوەو هـەلاوگێڕی بکـەی ؟ بەڵام لەبارەی دروشمی نەتەوەی کوردەوە ئەوا وێنـەی هـەتاوێکیان دروست کـرد کەلەمدیوو و لەودیوویەتەوە دوو گوڵە گەنم و لە پشتیەوە چیاو قەلەمێك هەبوون.)

***

تێڕامانی هەموو سەرچاوەکانی تریش ئەوە بوو کە بیری ڕەنگ ڕشـتنی ئاڵـای کوردستان لە هەڵگێرانەوەی ئالای ئەوکاتەی ئێرانەوە هاتبوو . ئەم تێڕامانـە هـیچ دڵخۆشییەکی نەدەداو ، هەستی مرۆڤ بۆ (زەلیلی )ی بیری کورد دەخـزا، تەنانـەت لە دانانی ئالایەکی سەربەخۆی نەتەوەییشدا .

خواو ڕاستان ، لەم ڕۆژانەدا نامەیەك لە موللەرەوە بۆ یەکێ لـەکوڕانی بنەماڵـەی (ڕەمـزی نـافیع ڕەشـید) هـاتووەو ، زانیارییـەکی گرنگـی تایبـەت بـەم ئالایـەی کوردستانی تێدایە .

بۆ بەرچاوی ڕوونی دەق

بەڕێز ............

هیوادارم خوای گەورە ئاشتی و سەربەخۆیی بدا بەگەلی کورد . سوپاسی نامەکەی ( 1999/11/1) تان دەکەم . وادیارە ئێوە لەبنەماڵەی ڕەمزی هاوڕێ و دۆستی من ـ ن کەژیانی خۆی کرد بە کاووکەردونی کوردستانی نیشتمانتان.

.ئێستا ، لەسەرتاسەری دنیادا دەرفەتی کرانەوەی زیندانەکان دێتە بەرچاومان و ، منیش هیوادارم وڵاتی کوردستانی خۆشەویستم لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا سەرفراز ببێ .

چەند هەفتەیەك لەمەو پێش لە(بەرلین) بووم و . خۆپیشاندانێکی لاوانی کوردم بینی ، ئاڵای کوردستانیان هەڵدابوو : کەسك ، سپی ، سوورو لەناوندیشدا هەتاوێکی تیشکدار . سەرسام بووم لەبەر ئەوەی هەمان ئەو ئاڵایە لەلایەن منەوە دروست کرابوو پێش ئەوەی لەگەڵ دوو هاوەڵەکەمدا بەرەو کوردستان سوار بین و یاریدەی گەلی کورد بدەین بۆ ئەوەی سەربەخۆ ببێ . خۆتان دەزانن ئێمە کارەکەمان پێ بەئەنجام نەگەیشت بەڵام ئێستاش هەست بەگەرمی دڵم دەکەم لەبەرانبەری یارمەتیدانم . چاوەنۆڕی نامەی داهاتووتانم .

دڵسۆزتان

گۆتفرید موللەر

1991/11/12

ئەم هەواڵە کتوپڕە لە میوللەرەوە مایەی دڵشادی بوو. لـە لایەکـەوە هـەلێك هەڵکەوت بۆ ئـەوەی تـەپ و تـۆزێکی تـری لـە بـیر چـوونەوەی ڕۆژگـار لـە شـان و شـەپێلکی ( قوربانییـە زلەکـەی هـەولێر)دا بتـەکێنرێ و ،لەلایـەکی تریـشەوە لـە سـۆراغی دۆزینـەوەی مێـژووی پەیـدابوونی ئاڵـای کوردسـتاندا بگەینـە بنەکانـە و سەرچاوەیەکی ڕاستگۆ .وەك بینیمان ، موللەر لە نامەکەیدا دەڵـێ : ( ئـەو ئاڵایـە لەلایەن منەوە دروستکرا بوو ) ، بەڵام ئایا ئەو پیاوەی کە موللـەر لـە کتێبەکەیـدا هێندە بە شان و باهۆی بە وێڵی و ژیرییەکەیدا هەڵدەڵێ ، دەشێ ئـەو پیـاوە هـیچ دەستێکی لە دروستکردنی ئاڵای نیشتمانەکەیدا نـەبووبێ ؟ بـاش بـوو دەفتـەری یاداشتەکەی ڕەمزی بە فریـا گەیـشت و کلیلـی کردنـەوەی ئـەم پرسـیارەی داینـە دەست . لەو دەفتەرەدا ( سکێچ )ێکی دیاریکردنی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بە دەستی ڕەمزی کێشراوە . دەفتەرەکـە مێـژووی سـاڵی (1942)ی پێوەیـە واتـە ساڵێك پێش ئەوەی ڕەمزی و موللەر بە یەکتر بگەن . بەڵام دیارە پیرە تەمـەنی و کۆنبوونی مێژووی ڕووداوێك گەلێ شت لە بیری پیاو دەبەنەوە ، ئـەگینا موللـەر لـە نامەکەیـدا ڕۆڵـی (ڕەمـزی)ی لـە دروسـتکردنی ئاڵایەکـەدا فـەرامۆش نـەدەکرد و ،ئاماژەیەکی هەر پێ دەکرد .

وێ دەچێ بەر لەو مێژووەش، ڕەمزی بە تەنیا یان لەگەڵ کەسانی تردا بیری لە دانانی ئاڵایەك بۆ کوردسـتان کردبێتـەوە . ڕەمـزی لـە یەکـەمین دیمانـەی خـۆی لەگەڵ موللەردا دەڵێ : ((من و ئامۆزایەکم ( مەبەسـتی لـە خورشـید نورەددینـە ) چەند ساڵێك ( دیارە ساڵانی 1937–1938 بووە ) لـە بەغـدا پێکـەوە بـووین و گەلێ جاریش نەخشەمان بۆ ئازادی کوردستان دەکێشا )) .

موللەر کاتێ لە هاوینی 1943 دا لەگەڵ ڕەمزیو دوو هاوەڵە ئەڵمانیەکەیدا دێ بۆ هەولێر چاوی بەم خورشید نورەدینە دەکەوێ ، لێوەشـاوەیی و پیـاوەتی ئـەم کوردەی دەچێتە دڵەوە ، بۆیە سـاڵی 1959 لـە کتێبـە کەیـدا کـە یەکـەمجار بـە زمـانی ئەڵمـەانی بڵـاو کردۆتـەوەو دەنووسـێ و دەڵێ (( ئـەو کەسـەی دەرفـەتی

دیمانەی كـوردێكی ڕەسـەنی لـەم شـێوەیەی بـۆ هەڵدەكـەوێ ، نـاتوانێ خـۆی لـە هەستی بەهێزی خۆشەویستی لە بەرانبەر ئەو گەلە و وڵاتەكەیاندا ببوێرێ .كورد ، گەلێكی بەرچاو روون و ژین و وریا . وزیەكی بەرزەوت نەكراوی لە بڕان نەهاتوویان هەیە . مرۆڤڤگەلێكی هێشتا لە ریٍ و رەچەلەكیان ، لە گوندیان ، لە دابو نەریتیان نەشـۆراون . هـەر كوردێـك تـۆ دەیگـری ڕەسـەن زادەیەكـە شـیری دایكـی خـۆی مژتووە.)) .

<u>پەراوێز</u>

* گوتفریرید یوهانز موللەر ، لە رۆژهەڵاتی گڕگرتوودا – نێردەی پڕ مەترسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست . دەستنووس ، ل40 .

ئەم کتێبە لە ساڵی 1988 کراوە بە کوردی و د. مارف خەزنەدار پێشەکی بۆ نووسیوە ، بەڵام بە هۆی بێ دەرامەتییەوە هێشتا دەستنووسە و دەرفەتی چاپ بوونی بۆ نەکراوە ، ئەوە نەبێ دوو بەشی بچووکی لە گۆڤاری کاروان، ژمارە 89–90 بڵاو بۆتەوە .

** لە وتارێکی مەسعوود محەمەد بە ناوی ( رەمزی نافیع ڕەشید – قوربانییە زلەکەی هەولێر ) . گۆڤاری کاروان ، ژمارە 33.

*** ویلیەم ئیگلتنی کوڕ ، کۆماری مەهاباد ، گۆڕینی بۆ عەرەبی جەرجیس فەتحوللا ، ل 76–77 .

* ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ،ژمارە 21 ، 1992/4/26، لاپەڕە (5–6) بڵاوکراوەتەوە .



له ڕاستەوە بۆ چەپ: قادر(قاڵە خەڵکی سلێمانییە) ، ڕەمزی، کامەران بەدرخان، نورەدین زازا، محەمەد ئەرمەغانی .

# گۆتفرید یۆهانز میوولەر

# میوانێکی ئازیز لە کوردستاندا

## ئا/ بەدران ئەحمەد حەبیب *

* دڵسۆزی بەدڵسۆزی
* ئێستا هاتووم بۆ ئەوەی بەڵێنی پەنجا ساڵ لەمەوپێش بەجێ بێنم .
* ئامانجی من لە ژیاندا ئەوەیە کوردستان بە سەرفرازی ببینم .
* ئەرکی کوردستان ئەوەیە رووناکی بدا بەدەرەوی خۆی .

میوولەر مرۆڤێکی ئاشتی پەرست و چاکە ویست و خێرمەندو دۆستێکی دێرینی گەلی کوردە . ئەمە سێیەمین جارە لە ماوەی (78) ساڵی تەمەنیدا پێ دەنێتە سەر خاکی کوردستانەوە . جاری یەکەم بۆ (ناسینی) ، جاری دووەم بۆ (رزگارکردنی) ، جاری سێیەم بۆ (ئاوەدانکردنەوەی).
نیوەڕۆی 5/28 بۆ پێشوازی لە میوولەر بانگهێشت کرام ، بنەماڵەی (ڕەمزی نافیع ڕەشید ) ئەم پێشوازییان ئامادەکردبوو ، دوای دانیشتن میوولەر رووی دەمی لە دانیشتوان کردو گوتی :

ئازیزانم ...... ئەمڕۆ رۆژێکی زۆر خۆشە بۆ من، هەروەها رۆژێکی دژواریشە ، بگرە دژوارترین رۆژە لە ژیانی مندا، ئەمەش سەبارەت بەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ سەختم لە ئەستۆدایە کە زۆر ئاستەنگە مرۆڤ بتوانێ هەمووی راپەڕێنێ . ئەرکی سەرشانی من ئەرکێکی جمکانەیە کەرتی یەکەمی ئەم ئەرکە ئەوەیە من لە کۆتایی ژیانمدا شتێکم پێشکەش کردبێ کە شایان بێ بە مرۆڤ . ئەرکی دووەمیشم بەجێ هینانی ئەو بەڵێنەیە کە پێش پەنجا ساڵ بە دۆستێکی خۆمم دابوو ،ئەو دۆستەم دۆستێکی زۆر چاك بوو، زۆرم خۆشدەویست ناوی چی بوو ؟ ڕەمزی ....... من

تێڕامانێکم لە بارەی کوردستانەوە هەبوو ، دەربارەی ئەو تێڕامانەی خۆم لەگەڵ (ڕەمزی)ی دۆستم ئاخاوتم . هەمیشە پێم دەگوت کوردستان ئەرکێکی مێژوویی گەورەی هەیەو دەبێ بەجێی بێنی .

ڕەمزی گوتی"منیش هەمان تێڕامانم هەیە و ژیانی خۆم بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەم ."پێم گوت" منیش ئامادەم."

ئەو وڵاتەی ئێستا من تیایدام ئەرکێکی گەورەی لە پێشدایە ،ئەرکەکەش ئەوەیە ڕووناکی بدا بە دەرەوەی خۆی .ڕووناکیدان کارێکی ئاسان نییە، دەبێ مرۆڤ ڕووناکی بۆ خۆی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووناکی بدا بە خەڵکی تر . بۆیە ئاشتیمان پێویستە تاوەکو ئەم ڕووناکییە پڕشنگبدا. یا دەبێ ئاشتیمان هەبێ یا دەبێ ڕووناکییەکە بکوژێتەوە.

حەز دەکەم من ئەو ئەرکە بەجێ بێنم . ئەم ئەرکە هەمیشە لەبەرچاوی مندایە . ڕێکخراوێکم هەیە بە ناوی(سالم) ،سالم واتا ئاشتی.زۆر کەس لەم ڕێکخراوە کۆبۆتەوەو هەمان ڕێگای ئاشتییان گرتۆتە بەر. ئەمانە بەسەرتاسەری دنیا گەڕاون و لە هەر شوێنێ بۆیان هەڵکەوتبێ بنکەیەکی ئاشتیان دامەزراندووە .بەتایبەتی لە ئەفریقیاداگوندی گەورە گەورەیان دروست کردووە .ئەوا بۆ بیست ساڵ دەچێ (گێرهارت لیپفرت)لەگەڵ من کار دەکا. لە دامەزرادنی (سالم)ەوە تا ئەمڕۆ زۆر شت فێر بووین .فێربووین چۆن ئاشتی دابمەزرێنین تێ گەیشتین مرۆڤ چۆن ئاشتی دروست دەکا .

ئێستاش هاتوینەتە ئێرە بۆئەوەی لەگەڵ ئێوەدا هاریکاری بکەین و ئاشتی لەم وڵاتە دابمەزرێنین. پێویستە ئەمە جێ بەجێببێ .ئێمە بەکردەوە یارمەتیتان دەدەین.ناتوانین زۆری لەسەر بدوێین. دەتوانین بەکردەوە ئیسپاتی بکەین، ئەمەش لە ڕێگای چەند نموونەیەك. هیوادارم خوای گەورە یارمەتیمان بدا . دوای ئەوە ئەندازیار (ش. نوورەدین) وتەیەکی کورتی (بە زمانی ئەڵمانی) خوێندەوەو گوتی: " بەناوی خانەوادەی (ڕەشید) واتا بەناوی بنەماڵەی (ڕەمزی)یەوە بە خێرهاتنتان دەکەین و ئومێدەوارین کاتێکی خۆشمان لە نێواندا ببەنە سەر . بەڵێ

مستەر میوولەر ( دڵسۆزی بە دڵسۆزی) ئەمە ئەو گوتەیە بوو کە ئێوە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ( ڕەمزی)تان گووت . ها بەم شێوەیەوەو لەدوای ساڵانێکی زۆر بەڵێنتان هێنایەجێ و ، ئەوا ئەمڕۆ بەزارو بە کردەوە لەگەڵ ئێمەدان لە ڕێگای رزگاری و ئاواکردنی کوردستاندا . بەڵێ مستەر میوولەر (کەس نەڵێ کورد مردووە) کورد هێشتا ماون ، هەروەها بۆ دوارۆژیش لە پێناو پشکداری لە دامەزراندنی ژیاری مرۆڤایەتیدا هەر دەژین .

شتێکی سەیرو بەڕێکەوت نییە لەیەك کاتدا هەتاوی سەرفرازی گزنگی خۆی بۆ سەر ئەڵمانیاو کوردستان باوێ . گەلێ شت هەن لە نێوان گەلی ئێمە و ئێوەدا هاوبەش و ناوکۆن . دووبارە بەخێر هاتنتان دەکەینەوە .))

*  *

هەرچەندە ئاپۆرەیی دانیشتنەکە ڕێگای وتوێژو پرسیارو وەڵامی گرتبوو، بەڵام دەرفەتێکمان بەهەڵ زانی و دەربارەی سەربردەی ئاڵای کوردستان پرسیارمان لە (میوولەر) کرد ، گووتی : ((پێش ئەوەی بەرەو کوردستان بفڕین گوتم ڕەمزی ئەوا کوردستان سەرفراز دەبێ ، وڵاتی سەرفراز پێویستە ئاڵای خۆی هەبێ . گووتی ( راستە ، با وێنەی ئاڵایەك بکێشین . ) . ڕەمزی سێ ڕەنگی بۆ ئاڵای کوردستان دیاری کرد ، لە سەرەوە سوور و لەناوەڕاست سپی و لە ژێرەوەش کەسك . گوتم ڕەمزی دەبێ شتێك لەم ئاڵایەدا هەبێ و نیشانەبێ بۆ کوردستان . گوتم ( چ نیشانەیەك ؟ ) گوتم وێنەی هەتاوێکی تیشکن . ڕەمزی گوتی ( ئەمە چۆن دەکرێ ؟ ) . بە ژنەکەم گوت بچێ بۆ بازێڕو پارچەیەکی زێڕینمان بۆ بێنێ ، ئەوەبوو هێنای و منیش بەدەستی خۆم هەتاوێکی تیشکدارم بۆ کوردستان چێ کرد .)) .

پرسیمان : ! ! مستەر میوولەر ئەم ڕەنگانە چ واتایەکیان هەبوو ؟ گوتی : ((هیچ ! ئەمانە ڕەنگی ساوێن و پاکن . سووری ساف . سەوزی ساف . ڕەنگی لێل و تاریکمان هەڵنەبژارد . ))

*  *

میوولەر ، پێش ئەوەی بڕوا گوتی :

ئامانجی من لە ژیاندا ئەوەیە کوردستان بە سەرفرازی ببینم ، دەبێ کوردستان سەربەخۆ ببێ ، گەلی کورد بگا بە ئازادی ، پێویستە زۆر زوو ئەم مەبەستە بێننەدی . پێویستە لە پێناو هەموو یەکبوونی پارچەکانی وڵاتەکەتاندا تێ بکۆشن.

***ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی )، ژمارە (26)،1992/6/7 ، لە لاپەڕە ( 5–6 ) بڵاوکراوەتەوە .**



نافیع ئاغا باوکی ڕەمزی

## له ڕۆژهه‌ڵاتی گڕگرتوودا

## نێرده‌یه‌کی سامناك بۆ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست 1943

**دوکتۆر مارف خه‌زنه‌دار ***

**مرۆڤی مه‌رد و نه‌به‌رد**

**سڤاستیکاو تاریکی و جه‌نگ**

له سه‌ره‌تای جه‌نگی دووه‌می گێتیه‌وه ئه‌ڵمان سستی به خۆیه‌وه نه‌دی و له سه‌رکه‌وتندا بوو ، نازی له لووتکه‌ی به‌رزی و له خۆباییندا بوو ، مه‌ستی ئه‌و دووا رۆژه بوو که به خه‌یاڵ هه‌موو نیشتمان و نه‌ته‌وه‌کانی سه‌ر زه‌وی یه‌ك خست بوو و کرد بووی به‌یه‌ك وڵات ویه‌ك نه‌ته‌وه‌و نه‌ژادی جه‌رمانی ئه‌و ده‌وڵه‌ته گێتیه‌ی به‌ڕێوه ده‌برد . له ساڵآنی سه‌ره‌تای جه‌نگ دا سڤاستیکای ئه‌ڵمانیای فاشیست ته‌نیا دروشمی ده‌وڵه‌تی نازی نه‌بوو ، به‌ڵکو بووه نیشانه‌ی زۆرداری له لای هه‌موو مرۆڤایه‌تی ووشیاره‌وه بوو به به‌ڵگه‌ی زوڵم و کاره‌سات و تاوان ، بوو به ڕه‌مزی بێ به‌زه‌یی و نامه‌ردی ، بوو به وێنه‌ی هێزی تاریکی .

له کۆتایی ساڵی 1942 ، له‌و ماوه‌یه‌دا وێنه‌ی مه‌ترسی شکانی ئه‌ڵمانیای نازی و پارچه بوونی له پێش چاوی‌دا وه‌ك ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ناڵه‌ی سه‌ره‌کی دێوی ڕه‌ش له گۆمی شڵه‌قاو دا وابوو ، به‌ڵآم ئه‌ڵمان کۆڵی نه‌ده‌داو سوور بوو له سه‌ر به‌رده‌وامی جه‌نگ . که‌م بوونی سووته‌مه‌نی به تایبه‌تی نه‌وت ( پیترۆل) ، بووه هۆی ئه‌وه‌ی لقێکی بچوکی خه‌فیه‌تی بیر له دانانی کرده‌وه‌کیه‌ك بکاته‌وه به ناوی ((کرده‌وه‌ی مامۆت)) بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌ڵمانه‌کان بتوانن چاڵه‌کانی نه‌وتی که‌رکوك و موسڵ بخه‌نه ژێر ده‌سه‌ڵآتی خۆیانه‌وه . بێ گومان ده‌بوو ئه‌م کاره به یارمه‌تی کورد بگات ئه‌نجام ، که کوردیش بیکا ده‌بوو پاداشتی بدرێتێ له‌و ده‌وڵه‌ته گێتی‌یه‌ی که له

کۆتایی جەنگدا ئەڵمان دروستی دەکرد ! بەڵام لای ئێمە و لای ئەوان ، لە وڵـات و هەندەران چی باس بوو ؟

## لای ئێمە چی باس بوو

لە پاش جەنگی یەکەمی گێتیەوە ، بەتایبـەتی لـە کوردسـتانی عێراقـدا سـێ ڕێرەو و بیروباوەری سیاسی و ئیدیۆبۆجی لە ناوەوە بوو ، بە زۆری ڕووکـەش بـوو لە ناخی تێگەیشتنەوە هەڵنەقولاً بوو .

1/ ئەوانەی سەر بەئینگلیز بوون و زۆربەشیان پێوەندییان پێیانەوە هەبوو .

2/ ئەوانەی خۆیان بە لایەنگری ئەڵمان دەزانی و شانازییان بەوە دەکرد کەنازیان پێ بڵێن ، بەڵام هیچ پەیوەندی یێکیشیان بە ئەمانەوە نەبوو .

3/ئەوانەی تورکچیەتی یان دەکرد ، ئەمانە بوو بوون بە دوو بەشەوە ، بەشێکیان بۆ دەسەلاتی عوسمانی دەگریـان و دەیـان لاوانـدەوە ، بەشـەکەی تریـان خۆیـان سـەر یـە تورکیـای مـستەفا کـەماڵ و لاتینـی دەزانـێ ، لـە ڕووی بیروبـاوەڕی ئیدیۆلۆجیشەوە ئەمانە مەیلیان زیاتر بۆ نازی هەبوو ، چونکە عوسمانی و تـورکی پاش عوسمانیش لەگەڵ ئینگلیزا ڕێك نەبوون .

هەموو ئەو خەڵکانەش تورکچیەکان نـەبێ واتـە سـەر بـەئینگلیز و لاینگـری ئـەڵمان بیرڕایـان هەرچـی بووبـێ لـە چوارچـێوەی ((کوردایـەتی )) نەچـووبوونە دەرەوە .هەموو شتێك بە لای ئەوانەوە دەبوو لە پێناوی چاکەی کـورد بـێ . بـێ گومـان پـارتی هیـوا قـاووغێکی پـڕ بەپێـستی بـوو بـۆ پاراسـتنی ئـەم ڕێـڕەو و ئیدیۆلۆجی یەتانە لە ناو ڕێزەکانیدا یەکێتی ی ئیدۆلۆجی لـەناو ئەنـدامانی پـارتی هیـوا نـەبوو . ڕەنگـە ئەمـەیان بـە خـەوش بـۆ دانابـێ ، جگـە لەمـە خەوشـێکی تریشیان بۆ دۆزیوەتەوە ، بەوەی کە دەڵێن پارتی یێکی بۆ ڕجوازی بوو .

نە یەکەم و نە دووەم هیچ یەکێکیان خەوش نین . یەکێتی ئیـدۆلۆجی نەتەوایـەتی تێدا هەبوو ، بەڵام هەستێ ئیدۆلۆجی ی چینایەتی تێدا نەبوو .

هەرچی بۆرجوازیشە هەمیشە خراپ نیە ، هەمیشە دوواکەوتوو نیە پێویستێکی مێژوویی ئاڵـای کوردایـەتی دایـە دەسـتی و لاوی خوێنـدەواری کـوردی لـە دەوری

خۆی کۆکردەوەو فێری نیشتمانپەروەری کردن و ڕێگەی خۆش کرد بۆ پەیدا بوونی ڕێکخراو پارتی تر لە کۆمەڵی کوردەواریدا لە دووا ساڵانی جەنگ و پاش جەنگ . ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پارتی هیوا بووین جێگەی ڕێزگرتنن .

**لای ئەوان چی باس بوو**

لە ئەوروپا سێ بیروڕا و ئیدیۆلۆجیەتی سەرەکی لە ناوەوە بوو ، ئەمانە بوو بوون بە هێز و لە دەسەلاتی دەوڵەت دا ڕەنگیان دابووەوە :

1/ دەولەتە بورجوازی یە دیموکراتی یە لیبیرالی یە پێشکەوتووەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و رۆژئاوا ( بەریتانیا ، فرەنسا) لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

2/ دەوڵەتە بۆرجوازی یە نازی ـ فاشستە میلیتاری یەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و خووارروو ( ئەڵمانیا . ئیتالیا .. )

3/ دەولەتی سۆسیالیستی سۆڤیەت کە لە سەر بنچینەی مارکیسیزم دروست بوو بوو و باوەڕی بە مۆمۆنیزم هەبوو .

ئەم ئیدیۆلۆجی یەتانە بوو . بوونە هۆی بگرەوبەردە و خەبات و زۆرانبازی و چوونە مەیدان بە شێوەێیکی گەلێك تیژ لە نێوان ڕێرەوەکانی ((دیموکراتی ـ لیبیرالی ))و ((نازی ـ فاشیزم )) و ((مارکیسیزم ـ کۆمۆنێزم)) ئەم دیاردەیە دەبوو بە جەنگ ئەنجام پێ بدرێ ، بە تایبەتی بە بیرو باوەڕی ئەڵمانیای فاشستی ، هەوری ڕەش لە و ڕۆژەوە باڵی بە سەر هەموو ئەڵمانیادا کێشا ، کە هیتلەر دەسەلاتی گرتە دەست و بوو بەکەنسلەر (موستەشار) (1923) ، ئینجا لە پاش مردنی هیند نبورگ بوو بە دیکتاتۆر (1924) . هیتلەر رژێمێکی میلیتاری ـ فاشستی (عەسکەریتاری ، تۆتالیتاری) بەناوی سڤیلیزاسیۆنی نەژادی جەرمەنی دامەزراند بە هیوای ئەوەی هەموو گێتی داگیربکا .

بەرنامەو پلانەکانی بۆ ئەم ئامانجە پتەو ژیرانە بوو ، ڕاوێژکەرەکانی شارەزا و بلیمەت بوون ، لە سەرەتادا توانی هەندێ کەس بخەڵەتێنێ بە تایبەتی دوژمنی هەرە گەورەی رووسی سۆسیالیست . بۆ ئەم ئامانجە پەیمانی لەگەڵدا بەست بۆ ئەوەی دوژمنە بچووکەکەی (دەوڵەتە پێشکەوتووە بۆرجوازی یەکانی ڕۆژئاوای

ئەوروپا) لە پێشانا لە ناو ببا ،ئینجا بگەڕێتەوە سەر دوژمنە گەورەکـە : نوێنـەری کۆمۆنیزم (یەکێتی سۆڤیەت) .

## گورگیس کێشانێ

جموجۆلی دیپلۆماسی ، سیاسی و کردەوەکانی ئەڵمان بـە تایبـەتی لـە سـاڵی 1939 بۆنی جەنگیان لێ دەهات ، هەموو شتێك ئاواز و دەنگی جەنگ بوو . پێش ئەوەی بە ڕەسمی جاڕی جەنگ بدرێ (1ی ئەیلولی 1939) لەلایـەن ئەڵمانـەوە ، ڕووداوە هەرە گرنگەکانی پێش جەنگ گەڵێ شتی نهێنیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە .

* لە 15 ی مارت هیتلەر چیکۆسلۆڤاکیای داگیر کرد .
* لە 7 ی نیسان مۆسۆلینی ئەڵبانیای داگیر کرد .
*لە 12 ی مایس پەیمانێك لە نێوان بەریتانیا و تورکیا بەسترا
* لـە 22 ی مـایس پـەیمانێکی عەسـکەری لـە نێـوان ئـەڵمانیا وئیتالیـا بەسـترا( هیتلەر- مۆسۆلینی).
* لە 22 ی ئاغستۆس پەیمانێك لە نێـوان ئـەڵمانیاو سـۆڤیەت بەسـترا (هیتلـەر - ستالین).

لە پاش مۆر کردنی پەیمانی ئەڵەمان و سۆڤیەت بـە 10 ڕۆژ جـەنگ دەسـتی پـێ کـرد بـە هێرشـی هیتلـەر بـۆ سـەر پۆلۆنیـا : لـە پـاش دوو ڕۆژ (3ی ئـەیلولی 1939) بەریتانیا و فرنسا جاڕی جەنگیاندا لە دژی ئەڵمانیا .

بەم جۆرە جەنگ کەوتە نێوان بەرەی دیکتاتۆری - فاشیزم و بەرەی لیـبیرالی ، دیمـــوکراتی ، بۆرجـــوزای ، بێگومـــان بـــەرەی ســـۆڤیەتی مارکـــسی ، سۆسیالیستخۆشی خۆشی بوو ، سەیری جەنگی نێوان هـەردوو دوژمنـی دەکـرد ! ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە !

بـەڵام ئـاخۆ دەبـێ لـەو ڕۆژەدا ئـەم بەرەیـە بیریـان نەکردبێتـەوە کـە ئـەوان دوژمنی ڕاستەقینەی هیتلەرن ؟! چارنی یە دەبێ ئەوانیش بەرکەون ، چونکە هەر لەبیج دا جەنگەکە بۆ لەناوبردنی ئەوان پـێش خـەڵکی تـر دامـەزرێنرا بـوو . وا بـوو هێـشتا دوو سـاڵ بـە سـەر جەنگـدا تێپـەڕی نـەکردبوو هیتلـەر ((کـردەوەی

بارباڕۆس))ی خسته کارو له 22ی حوزەیرانی 1941 هێرشی بردە سەر ڕووسیاو هەموو وڵاتی سۆڤیەت.

## یەك دیاردە ، ناوی زۆر

جەنگی دووەمی گێتی ، جەنگە ئەمپریالیستی ، جەنگی نیشتمانی مەزن ، جەنگی رزگارکردنی مرۆڤایەتی . ئەمانە هەموویان ناوی جەنگەکە بوون ، هەر یەکەیان لە دەستە و دایەرەیێکەوە دەنگ و ئاوازیان بلاّو دەبووەوە .

سۆڤیەتەکان ((جەنگی ئەمپریالیستی ))یان بە ((جەنگی دووەمی گێتی)) دەوت ، لەسەرەتای دەست پیێ کردنیەوە تا ڕۆژی هێرشی هیتلەر بۆ سەر خاك و نەتەوەکانیان ، ناویشی هەروا مایەوە لە ئەدەبیاتیان دا ، بەڵام پاش ((کردەوەی بارباڕۆس)) ناوی نرا ((جەنگی نیشتمانی مەزن)) (1941–1945). هەرچی ئەڵمانیای هیتلەریش بوو جەنگەکەی بە جەنگی ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی لە قەلەم دەدا ، بە مانای ئەوەی جوگرافیا دەبێ بە ئەڵمانیا ، مرۆڤ بە ئەڵمان ، پایتەخت دەبێ بە بەرلین . بەڵام باش بوو ئەڵمانیا خۆی لەت کرا .

ئەنجامی جەنگ ئەوەی ئاشکرا کرد کە مرۆڤی ژیر دەیتوانی بیر لەوە بکاتە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئینگلیز و ئەمەریکی و فرەنسی و ئەڵمان دەچنە ناو ئۆسکۆوە ، چونکە سۆسیالیزم و کاپیتالیزمی لیبیرالی دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و دەبێ پێکەوەش بژین ، بەڵام فاشیزم لەگەڵ هیچ یەکێکیان هەڵی نەدەکرد .

## گۆتفرید یۆهانیس میوللەر

گۆتفرید یۆهانیس میوللەر ئەفسەرێکی ئەڵمان بوو ، هۆگری ئایین بوو ، باوەری گاووری دلّ و دەروونی داگیر کردبوو ، لەهەموو تەنگانەیەکدا دەستی پاڕانەوەی بەرز دەکردەوەو موناجاتی لەگەڵ خودادا دەکرد و یارمەتی ی لێ دەخواست . میوللەر نازی نەبوو ، بەڵام بۆ چاکەی ئەڵمانیا سلّی لە هیچ شتێك نە دەکردەوەو دەچووە ناو هەموو تەنگانەیێکەوە .

میوللەر لە پێش جەنگی دووەمەوە مەیلێکی زۆری بووە بۆ بینینی زەوی پیرۆزەکان (فەلەستین) و شارە ئەفسانەییەکە (بەغداد)و هەرێمە ڕەنگینەکان (کوردستان)، هەر بۆ ئەم ئامانجە کەهێشتا لاوێکی تازە پێ گەیشتوو بووە بە پایسکل گەشتی ئەوناوچە دلگیرانەی کردبووە. لە پاش گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی لە ساڵی 1937 کتێبێکی بە ئەڵمانی بەناوی ((خۆکوتانە ناو کوردستانی داخراو))ەوە بلاّو کردەوە .

میوللەر ناوچەکانی کوردستانی عێراق گەڕا بوو ، پێوەندی لەگەڵ گەورەی کورد شێخ مەحموود پەیدا کردبوو، خۆشەویستی دێرینی بەرانبەر بە کورد و لە نویکەوەناسینی کورد و وڵاتەکەیان ، ئەمە هەمووی بووە هۆی ئەوەی ببێتە پسپۆری ڕاوێژکەری مەسەلەی کورد لە لای دەسەلاتی ئەڵمان . بۆیە لە ماوەی جەنگی دووەم دا کرابووە بەڕێوەبەری یەکێ لە مەڵبەندی خەفیەیی ئەڵمان لە شاری ئەستەموولّ .

لە ساڵی 1942 کە ئەو مەڵبەندەی بەرێوە دەبرد لە ئەستەموولّ ، لە یەکێ لە گەڕانەوەو سەردانەکانی ئەڵمانیای ئەوەی زانی بوو کە کەمی سووتەمەنی (پیترۆلّ) تەنگوچەڵەمە بۆ سوپای ئەڵمانیا دروست دەکا ، لەبەرئەوە پێشنیاری بۆ فیلد مارشال کایتل فەرمانبەری سوپای ئەو سەردەمە و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا کرد بوو کە هەولّ بدرێ بیرەکانی نەوتی عێراق داگیر بکرێ و ئینگلیزی لێ دەربکرێ.

بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجە پێویستی بە کوردێك دەبێ وەشاوە بێ بۆ ئەوەی ئەم ئاواتە لەگەڵ ئەودا بگەینێتە ئەنجام .

## ڕەمزی نافیع ڕەشید

ڕەمزی نافیع ڕەشید لە ساڵی 1917 لە دایك بووە . لە کۆشی دایك و باوکێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو وتێر پەروەردە کراوە .

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە ، ئیتر لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لە هەولێر رووی کردۆتە کەرکووك و ساڵێکی خوێندنی لەوێ بردۆتە سەر لە بابەت هەڵس و کەوتی ڕەمزی لەو ماوەیەی کە لە کەرکوك بووە . هاوڕێ ی بەڕێزم دوکتۆر موکەرەم تالەبانی پێی ووتم : (( لە پێش حەرەکاتی ڕەشید عالی ڕەمزی لە کەرکوك نەمایەوەو دەرچوو . لە پاشانا کە لەگەڵ ئەڵمانەکانا ڕێك کەوت ، پارتی هیوا ئاگادری ئەو پێوەندی یە نەبوو ، چونکە ئەڵمانەکان بۆ مەبەستی دەست تێوەردان لە مەسەلەی کورد پێوەندی یان لەگەڵ پارتی هیوا نەبەستووە )) .

لەکەرکووکەوە هەر بۆ ئامانجی تەواوکردنی خوێندن دەچێتە بەغداو ساڵی خوێندنی 1937 ـ 1938 لە پۆلی پێنجەمی زانستی (علمی)بووە لە قوتابخانەی ئامادەیی ناوەندی (**الاعدادية المركزية**)ی بەغدا و لە ساڵی 1939 ڕوو دەکاتە بێرووت لە زانستگای ئەمریکی دادەمەزرێ ، دوو ساڵی خوێندن لەوێ تەواو دەکا و پلەی ((فرێشمان)) وەردەگرێ لە پاشانا هەر بۆ تەواو کردنی خوێندن دەچێتە ئەستەموولّ و دەبێ بەقوتابی ی کۆلیجی رۆبەرت( رۆبەرت کۆلیج) . لە ساڵی 1942 کە ڕەمزی لە ئەستەمبوولّ دەبێ بۆ خۆ ئامادەکردن لە پێناوی هێنانەدی ((کردەوەی مامۆت)) بەم جۆرە ڕەمزی لەگەل مویللەرو تاقمەکەی کە دوو کەسی تریش بوون ، ڕوو دەکەنە ئەڵمانیا و لە بەرلین خەریکی مەشق کردن دەبن .

پێوەندی میوللەر و ڕەمزی لە چوار ڕەمزی لە چوار چێوەی یەکتری ناسین دەچێتەدەرەوەو دەبێ بە دۆستایەتی ، ئینجا هاوڕێیەتی و برادەری ، لەوەش ڕەت دەکا بۆ برایەتی و تا دەگاتە ڕادەی خۆشەویستی هەر لەبەر ئەوەکشە تا ئێستا یادی ڕۆژانی میوللەر لەگەڵ ڕەمزی یادگارییەکی بەنرخ و بێ وێنەیە لەلای وەکو لە سەرانسەری گێڕانەوەکانی دا دەردەکەوێ .

لە هاوینی شساڵی 1943 تیپە چوار کەسیەکەی (( کردەوەی مامۆت)) بە شەو خۆیان لە پەراشووت دەهاوێنە خوارێ لە ناوچەیەکی سێ گۆشەی سنووری عێراق ـ تورکی ـ سوری لای ڕۆژهەلاتی رووباری دیجلە دەکەونە سەر زەوی لە

ویوه به قاچلغچی و به سوواری پاسه تەختەكانی ئـەو سـەردەمە و ولاّغ و كـاروان دەگەنە مووسل بەرێی نینەوا ( یوونس پێغەمبەر ) ئینجا قایەغی گوێر و لە پاشانا هەولێر لەوێوە بەرەو ژوور لە گوندی بیۆكە دەنیشتنەوە ، ئەڵمانـەكان دەگیرێـن و ڕەمزیش لە هەولێر خۆی دەدا بە دەستەوە .

لە گرتووخانەی هەولێرەوە دەبـرێ بـۆ موسـڵ ، لـەوێوە بـۆ بەغـدا ئینجـا بـۆ قاهیرە و دووبارە دەیهێننـەوە بەغـدا ، لـە سـاڵی 1945 لەگـەڵ كۆتـایی جـەنگ دەدرێ بە دادگا عورفی و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ لە پاشانا بڕیارەكە دەكرێ بە هەتا هەتایـە (20سـاڵ) لـە بەندیخانـەی ناوەنـدی بەغـداو لـە قەلعـەی دووەم بەند دەكرێ . زۆری پـێ ناچـێ بڕیـاری ئـازاد كردنـی دەردەچـێ بـە هـۆی ڕاپۆرتێكی پزیشكی لە بەر تووش بوونی بە نەخۆشـیێكی كوشـندە ، بـە راسـتیش ڕەمزی لە ژێر زەبری كارەسـات و ئەشـكەنجە و دەردی دەروونـی مێـشكی سـووك بوو بوو وتێك چوو بوو ، لە پـاش دەرچـوونی لـە بەندیخانـە لـە سـاڵی 1947 لـە هەولێر سەری نایەوە هەتا هەتایە پاش ئەوەی ئەفسانەیێكی لە دوای خۆی بەجێ هێشت بۆ نەتەوەكەی .

**كردەوەی مامۆت**

تیپی بە ئەنجام گەیاندنی (( كردەوەی مامۆت)) لە چوار كەس پێك هات بـوو . سـەرۆك و بەرێوەبـەریان میوللـەر بـوو . دوو كەسـی تریـشی لەگـەڵا بـوو. یەكەمیان هۆفمان ناوێك بوو ، ئەمەیان نازی بـوو ،ئاگـاداری ڕۆژهەلاّتناسـی بـوو ، چونكە بۆ ماوەیەك مامۆستا : بووە لە زانستگای تاران .
دووەمیان كۆنێچین یا ( كانێچین ) لە بنجدا نەژادپۆلۆنی بووە . چوارەمی تیپەكە ڕەمزی بوو ، ئەمە دەمڕاست و ڕێبەریان بـووە ، چـونكە كـوڕی هەرێمەكـە بـووەو بەبێ ئەو كارو كردەوەیان نەدەچووەسەر .

لەپاش مەشقی پراكتیكی لە خۆ فڕێدان لە پەراشوت و سیلاح شـۆری و فێـر بوونی دەسشتووره بنچینەكانی خەفیەیی لەشاری بەرلین و هەرێمـەكانی سـینگەر بێرگ و بۆدینتەڵ و وینەرونوشتاد ئامادەیە بەجێ هێنانی ( كـردەوەی ) مـامۆت .

دەبن ، پێویستە ئەوەش بۆ راستی بوترێ کە پیلانەکەیان لەبنجدا بەجۆرێك رێك دەخەن ، کە لەبەهارا دەست پێ بکەن ،بەڵام دوا دەکەون و بەسەر ترسی گەرما زاڵ نابن و کردەوەیەکیان دەکەوێت هاوین ، دیارە ئەمەش تەنگ و چەلەمەی لاوەکییان بۆ دروست دەکا .

ساعەتی سفریان لەو کاتەدا دەست پێ دەکا کە یەکێ لە فرۆکەوانی (کۆندۆر) دەکەوێتە ئاسمانەوە بەسەر قرمو زەریای رەش خۆی دەکوتێتە ناوچەکانی سەروی کوردستانەوە ، لەنجە پێکیش بەسەر شاری موسل دادەکا ، گلۆپە زۆرەکانی شار کە بەلگەی شارەکە بوو سەریان لێ دەشێوێنێ میولەر هەست دەکا کە ئاسمانەکە ئاسمانی ئەو جێیە نییە کە پێویستەخۆیان بە پەرەشووت فرێدەنە خوارەوە بۆیە دەکەوێتە گومانەوە .مەنزلی خۆی فرێ دان بە پەرەشووت دەستی بیتوێن دەبێ ، چونکە نزیکترەو بە ئاسانیش دەتوانن بگەنە هەولێر ، بەڵام فرۆکەوان جێەکیتریان بۆ دەست نیشان دەکاو بە بیتوێنی دەزانن ، هەر چوار ئەندامانی تیپەکە و کەل و پەلیان کە لەناو باوڵ بووە بە پەرەشووت دێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی . هێشتا بەئاسمانەوە هەڵواسرابوون و نەگەیشتنبوونە سەر ئەرز لەو کاتی کە میولەر لەژێرەوە چاوی بەروبارێکی گەورە (دیجلە) دەکەوێ گومانەکەی لێ دەبێ بەڕاست و دەگاتە ئەوەی کە هەلەیەك رووی داوە ، ئەمەو کە چاوشی بەرووباری خوارەوە دەکەوێ مەترسیەکی تریشی بۆ پەیدادەبێ خوانەخواستە لە باتی سەر زەوی بکەنە ناو ئاوەوە ، رەنگە خۆیان بە مەلە رزگاریان ببێ بەڵام ئەگەر کەل و پەلەکانیان لەناو ئاو نیشتەوە .

ئەو ناوچەیەی کە لێی کەوتنە سەر زەوی (فلفێل )ی پێی دەلێن ، کەوتۆتە ناو سێگۆشەی سنووری عێراقی ، تورکی ، سوری لای رۆژهەلاتی رووباری دیجلە . بەپێی جل و بەرگی دەشتەکیانی ئەوێ کە زۆربەیان تەیاری بوون ناوچەکە دەناسنەوە ، ئیتر بە پاسە تەختەکانی دەوروبەری جەنگ خۆیان دەگەیەنێنە نزیك موسڵ ،دیوی نەینەوا ( یونس پێغەمبەر) رەمزی دەبوو لە رووبار بپەریتەوە بۆ ناو شارو هانا بەرێتە بەر یەکێ لەخزمەکانی باوکی لە موسل ، بۆ ئەوەی

پشکینەوەیەکی زۆر لەسەر پـردی موسـل هـەبوو تاقمەکـە لەچـایەخانەیێك بـەجێ دێلـی و خـۆی دەچـێتە مـاڵی جـەلال یـاوەر ( لـە حـەفتاکانا مـردووە) کـە کـوڕی خەزوری باوکی ڕەمزی بووە بەڵام ڕەمزی بەنائومێدی دەگەڕێتەوە لای هاورێکانی دەڵێ خزمـەکانی هیـچیان بـۆ نـاکرێ ، هـەر لەوانیـشەوە ئـەوە دەزانـێ کـە مەسەلەکەیان لەناو خەڵکی ئاشکرا بووەو میری ئینگلیز بەدوایانا دەگـەڕێن . زوو بە زوو ئەوی بەجێ دێڵـن بـەرەو ڕۆژهـەلاتی موسـل واتـە رووەو هـەولێر بەرێگـەی (وادی شۆر) لەناوچەیەکی قامیـشەلان و پـڕ لـەدارو دەوەن بـووە دەچـنە گونـدی (بازیوە) ئەمە گوندی شەبەکەکانە لەوێ پیرەمێردێك ڕەمزی دەناسـێتەوە بـەهۆی ناوبانگی باوکیەوە بۆیە رێزیان لێ دەگیرێ و مێوانداریان دەکا .

بەم جۆرە بۆ مەبەستی رزگارکردنیان لەسەر داوای تیپەکەو بە کیسەی ئـەوان چەند ئێـسترێك بـە کـرێ دەگـرێ ماوەیـەك لەگـەڵیان دەڕوا ، لەبـەر مانـدوی کـە دەگەنە لای کەندەلانێك لەوێی دەحەسێنەوەو خەویان لێ دەکەوێت ئـیتر کـابرای شەبەك ئەمە بەهەلْ دەزانێ ، گەشتەکەیان پێ تەواو ناکا بەجێیان دەهێڵێ ، بەڵام لەگەلْ ئەویشدا ئەندامانی تاقمەکە ئەم کردەوەیە بەکارێکی خـراپ حـسێب ناکـەن ،چونکە هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندن لەوکاتی کە دەیتوانی بەگرتنیان بدەن .

تاقمەکە بەتەنیا دەکەونە ڕێ و لە نزیك کەلەکی یاسین ئاغا لە ڕێێ لادەدەن بەرەو خوار بۆ لای قایەغەکەی گوێڕ . بەقایەغ لەزێی بادینان ( زێی گەورە = زێـی کەلەکی یاسـین ئاغـا ) دەپەڕنـەوە دیـوی هـەولێر ، ئێوارەیـەك وەختێـك دەگەنـە گوندی تەرجان ئەمە گوندی ماڵی ڕەمزی بـوو ، ئەگەرچـی تـا دەهـات مەترسـیان زیاتر دەبوو ، بەتایبەتی کە لەشارو ئاوەدانی نزیك دەبنەوە، بەڵام بەهۆی خەڵکی ئەوناوچانە کە ناسـیاو بـوون بزووتنـەوەو کـاری خۆرزگارکردنیـان ئاسـانتر دەبـوو بەهۆی ئەو ناسیانەوە تیپەکە بەسواری ولاغ دەگەونـە هـەولێرو روو دەکەنـە مـاڵی عەتائولا ئاغا لەوی میولەر و تیپەکەی چاویان بە نافیع ئاغا ناکەوێ ، لەباتی ئـەو قەرەنی نافیع ( 1912ـ 1969)ی برا گەورەی ڕەمزی هەموو شـتێك لـە میوللـەر دەگەینێ : ئەندامانی تیپەکە لە تەك بەیەکەوە وەستابوون ڕەمزی دەسـتی رێـزی

خستبوه سەر سنگی سوعاد نافیع (1929) ی برا بچوکی و حاجی عەلی قاوەچی بزێو بوون هە ڵسوکەوتیان ئەوەی دەردەخست کە لایەنگری ئەڵمانن ، ئیتر قەرەنی بەناوی باوکیەوە دەڵێ ئێمە هیچمان پێناکرێ بۆ ئێوە باب وباپیرمان بەناحەزی ئینگلیز لە قەلەم دراون گەلێ زیانمان لێ کەوتووە ، لەو ڕووەوە ئیتر ئێوە خۆتان چارەسەری خۆتان بکەن، چونکە ئێمە هیچمان بۆ ناکرێ ،بەڵام ڕەمزی مەردانە پشتیان تێ ناکا ،چونکە بەراستی چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەوانەوە بەستبوەوە ئیتر لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجەی بۆی هاتبوون لەم هەلوێستەدا زیندە بەچاڵ کرا ، پیلانی میولەر ئەوە بوو یەکێك لە ئەندامانی تیپەکە بگەیینینە سەر سنوری تورکیا لەوێ خۆی بدە بەدەستەوەو بگیرێ و بخرێتە گرتووخانەوە ، بەم ڕەنگە بە هۆی دەسەلاتی تورکەوە قونسولی ئەڵمان لەوێ ئاگاتدار بکەن بەمە پێوەندی لەگەڵ دەولەتەکەیان پەیدا دەکەنەوە، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەو بەهۆی رەمزیەوە لە هەولێر دەردەچن بۆ گوندی بێوکەی نوردینئاغای مامی ڕەمزی . لێرە خورشید نورەدین (1917ـ 1987) ئامۆزا و هاوڕێی ڕەمزی یارمەتیان دەدا ئیتر بۆ مەبەستی گەیشتنی سەر سنوری تورکیا لەگەڵ قاچاغچیان ڕێك دەکەون کە بیانگەیێنێنە سەر سنوور بەم جۆرە لە پاش سەفەری هەولێریان قاچاغچیەکان دەگەرێنەوە گوندی بێوەکەو ڕێبەریان دەکەن تا سنوری تورکیا ،رەنگە هەڵەی هەرە گەورەی میولەر ئەوە بووبێت کە لەپێشەوە هەموو کرێکەی دابووە قاچاغچیەکان ئیتر ئەوان کرێکەی میولەریان خستە گیرفانیەوەو لە هەولێر جێگەی خۆشاردنەوە ئەڵمانەکانیان بۆ پۆلیس خانە ئاشکرا کرد بە ئومێدی ئەوەی هەزار دینار( بۆ هەر سەری 250 دینار )ەکەی پاداشتی میری بۆ گرتنی تاقمی (کردەوەی مامۆت) مسۆگەر بکەن. ئەفسەری پۆلیس بەدیع محەمەد نەشەهەت (1910ـ 1960 ) و پیاوەکانی دێنە گوندی بێوەکەو گەمارۆی ئەو جێیە پڕ لەدار و دەوەنە دەدەن ،هەرسێ ئەڵمانەکە دەگرن.لەوکاتەدا ڕەمزی لەوێ نابێ هەر بۆ ئامانجی لێکۆلینەوەو ترساندن و ئاسانکردنی گرتنی ڕەمزی هەموو کەس و کارو مامەکانی دەگیرێن تەنیا نورەدین

ئاغا ئازاد كرابوو بۆ ئەوەی ڕەمزی بیگرێ و بیدا بە میری ئیتر لەو كاتەی كە ڕەمزی دەچێتە لای نورەدین ئاغا بۆ ئەوەی ڕزگاری بكات ، بۆی ئاشكرا دەبێت كە ئەڵمانەكان گیراون و هەموو كەس و كاری خۆشی یا دەست بەسەر كراون یا خراونەتە گرتووخانە بە قسەی نورەدین ئاغا خۆی بدە بەدەستەوە هەموو هەولێكیشی بۆ دەدەن كە ئازاری پێ نەگا ، بەم جۆرە خۆی دەدا بەدەستەوەو لە گرتووخانەی هەولێر دەگاتەوە هاوڕێی ئەڵمانەكانی .

وەكو لەم گێڕانەوەیە بۆمان دەردەكەوێ ( كردەوەی مامۆت) بەمردوویی لە دایك بووە ، چونكە میوللەر و ڕەمزی هەردووكیان تێروانینیان بۆ ناوەرۆك و حەقیقەتی وەزعی كوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جموجۆلی سوپای سوێند خۆرەكان بەتایبەتی سوپای سوور ( سوپاسی سۆڤیەت) ڕاست نەبوو خۆ تاقیكردنەوەكەی ڕەشید عالی لەمێژ نەبوو ڕووی دابوو .

میوللەر تەنیا لەبەر ئەوەی كورد بە گشتی ئینگلیزی خۆش نەدەویست ، وای دەزانی قوربانی دەدا بۆسەركەوتنی ئەڵمان ، بێ گومان پێوەندی كۆنیشی بە شێخ مەحموودەوە و ناحەزی شێخ لەگەڵ ئینگلیز وای لێ كرد بوو كە ئومێدێكی زۆری بەو هەبێ ، زیاد لە سەر ئەم هەمووانە ڕەمزی لە ڕووی دڵسۆزی و گیانی ڕاستەقینەی كوردایەتی یەوە دەسەلاتی ماڵی باوكی و دایكی وا دەرخست بوو كە دەتوانن سوپاییێك دروست بكەن بۆ پالپشتی ئەڵمان بۆ مەبەستی دەركردنی ئینگلیز لە وڵات .

ئەمە دیارە بینین و دیاردەییێكی ڕاست نەبوو ، چونكە نەك بنەماڵەی ڕەمزی ،بەڵكو هەموو ئاغاكانی ناو شاری هەولێر عەشیرەتیان نیە لەگەڵ كرمانجەتی ناژین خەڵكی گوندەكانیان لە هەموو شتێك دا بە قسەیان ناكەن ، ئەمەو بێ گومان هەموو ئەو خزم و كەس و كارانەش وەنەبێ لایەنگری ئەڵمان بووین و ڕقیان لە ئینگلیز بوو بێ ، جگە لەوەی زۆر جار تەنگوچەلەمەی نێوان بنەماڵە دەولەمەندەكان بونەتە هۆی ئەوەی هەر یەكێك بەلایەكدا ڕای بكێشێ ، لایەنی

ئینگلیز زۆر بوون ، لایەنی تورکیش هـەبوون ، پێوەنـدی هەنـدێ بنەماڵـەی کـورد بەئینگلیزەوە بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمایەوە.

ئـەوەی بەڵگـەی ناڕاسـتی چـوونەکانی میوللـەر و ڕەمزیـیـە قـسەکانی قـەرەنی نافیعە بە زمانی باوکیەوە کە بەدوو وشە کۆتایی بە مەسەلەکە هێناو ((کـردەوەی مامۆت)) لەماڵی عەتائوڵلا ئاغا لە هەولێر دوایی پێ هات .

ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئیتر میوللەر بیر لـە رزگـارکردنی خـۆی و ئەنـدامانی هـەموو تیپەکـە بکاتـەوە . ڕەنگـە هـی وا هـەبێ بڵـێ ئەگـەر لـەبێتوێن بهاتنایـە خوارەوە، مەسەلە ڕێبێکی تری دەگرت . ئەمەش وانیە ، چونکە لەو سـەردەمەدا نە خاڵوانی ڕەمزی ، نە ماڵی باوکی نەهیچ لایـەنێکی تـری کـوردیش بۆیـان دەکـرا یارمەتی ئەڵمان بدەن ، چونکە ئەڵمان کـەوتبووە لێژییـەوە ،هـەروەها لـە ووزە و چاکەی چینایەتی سەرەك عەشیرەت و دەولەمەندەکانی شارا نەبوو لە کوردستانا بە گژ ئینگلیزدا بچن ، لە خواروو ناوەڕاستی عێراقدا ئینگلیز بەهێز بوو لە هەرێمـە دراوسێیەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوای عێراقدا ( ئێران و سـوریا و لوبنـان و ئـوردن ) سوێندخۆرەکان دەسەلاتیان هەبوو ، تورکیـا لـەدژی هـەموو مـافێکی کـورد بـوو ، ئیتر ئەمە هەمووی تەگەرە بوو لە ڕێی داگیرکردنی چاڵەکانی نەوتی عێراق .

تیپەکەی((کردەوەی مامۆت)) لـە رۆژهەلاتـەوە (مووسـڵ) روویـان کـردە هـەولێر ، مەسەلەکەیان ئاشکرا بوو بۆیە ناخۆشیان دی ئەگەر لەبێتوین بنیشتنایەوە و بەبێ ناخۆشی مەسەلەکەشیان ئاشکرا نەبووایە یا دەبوو لە ڕێوە هانا بەرن بۆ خـالوانی ڕەمزی پێم وایە ئەمانە هیچیان بۆ نەدەکردن ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگـەڵ ڕەمـزی بـوون ،ڕەنگـە هـەبوو یاریـدەیان بـدەن و بیانگەیێنێتـە هـەر جێیکـی میوللـەر بیویستایە .

لەبەرئەوەی ((کردەوەی مامۆت)) لە پلەی ئـەو ئامانجـە نـەبوو کـە بـۆی دانرابـوو (داگیرکردنی چالەکانی نەوت و گەیاندی کورد بـە مافـە نەتەوایەتیـیـەکانی ) سـەر نەکـەوت . ڕەنگـە هـەر لەبـەر ئـەوەش بووبـێ فەرمانـدەی سـوپای ئـەڵمان لـە سـەرەتاوە بایـەخێکی ئـەوتۆی نەدایـە تیپەکـەی ((کـردەوەی مـامۆت)) جـارێکی

تریش ئەوە دەخاتە ڕوو کە کوردستان بۆ سیاسەتی ئەڵمانیا گرنگ بوو ، هەر لەبەر ئەوەش نەوەکو تەنیا لە جەنگی دووەمی گێتیدا دەستی لە مەسەلەی کورد وەرداوە ، بەڵکو لە پێش جەنگی یەکەمەوە یا ڕاستتر لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەمەوە ئەڵمان خەریکی ناوچە کوردیەکانی دەولەتی قاجاری و عوسمانی بووە ، دیارە کۆششە خوێندەواری و ڕۆشنبیری‌یەکانی ئۆسکارمان زانا بەشێك بووە لەم ئامانجەی ئەڵمان .

## ڕەمزی و من

که باس لە خۆم دەکەم مەبەستم شەخسی خۆم نیە بەڵکو هەموو ئەو نەوەیەی لە تەمەنی من بوون و قوتابی قوتابخانە بوون و لە ڕووی نیشتمانپەروەری و کوردایەتیەوە بیروباوڕییان لە یەکتریەوە نزیك بوو ، من لێرەدا ڕەنگدانەوەی دڵ و دەروونی هەموو ئەو کەسانە دەخەمە ڕوو .کە هەواڵی ڕەمزی و پەراشووت و سوپای ئەڵمان بڵاو بووەوە ، تازە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرتاییمان دابوو یا دەدا هەندێکمان دڵیان زۆر بەوە خۆشبوو کە پاداشت و دیاری سەوقاتی سەرکەوتن و دەرچوونمان لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی چوونە ریزی بەچکەشێرانی هیوایە. ئەحمەدو خالیس و من بووین ، ئەنوەر بەقورئان و خەنجەر و شتی تر سوێندی داین ، ئینجا عەلی بوو بەڕێبەر و فێرکەرمان ئێمە کە ناوی ڕەمزیمان بیست نەماندەزانی بە ڕاستی ئەندامی هیوایە ، بەڵام لەوە دڵنیا بووین کە قارەمانێکی وەکو ئەو دەبێ ئەندامی هیوا بێ .

مووچڕکی خۆشی بە لەشمانا دەهات ، هەندێکمان حەزی دەکرد لەباتی ڕەمزی بووایە ، هەندێکی تر ئارەزووی دەکرد لەگەڵی بووایە . ئاخۆ ئێمەش کە گەورە ببین بۆمان ڕێکدەکەوێ لە سەر شانۆی ژیان دا دەورێکی وەکو ڕەمزی بنوێنین !

ڕەمزی بۆ ئێمە کاکە بوو ئەگەر چی زۆریشمان چاوی پێ نەکەوت بوو .

بەڵام من بەش بەحالی خۆم لە هاوینی ساڵی 1943 وە تا ئێستا ئەدگاری دیاری ڕەمزی لە سوعادی برای و ئامۆزاکانی دەبینم ، ئەوانەی لەگەڵ ئێمە هاوتەمەن

بوون له قوتابخانەی سەرەتایی هەمووومان هـاوڕێی خوێنـدن و قوتابخانـە بـووین ، بەڵام ئەدگاری ناوەوەو شاراوەی ڕەمزی هەموو نیشتمانپەروەرو کـورد پـەروەرێك لە ناخی دڵ و دەروونی خۆیدا دەبینێ ، مەسەلە ئازایی و قارەمانیـەتی نیـشتمان پەروەری ڕەمزی شتێك لـە بـیری نەدەچـووەوە .زانیـاری لـە بـارەی ((کـردەوەی مامۆت))ەوە هەر ئـەو زانیارییانـەی کـە بنەماڵـەی ڕەمـزی دەیـانزانی یـا خـەڵکی گونـدی بیۆکـە دەوروبـەری ئاگـادار بـوون بـاوەڕیش ناکـەین خـەڵکی تـا دەگاتـە خزمەکانی ڕەمزیش هەموویان لەگەڵ کـردەوەی ڕەمـزی بـوو بـن و مەسـەلەکەیان بەهی خۆیان زانیبێ ، بەڵکو لەوە دڵنیابن کە بەشـێکی زۆر لـە وانـەی کـە بـەهۆی ڕەمزیەوە زیانیان پێ گەیشت بـوو ، نـەوەکو تـەنیا خۆیـان دووره پـەرێز دەگـرت بەڵکو خۆیان لە خزمایەتی و هاوڕێیەتی رەمزیش دووردەخستەوە بۆیە مەسەلەکە لای خۆمان کپ بوو ، پەردەی خرابووە سەر تا چەند ساڵێك لەمەو بەر .

لە ساڵی 1959 کە تیپەکەی میوللەر بە ئەڵمانی بڵاوکرایەوە ، یەکسەر هەوڵی بەرگوێم کەوت لەسەرەتای شەستەکاندا بۆ خوێندن رووم کردە یـەکێتی سـۆڤیەت (مۆسکۆ لینینگراد) لە یەکـەم گەشـتی شـاری بـەرلینی رۆژئـاوا (هـاوینی 1960) دەنگو باسی ئەم کتێبەم لە خوێندکارە کوردەکـانم پرسـی گـەلێك لـەو نـاوەرۆکی هەر لەم کاتەدا بۆم ڕوون بووەوە . لە پاشاناکە د.عبدلقادر غریب بـوو بـە قوتـابی لەبەرلینی رۆژئاوا بەناوی ئەوی کە هەولێریە هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی زۆری بەو مەسەلەیە دابوو ، کتێبەکەی دەست خست و ئاشـنایەتی و دۆستایەتیـشی لەگـەڵ میوللەر پەیداکرد ، هەر لەو سەردەمەو چەند جارێك قسەمان لەو بابەتەوەکرد کـە ئەو کتێبە بگۆردرێتەوە سـەر زمـانی کـوردی یـا عـەرەبی دیـار بـوو لـە نووسـینی کوردی و عەرەبیەکەی ڕازی نەبوو ، نەشی دەویست لە پێداچوونەوەیدا من ماندوو بکا بێگومان زۆریشی حەزدەکرد کە کتێبەکە بکرێ بـە کـوردی . ئـیتر مەسـەلەکە مایـەوە تـا سـاڵی 1980 کـە چـاپی ئینگلیـزی کتێبەکـە دەرچـوو (د. عبـدالقادر

غريب)زوو به زوو دانەیەکی پێشکەش کردم ، ئەمە لە پاڵەوە ئەوەی دەگەیاند کـە چاپە ئینگلیزەکە زیاتر رێگە خۆش دەکـا بـۆ گـوۆرینی بـۆ زمـانی کـوردی، بـەڵام دوورخـستنەوە لــە زانـستگای بەغـدا (1981) و لــە دواجــاردا دوورکەوتنـــەوە لەوڵاتیش (1983 ـ 1988 ) رێگەی هێنانەدی ئەم پرۆژەیەی لێ گرتم وا بوو لەو ماوەیەی کە لەدەرەوەی وڵات بووم ( زانستگای عەننابە لە جەزائیر ) میولەر خۆی دانەیەکی لە چاپە ئینگلیزەکە بۆ ناردم، ئەوەشی دەربری کە زۆر بـەختیار دەبـێ ئەگەر کتێبەکەی بە زمـانی زگمـاکی ڕەمـزی ببینــێ و ئامادەیـە بـۆ هـەموو یارمـە تێبینیەك لە پێناوی گۆرینی کتێبەکە بۆ زمانی کوردی هەر لەو سەردەمەدا بوو بە یەکەمین جار کۆمەڵێك لە نووسـەرانی کـورد هەنـدێ وتــارو تێبینیـان لـە رۆژنامـەو گۆڤــارە کوردییەکانــدا بڵـاو کـردەوە بەگـشتی نووســینەکان دوو بابــەت بــوون :بەشـێکیان زانیاریـان لـە نزیکەوەتێـدابوو وا تـەهاورێی و ناسـیاوی ڕەمزیبـوون بەشـەکەی تریـان لـەدوورەوە لـەڕووی تێوریـەوە لـەژێر ڕۆشـنای ئیدۆلۆجیـەتێکی دیاریکراو تەماشای ڕەمزی و کردارەکەیان دەکرد لەبەرنەمـە ئـەوەش بـوو بـە دوو بیرورای جیاو پێچەوانەی یەکتری وای لێ هات بەیەکـەمیان بڵێـی ( نـەوا سـوێر ) و بەدووەمیان بڵێی (نـە وا بـێ خـۆی ) ئـیتر ئـەم نووسـینانە زیـاتر هانیـان دام کـە بکەومە خۆ بۆ ئامادەکردنی کتێبەکەی میوللەر بەکوردی ، کە بـێ گومـان وەرامـی گەلێ پرسیار دەداتەوە ، دەمێنێتەوە سـەر بـیرورای خـەڵکی لەبابـەت هەڵوێستی ڕەمزیـیـەوە ، ئەمــەش دەبــێ بــە گیــانێکی دیموکراتییانــە وەربگـیرێ و هــەموو کەسیش سەربەستە لە بیرورای خۆی ئێمەش بـیرورای خۆمانمـان هەیـە. لـە پـاش گەرانەوەم بۆ مەڵبەندی رووناکی لە هەولێر لە هەموو شـتێك زیـاتر دەسـتوو بـردم کرد بۆ ئامادەکردنی کتێبەکەی میوللـەر بـە کـوردی ،بـەخت یـاربوو لاوێکـی ژیـرو

تێگەیشتووی کوردی و ئینگلیزی زانی وەکو بەدران ئەحمەد حەبیب هەڵکەوت کە بتوانێ ئەم ئەرکە بە چاکی بگەیەنێتە ئەنجام .

بەدران کتێبەکەی گۆڕیە سەرزمانی کوردی پێداچوونەوەو بـژار کردنـی کەوتـە ئەسـتۆی مـن ، جگـە لـەوە دەبـوو پـەراوێز و شیرازەشـی بۆبکـەم ، بـێ گومـان پێـشکێش شـتێکی پێویـست بـوو ، چـونکە گـەلێ لایـەنی تـری مەسـەلەکە روون دەکاتەوە .

سەرچاوەو کەرەستەی پەراوێز و شیرازە و نووسینی پێـشەکی زینـدوو بـوو ، واتە قسەی سەر زمان و ئەزبەر بوو ، لە پێشانا لە برا و کـەس و کـارو نزیکـەکانی ڕەمزی وەرگیرا ، ئینجـا دۆسـت و بـرادەران و ئـەو کەسـانەی ئاگـاداری ڕوداوەکـە بـوون ، لەبـەر ئەوسەرچـاوە نوسـراوەکان (ئـەو وتارانـەی لـە سـەر مەسـەلەکە بلاوکرابوونەوە) پشت گوێ خران ، چونکە زۆریان بیروڕای ئیدۆلۆجی بوون ، وەکو ئاشکراشە مەبەستی ئێمە ئەوە بوو کتێبەکەی میوللـەر لـەنهێنی دەربهێـنین ، بـۆ ئەمە تەنیا زانیارییانە بخەینەڕوو کە پێوەندیان بە ڕوونکردنـەوەو ڕاسـتکردنەوەی زانیاریەکانی ناو کتێبەکەوە هەیە .

ئێمە لەم پێشەکیەدا کارمان بەسـەر ئـەوەدا نییـە تێبینـی بەرانبـەر ئـەو بیر ڕایانە دەردەبرین کە بۆ مەسەلەی ڕەمزی هاتوونەتە ناوەوە ، واتە ئـەوەی بـەلای ئێمـەوە ڕاسـت پەنجـەی بـۆ درێـژ بکـەین و ئـەوەی هەڵەیـە بـە بەڵگـەوە ڕەتـی بکەینەوە ، ئێمە ئەوە ناکەین . بەڵام مافی ئەوەمان هەیە بیروڕای تایبەتی خۆمان دەربڕین بە هەموو سەربەستیەکەوە ، هەرکەسێکی هی تری هەیە ، یا بەپێـچەوانە ، با بفەرموێ .. هیچ شتێکیش لە دیموکراتی و سەربەستی خۆشتر نییە .

## ڕەمزی نیشتمانپەروەر

نزیکەی نیو سەدە بـە سـەر ئـەو ڕووداوانـەدا تێپـەڕی کـە میوللـەر و ڕەمـزی قارەمانی بوون ، کەچی میوللەری ئەڵمان وا لەشاری شـتووتگارت دەژی و هێـشتا مـاوە ، بـەڵام ڕەمـزی کـورد زیـاتر لـە چـڵ سـاڵ لەمەوبـەرەوە هاوڵـاتی شـاری

خامۆشـانه لـه هـەولێر . ئـەم مـاوه زۆره هـەموو كـردەوەو ڕووداوێـك لـه نهێنـی دەردێنێ ، بۆیه نابێ هـیچ شـتێك پـەردەی بـه سـەردا بگـیرێ و پێویـسته هـەموو شتێك به ئاشكرا بوترێ .

ناوەرۆكی نیشتمانپەروەری شتێكی موتلەق و هەمیشەیی نییه ، بەپێ سەردەم و ڕۆژگـار دەگـۆڕێ ، هــەروەها بــەپێ ی هەولوێـست بەرانبــەر بــەكردەوەیێك خوێندەواری دەوروبەری جەنگی ـ دووەم له كۆمەڵی هەولێر ئەوانەی بیریان لـه دوا ڕۆژی میللەت دەكردەوه دەبوو یا لایەنگری ئینگلیزبن ، یا خۆیان سەر به ئـەڵمان بزانن یا توركچی بن ، ئەوەی توركچیەتی دەكرد پێوەندی بـەم باسـەی ئێمـەوەی نییه .

هەرچی ئینگلیـز بـوون لـەو سـەردەمەدا ئێـسكی قورسـبوو ، خراپـەی لەگـەڵ هـەموو عێـراق كردبـوو ، نـەوكو تـەنیا كـورد كاربەدەسـت و موچـەخۆری گـەورەو بەشێك لەبۆرجوازی و دەرەبەگ و دەست ڕۆیشتووەكان كه سـەر بـه ئینگلیزبـوون وەنـەبێت لەكۆمەڵـدا ڕێزیـان گیرابـێ بێگومـان خۆشـیان هەسـتیان بەمـه دەكـرد بەرانبـەر بەمـه تـەنیا نـازی بـوو كـه هێـزو نـاوێكی هـەبوو لـه ناوچـەكەدا و دژی ئینگلیزیش بوون ،خەڵكەكه خراپەیان لێ نەدیبوون بەقوولیش لەفەلـسەفەی نـازی نەگەیـشتبوون ، ئاگـاداری كـاری كـردەوه ناهامورەكانیـان نـەبوون كـه هــەموو مرۆڤایەتی تووشی بوو بـوو ،لەبەرئـەوەی لایـەنگری ئـەڵمان بـوو بـوون، بەبەڵگـەو نیشتمان پەروەری ئێمه هەمومان لەبیرمانه ئەو مندالانەی خۆیـان بـەنازی دادەنـا گـەلێ سـەربلندتر بـوون لەوانـەی كـەوا هەسـت دەكـرا كـه سـەربەئینگلیزن ،دەبـێ ئەوەش بـزانین كەلـەو سـەردەمەدا لەهـەموو عێـراق نـازی قەدەغـەبوو دەسـتوری ئینگلیز لـەناوه بـوو خـۆ هـەمومان هەراكـەی هـەولێرمان لـەبیره كـه سـاڵع زەكـی موتەسـەریف بـوو (1941) ،هـەروەها لەبیرمانـه هـەر منـدالێكی بـاوكی پیـاوی ئینگلیز بوو بێ چەند چاو شۆڕ بـووه لـەناو خـەڵكی ، ئەمـه هـەمووی بەڵگەیـەكی ئاشكراو گرنگ بوو كه ئەم خەڵكه ساكاره لەدژی ئینگلیز بوون .

کەچی راستیەکەی پێچەوانەبوو ، نەك لەو رۆژەوە کە ئەڵمان جەنگی دووەمی داگیرساند،بەڵکو لەو رۆژەوە کە هیتلەر دەسەلاتی گرتە دەستی خۆی نازی دەردێکی کوشندە بوو تووشی هەموو مرۆڤایەتی بوو بوو، جەنگەکەش هەر لەسەرەتاوە جەنگێك بوو لەنێوان چاکەو خراپە ، هەر لەسەرەتاوە نیشتمانی بوو بۆ هەموو مرۆڤێکی دژ بەنازی نەك لەو رۆژەوە کە هیتلەر هێرشی نامەردانەی بردە سەر وڵاتی روس و سۆڤیەت ، لەبەرئەوەیە ڕەمزی نەوەکو لە ساڵانی 1942 ـ 1943 ، بەڵکو لەساڵی 1940 یا لە ساڵی 1945یش هەرەوەزی لەگەڵ ئەڵمان بکردایە بۆ ناوەرۆکی سیاسی ئەو رۆژە راست بوو ڕەمزی یا دەبوو لایەنگری ئینگلیز بێ یان ئەڵمان نەدەبوو لایەنگری تورك ،چونکە بەکوردی پەروەردە کرابوو لەماڵیاندا هەوایەکی دژ بەئینگلیز هەبوو ئەمە بوو بوو بەهۆی ئەوەی مەیلی بۆ ئەڵمان هەبێ ، لەوکاتەدا ئەو مەیلە دروشمی نیشتمان پەروەری بوو ، خۆ ئەگەر ببوایە بەئینگلیز خوا ئێستاو ئەوساش بەچاوێکی تر تەماشا دەکرا ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ڕەمزی بەدوای هیواو ئامانجێك وێڵ بوو، کەچەند جاران ئینگلیز بوو بوو بەتەگەرە بۆ هێنانەدی ئەو هیواو ئامانجانە،بەلام وا رێك نەکەوتبوو تاقی کردنەوەی لەم لایەنەوە لەگەڵ ئەڵمان هەبێ، ئەمەش هاندەرێکی تر بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەڵمان رێك بکەوی مەسەلەکە هیچ نەبی لەڕووی تێورییەوە ڕاست و رێك بوو ، بۆیە بەڵگەی لەخۆبردن و قارەمانیەتی زیاتر لەرەمزیدا دەردەکەوێ بێگومان پارتی هیوا دەورێکی باڵای بووە لە بەهێز کردنی گیانی نەتەوایەتی لە ڕەمزی و لاوی کوردی ئەم سەردەمە ئەگەر چی هیوا تێورییەکی تایبەتی نەکردبوو بە ئیدۆلۆجیەتی خۆی لەبەرئەوە تەکتیکی لێل و شێواو پڕ لەتەنگ و چەلەمە بوو ، بەلام لەبەر ئەوەی ستراتیجی هێنانەدە ئامانجی نەتەوایەتی بوو بۆیە وەك پارتیەکی نیشتمان پەروەر چووە ناو مێژووی سیاسی میللەتەوە ، جا هەر ئەندامێك بەڵگەیەکە هەبوو بۆ هەڵبژاردنی ئەو بیروباوەڕەی بەڕاستی دەزانی بۆ دیارکردنی دوارۆژی نەتەوە ، لەبەرئەوە ئەگەر رێگەیەکی ناراستیشی گرتبی (گرتنی لایەنی نازی) هەر دەبێ بە نیشتمان پەروەر ، چونکە

بەدلسۆزییەوە وای زانییـە ئـەم ڕێگەیـە دەگەیەنێتـە ئامـانج ، ڕەمـزی بـۆ هـەولێر شۆڕشێك بوو ،شۆڕشەکەی لەپێناسی خۆیەوە دەست پێ دەکا ، شانازی بەوشەی (ئاغا)وە نەکردووە، بە (ڕەمزی نافیع ڕەشید) خۆی بەخەڵکی ناسـاندووە ،ئەگـەر چی لەشار گەورە بووە، بەڵام خۆرەوشتی دەشتیشی پاراستووە شارێکی دێرینـی وەك و هەولێرە کۆنە بەتەمەنی سێ چوار هـەزار سـاڵ چـەند جـار تـەخت کـراوەو قەلای روخێنراوە بەسەرهاتی مێـژوو پـەروەردەیـەکی تایبـەتی خـەڵکی شـارەکەی کردووە ،بەڵام ڕەمـزی ئـەم بوونـەی رووخانـد ، چـونکە نیـشتمان پەروەرییەکـەی تەنیا بەقسەو لەرووی تێۆرییەوە نـەبوو ، بـەڵکو بـەکردەوەو پراکتیکـەوە چـوومە مەیدان .بەرلین و مەشقی پەراشووت و سیلاح شـۆڕی بـەبێ ڤیـزە بـە پەراشـووت دابەزین لە وڵاتی خۆت .

**سڵاو و سوپاس**

سلاو سوپاسی گەرم و بێ پایانم :

بۆ گۆتفرید میوللەر ، چونکە کتێبەکەی پێشکەشی کردم ، دڵخۆشـی نوانـد بـۆ گۆرینی کتێبەکە بۆ زمانی کوردی ، نەوەکو هەر ئەوەندە بەڵکو ئامادەی یارمـەتی تریش بوو .

بۆ دوکتۆر عبدالقادر غەریب ، چـونکە هـەر لـەو رۆژەوە لـە ئـەڵمانیا نیـشتەوە عەودالی سەروسۆراغی ڕەمزی بوو ، رەمزی خۆش دەویست ، وەکو هاونیـشتمان و هاو شاری ، لە هـەموو یـەکتر بینینێـك هـەر بیاسـی ڕەمـزی بـوو ، میوللـەری پـێ ناساندم و کتێبەکەی بـۆ نـاردم بـۆ کـاك سـوعاد نـافیعی بـرای ڕەمـزی و هـاوڕێی قوتابخانەی سەرەتاییم ، بۆ مامۆستا سەردار میرانی خزمی ڕەمزی .

بۆ مامۆستا عەلی مەحموود جوکلی خـەڵکی گونـدی مـاڵی نـوورەدین ئاغـا مـامی ڕەمزی . چونکە گەلێ شتیان لە ژیانی ڕەمزی بـۆم ڕوون کـردەوە ، هـەموو تـەنگو چەڵەمەیێکی لە بابەت مێژوو و جوگرافیا و بیوگرافیا هەبوو بۆیان ئاسان کردم .

قەرزاری کاك سوعاد نافیعم بۆ هەموو وێنەکان . سلاو بۆ گیانی پاکی ڕەمزی .

مارف خەزنەدار

هەولێر - رووناکی

1ی تشرینی دووەمی 1989

**پەراوێزەکان**

1 ـ بەڵام لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق بیروباوەڕی مارکسیزم پەیدا بوو بوو و باوەڕ پێ کراویشی هەبوو .کەچی لەکوردستانی عێراق تەنیا ناوبانگی هەبوو ولایەنگری بە نەبوو حسێب دەکرا.

2 ـ زۆربەی بەچەکشیراتی هیوا لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی دا خۆیان بە نازی دەزانی .

3- muller g.j. Einbruch ins veschloss Kurdistan (phiIadeja) buch handIung au gust fuhr reutIingen 1937 . 743 s . 12 taI .

ناوی کوردی کتێبەکە بە ئەڵمانیاوە لە کردەوەی د. جەماڵ نەبەزە ، بڕوانە (کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا ) ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی دووەم ،بەشی یەکەم ، بەغدا ، 1974 ، ل 453 .

4 ـ ئەم زانیارییانەم لە د.موکەررەم تاڵەبانی وەرگرتووە لە رۆژی هەینی 30ی حوزەیرانی 1989 لە بەغدا .

5 ـ ئەم جەلال یاوەرە خاڵی هەندێ لە کوڕەکانی نافیع ئاغایە ، هەرچی دایکی ڕەمزیشە لە میرانەکانی شەقلاوەیە .

6 ـ کاك سوعاد نافیع کە جەلال یاوەر خاڵیەتی مەسەلەکە بەجۆرێکی تر دەگێڕێتەوە، دەڵێ لەو کاتەی کە ڕەمزی چووەو سۆراغی ماڵی جەلال یاوەری کردووە ، لەودەمەدا هەر لە مووسڵ نەبووە ، پێش ئەوە بە ماڵەوە لە موسڵ گوازراوەتەوە .

7 ـ ئەو ماڵەی هەموو کوڕەکانی ڕەشید ئاغا تێیدا دەژیان ، لەوانە نافیع ئاغای باوکی ڕەمزیش بەناوی مافی عەتائوڵلا ئاغای مامی ڕمزی یەوە ناوبانگی دەرکردبوو .

8 ـ میوللەر ناوی قاوەچی یەکەی بە ئەحمەد دەبا ، ڕاستیەکەی ئەوە کە ناوی عەلی بووەو ناوی کوڕی ئەحمەد بووە ، لەو سەردەمەدا تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ بووە.

9 ـ سوپاس بۆ کاك عەزیز حەریری کە بووە هۆی ئەوەی ببم بە ناسیاو و هاوڕێی کاك بەدران ئەحمەد حەبیب .

10 ـ ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە کە مامۆستا سەردار میران بە زمانی عەرەبی چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکە ( چاپی ئەڵمانی ) بلاۆ کردۆتەوە لەگەڵ پیشان دانی پێشەکییەکە ، بڕوانە سەردار میران ، **کردستان في نظر سائع ألمانی ، مجلة کاروان ، العدد** 57 ، **تموز** 1987 ، **ص** 130- 134 .

***ئەم وتارە لە گۆڤاری کاروان ،ژمارە (89) ،ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1990، لە لاپەڕە 27–35 بڵاوکراوەتەوە .**



حاجی رەشید ئاغا باپیری ڕەمزی نافیع

# هەندێ زانیاریی تر دەربارەی ڕەمزی نافیع

د. عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا*

نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر ، ڕۆژێکیان بەڕێز کاك مەسعود محەمەد لەگەڵ بەڕێز د .کمالُ مەزهەر باسی خولێخۆشبوو ڕەمزی نافیع ئاغایان کرد ، منیش وتم ئەو ساڵە من لەهەولێر دوکتۆری حامیە بووم . هەندێکم لەو بەسەر هاتە بیستووە ، هەردووکیان وتیان ئەمانەوێ شتێك لەو بەسەرهاتە دلێرانەیە بنووسین ، بۆ ئەوەی ئەو پاڵەوانە بەنرخە لەبیر نەچێتەوەو هەر لەیادا بێت ، بۆ ئەوەی ڕۆژێك دێینە لات چیت دیوە چیت بیستووە ، ئەوەی لەبیرت ماوە بۆمانی بگێڕەوە ، منیش بەڕاستی زۆر پێخۆشحالُ بووم بتوانم یارمەتیان بدەم . بەڵام داخەکەم ، ساڵێکی ڕەبەق تێپەڕی هەرنەهاتن ، هەتا لەم ڕۆژانەدا لە گۆڤاری ژمارە (33)ی کاروانی خۆشەویستدا نووسینە بەنرخەکەی مامۆستای مەزن و بەڕێز کاك (مەسعود محەمەد)م بەرچاوکەوت ، لە نووسینەکەیدا داخوازی لێ کردم چیم دیوەو چیم بیستووە هەتا تەواو پیرو پەك کەوتە نەبووم بینووسمەوە .

زۆر حەزم ئەکرد مامۆستای مەزن و بەڕێز بەدەست و پەنجە نەخشینەکەی خۆی ئەمەی من ئەیزانم بەڕازاوەیی بینوسیایە نەك ناشیەکی وەکو من ئەم باسە مێژووییە بەنرخە تۆمار بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا زات ئەنێمە بەرخۆم چیم بیستووەو چیم لەبیرماوە پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم هیوادارم نرخی مێژوویی هەبێت .

ڕۆژێکیان سەیردەکەم شاری هەولێر خرۆشاوە ، خەڵقەکە پێکدا دێن و دەچن ، سرپە سرپیانە لە چەند کەسێکی لەوانەی ئەیان ناسم لێم پرسین چی هەیە ؟ ..

چی نیە ؟ بۆچ وەها شپرەبوون و پێکدادێن و دەچن ؟.... تـەنیا وەرامیـان ئـەوە بوو ((ئەڵمان هاتوون )) ئەڵمان هاتوونە کوێ ؟.. چی ئەکەن ؟.. کەس نایزانی !

لەپاشان ئامیر حامیەم دی ، خولێخۆشبوو سید حسن بوو ، جگە لەوەی ئـامیر حامیـە بـوو دۆسـتایەتییێکی باشمـان هـەبوو ، لـێم پرسـی چـی هەیـە ؟... وائـەم حەشاماتە خرۆشاون وتـی چـەند زابتێکـی ئـەڵمان هاتوونـە ئـەم هەرێمـەو خۆیـان شاردۆتەوە ، ئەوا خـەریکن بەهـەموو لایـەك جێگـەکانیان بدۆزینـەوە ، تێگەیـشتم مەبەستی لە هەموو لایەك ( **شرطة و عسکری**) بوو .

وابـزانم ڕۆژی دوایـی بـوو یـا هـەر ئـەو ڕۆژە سـەیرم کـرد ئێـستر سـوار - بەسەرکردایەتی (ملازم سید حسین)ی برای (سیدحسن) بە ناو شارا تێ ئەپـەڕن ، پرسیم وتیان ئەچـێ ((ئەڵمانـەکان )) بگـرن . هـەر ئـەو ڕۆژە لـە دێ یـەکی نزیـك هەولێر کە دێی ماڵی ( نافیع ئاغا) بوو . (( ئەڵمانەکان )) کـە لـەناو دارو درەختـی دێیەکەدا خۆیان شاردبۆوە بەدی یان کردن و گرتیانن و هێنایاننە شاری هەولێر بۆ سەرا .. لە ژووری (**مدیر شرطة**) خوا لێ خۆشـبوو صـبری عەبـدوڵڵا دایـان نـان ، نەیان هێشت کەس بەلای ئەو ژوورەدا تێپەربێت.

دوای گرتنی (( ئەڵمانەکان کەوتنە سۆراخی خوالێخۆشبوو کاك ڕەمزی ، لەکوێ بیدۆزنەوە ؟... هەنـدێك وتیـان لـە مـاڵی خزمێکـی خـۆی شـاردبۆوە . هەنـدێکیش ئەیان وت : کەس و کاری کەزانیان حکومەت پـێی زانیـوەو بـە شـوێنیا ئەگـەرێن خۆیان هێناویانە داویانە بەدەستەوە .

هەرچۆنێك بێت ئەویش ڕۆژی دوایی گیرا ، بەڵام چۆن زانرا ڕەمزی لەگـەڵ ئـەم ((ئەڵمانانە)) دا بووە بۆم روون نەکرایەوە .

ئـیتر کارەکـەیان ئەوەنـدە بـەنهێنی گرتبـوو نـەیان هێـشت کـەس بیانبینـێ و قـسەیان لەگـەڵ بکـا. تەنانـەت منـیش کـەزۆر ئاشـناو دۆسـتی (سـەبری و سـید حەسەن) بووم نـەیان هێـشت بـچمە ژوورەوە . وابـزانم هـەر ئـەو شـەوە ڕەوانـەی بەغدایان کردن لەهـەموو هـەولێردا ، دەنـگ بـڵاو بـۆوە کـە ئـەم ئەڵمانانـە لەگـەڵ دلاوەری نەمری کوردا ڕەمزی (نافیع ئاغا ) هاتوون بۆ کوردستان و سەرکردەکانی

کورد ، بەتایبەتی (شێخ محمود) ببینن ، وە بەیارمەتی ((ئەڵمان)) کوردەکان شۆڕشێك هەڵگیرسێنن هەزاران وێنەی (شێخ محمود)یان لەگەڵ خۆیان هێناوە

( منیش گەلێك تەقەلام دا تێ بگەم و بزانم چی بووە ، بەڵام لێرەدا ئەبێ پێ لەوەش بنێم کە وتیان دەرمانی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێناوە ، ویستم ئەو دەرمانانە یابەهیمەت یا بەقیمەت دەستم کەوێت ، چونکە لەوساڵانەدا دەرمان بەتایبەتی دەرمانی (( ئەڵمانی )) زۆر بە نرخ بوو وەلەبازاردا دەست نەدەکەوت .

بۆئەوەی ڕاستی شتەکە تێبگەم ، بڕیارم دا چاکتر ئەوەیە یەکسەر لە ( **مدیر شرطة**) وەرگرم ، لەبەر ئەوە چوومە لای ، لێم پرسی کە بەڕاستی چی بووەو ، چۆن بووەو؟ چی لە ((ئەڵمانەکان)) تێگەیشتووە پێم بڵێت ؟... وتی :سێ **ظابط** بوون ، یەکێکیان (ملازم دکتۆر) بوو ، ئەویتریان ( ملازم ئەندازیار) بوو . وتی هەرپرسێکان لێ ئەکردن (( دووملازمەکە)) دەستیان بۆ (ڕائد)ەکە درێژدەکرد ، مەبەستیان ئەوەبوو ئەوان مافی قسەکردنیان نییە . تەنیا (رائد)ەکە بەبۆنەی ئەوەی سەرکردەیانە ، مافی قسەکردن و وەڵام دانەوەی هەیە .ئەویش بەجۆرێك دەمی نابوو بەیەکدا هەرچیمان لێ ئەپرسی ورتەی نەدەکرد ، وەرامی هیچ پرسیارێکی نەئەدایەوە . دوای گەلێك تەقەلادان ، دەمی کردەوە، وتی یەك شتان پێ بلێم ، هەرپرسیارێك بکەن و بەهەرجۆرێکی بکەن من وەڵامتان نادەمەوە ، بەڵام ئەمەوێ بۆ مێژوو یەك شتتان تێ بگەیێنم وە دوای ئەوە هیچ خۆتان ماندو مەکەن چونکە هیچ هێزێك نییە لە جیهاندا بتوانێ قسە لەئێمە دەرهێنێ ، ئێمەش پێمان وت : فەرموو چیت ئەوێ بیلێ ئەوا گوێمان گرتووە ، لە ئێمەش وابوو کە دان بە هەندێ نهێنیدا ئەنێت .

کابرای ئەڵمانی خۆی قنج کردەوە .. (وتی: وەکو هەموو بیستووتانە ئەلێن گەلی (ئەڵمان)ی لەگەلانی جیهان ئازاترو جەنگاوەرترن . بەڵام لەم کارەماندا بۆمان دەرکەوت گەلی کورد لە ((ئەڵمان)) ئازاترو بەجەرگترن ئێمە لە ((ئەڵمانیا)) لە سێ چوار مانگ پتر مەشق ئەکەین هەتا فێر ئەبین چۆن بەچەتر (پارەشوت)خۆمان لە فڕۆکەوە بەردەینە خوارێ . بەڵام ئەو کوردە بەجەرگەی لە

گەڵمان هات چەند تەقەلای لەگەڵدا درا فێری بەچەتر هاتنە خوارەوەی بکەن هەر ملی نەداو ئەی وت من بێ مەشق کردن خۆم ئەهاوێژمە خوارێ ئێمەش بەراستی کەوتینە دوودلیەوە ئایا برواى پێ بکەین ؟.... ئایا ناترسێت ؟.... ئەگەر ترساو خۆی نەهاوێشتە خوارێ !... بەرنامەکەمان سەرناگرێت ، وەئەبێ بەتەریقی بگەرێینەوە ، گەلێکی تر تەقەلای لەگەڵ درا هەربێ سوود بوو !.... ئاخری وتی چیتان لە من ئەوێ ؟ ناتانەوێ بەچەتر خۆم فڕێدەمە خوارێ ، باشە ئەوا من بڕیارم دا کە گەیشتنە کوردستان من یەکەم کەس بم لە پێش ئێوەدا خۆم بهاوێژمە سەر زەوی.

کاك ڕەمزی چەند وێنەیەکی هەبوو بەجل و بەرگی کوردیەوە گیرابوو ، لەسەر ئەو وێنانە جل درویەك چەند دەستێك جلی کوردیان بۆ بڕین .. ئینجا دوای ئەوەی چی پێویست بوو ئامادەمان کردو ، خۆمان ئامادە بووین ، فەرمانەکمان بۆهات بکەوینەڕێ سواری فڕۆکەبووین بۆ ((ڕۆستۆف لە روسیا )) پاش پشودان ، لەوێ وە کەوتینە ڕێ بەرەو کوردستانی عێراق .

بەڵام داخەکەم کە سنوری عراقمان بڕی و گەیشتینە عراق زریان و رەشەباو تۆفێك لە ئاسمان هەڵی کرد . فڕۆکەوان سەری لێ تێکچوو ، راست و چەپی خۆی گوم کرد ، فڕۆکە وەکو بێشکەی شکاوی لێ هات . فڕۆکەوان چاری نەما پێی گوتین ئەبێ خۆتان بهاوێژنە خوارێ ئەگینا لەوانەیە فڕۆکەکەمان بشکێت و هەموومان بمرین ، لەبەر ئەوە بڕیارماندا خۆمان بهاوێنە خوارێ... کە ئەم بڕیارەماندا سەیرمان کرد ڕەمزی وەکو پڵنگ راپەڕی و هەستایە سەرپێ وتی : (ئەوا من خۆم ئەهاوێژمە خوارێ هیوادارم لەسەر زەوی یەکتر بدۆزینەوە) .هەردەرگای فڕۆکەی بۆ کرایەوە بەدوو چاوی گەشی پرخۆشی یەوە ، بۆ سەر زەوی و خۆی هاوێشتە خوارێ. ئەو پالەوانە بەجەرگە کە هیچ بڕوامان نەبوو ئەوەندە ئازاو بەجەرگ بێت بەچەشنێك هەموو سەرمان سوڕماو حەپساین ،دوای ئەو ئێمەش یەکە یەکە خۆمان فڕێدایە خوارێ ، کە گەیشتینە سەر

زەوی هێشتا تاریك و رون بوو... لەیەكەوە دووربووین ، ئاگامان لەیەكتر نەبوو ، هەریەكەمان وەكو لە پێشا بڕیارماندابوو چەترەكەی خۆی هەتاڵە ژێر خاكداشاردەوەو، بە شوێن یەكتریدا گەڕاین یەكترمان دۆزییەوە ... كە رەمزیمان دۆزییەوە لێمان پرسی لە كوێین ؟.. وتی : نازانم !... بابڕۆین هەتا كەس نەی دیوین . رۆژ تەواو هەموو لایەكی روناك كردبۆوە ، تێگەیشت نزیكێ شاری (موسڵێن) .

ئیتر بەپەلە كەوتینە ڕێ هاتینە سەر زێ لە كەلەكی یاسین ئاغا ، لەوێوە بە هەر جۆرێك بوو گەیشتینە نزیك هەولێر ، كاك ڕەمزی بردینیە دێیەكەی خۆیان ، لەوێ ئێمەی لەناو درەختەكاندا شاردەوە ، هەرچیمان پێویست بوو لە خواردن و نوێن بۆیان هێناین ، دوای ئەوە خۆی رۆیشت ، ئیتر نەمان دییەوە ، هەتا ئێوە هاتنە سەرمان .

تكامان ئەوەیە پێمان بلێن لە كوێیە ... ئیتر بێدەنگ بوو ورتەی نەكرد ، دوای ئەوە بەدەست بەسەری نێررانە بەغدا.

ئەمە قسەی خوالێخۆشبوو (**مدیر شرطة**) صبری عەبدوڵڵا بوو لە پاشا لەهەولێر دەنگ بلاو بۆوە گوایا یەكێكیان چەترەكەی باش نەشاردۆتەوە ، جوتیارێك دۆزیویەتییەوە ، چووە خەبەری داوە بە پۆلیس ، ئەوانیش كەوتوونەتە سۆراغی خاوەنی ئەو چەترە ، هەتا زانویانە هاتوونە چوار كەس جلی كوردیان لەبەردابووەو زمانیان نەزانیوەو بەرەو زاب رۆیشتوون ، بەو جۆرە شوێنیان هەڵگرتوون هەتا زانیویانە هاتوونە هەولێر.

ئەوەی نەمتوانی تێ ی بگەم وەهەتا ئێستاش هەر تێنەگەیشتووم ، ئەوەبوو چۆنیان زانی ڕەمزی یەكێكە لەو چوار زەلامە ئەگەر لەوەپێش خەبەریان نەبووبێ.
دوای چەند رۆژێك كابرایەكی ئینگلیزی لە هەولێر بوو . وابزانم ناوی (( مێجەر ستێبنگ)) بوو، وەكو شابەندەر وابوو ، ناسیاویمان هەبوو بەهۆی چارەكردنی چەند نەخۆشێك لەوانەی ئیشیان لەلا ئەكرد ، لێم پرسی ((چیتان لەئەڵمانەكان كرد)) وتی : ڕەمزی لە بەغدا (محاكمە) ئەكرێت بەڵام ((ئەڵمانەكان)) وەكو دیل

سەیر ئەکرێن .. ناتوانین لە (عێراق) هیچ کەلکیان لێ وەرگرین ، لەبەر ئـەوە بڕیـار دراوە ، بیان نێرن بۆ (قاهیرە) لەوێ ژووری تایبەتیمان هەیە ، هەرقسەیەك بکـەن تۆمـار ئـەکرێت بـەهۆی ئـامرازی کارەبایی‌یـەوە .. بـەڵکی لـە ناوخۆیانـدا هەنـدێ قسەی وەها بکەن کەلکی ببێ بۆ ئێمە لە بابەت شەڕەوە .

خوێندەواری بەڕێز ئەمەی لەسەرەوە پێشکەشم کردن ئەوەیە لـە بابـەت ، هـاتنی خوالێخۆشبوو ، ڕەمزی دلێر و پاڵەوانی نەمری هـەولێر لەگـەڵ ئـەو سـێ (**ظـابط**) ئەڵمانیانە لەکاتی خۆیدا بیستوومە ، رەنگە هەندێکیشم لەبیر چووبێتەوە .چـونکە چـل و دوو سـاڵی تـەواوی بەسـەرا تێپـەریوە ، لـێم ببـورن کـە نـەمتوانی وەکـو کاك(مەسعود)ی بەڕێز نووسینەکەم بڕازێنمەوە.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری کاروان ،ژمارە38 ، تشرینی دووەمی 1985 ، لە لاپەڕە 2–3 بڵاوکراوەتەوە .**



وێنەی قەسری عەتاوللاّ ئاغا کە ماڵی باوکی ڕەمزی بوو

# ڕەمزی نافیع و بۆچوونەکانی کاک مەسعوود محەمەد و کاک محەمەدی مەلا کەریم

## عزەددین فەیزی*

ماوەیەك بوو دەمویست لە بابەت ژیانی هەڤالێکی کۆنم کە ڕەمزی نافیع ئاغایە بدوێم ، بەڵام کاك مەسعوود محەمەد لە گۆڤاری کارواندا دەستی خۆی لە نووسینەکەدا پێش خست وزۆریشم پێخۆش بوو ،دیسانەوە ویستم هەندێ شت روون بکەمەوە و ئاگاداریەکی تر بخەمە سەری ، لەبەر نەخۆشیم ئەویشم پێنەکرا ، بەڵام لەم دواییەدا کاك محەمەدی مەلا کەریم لە هاوکاریدا بەگوێرەی بیروڕای خۆی وەڵامی کاك مەسعوود محەمەدی داوەتەوە و لە بابەتەکە دواوە، ئینجا چارەم نەماو بە پێویستم زانی کە چەند دێرێك بۆ خوێنەری بەڕێز باوێمە سەرکاغەز ئەگەر شایانی سوود بێت .

1– خوالێ خۆشبوو ڕەمزی هەڤالێکی زۆر نزیکم بوو . لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە پێکەوە بووین تا پلەی ناوەندیمان لە هەولێر تەواو کرد . لەساڵی 1936 من کەوتمە بەغدا بۆ خوێندن لەخانەی مامۆستایان ، ئەویش وابزانم چوو بۆ کەرکووك بۆ ئەوەی قوتابخانەی دواناوەندی تەواو بکا ، چونکە لەو کاتیدا قۆناغی دواناوەندی لەهەولێر نەبوو . ڕەمزی و هەڤالەکانی بەرهەمی پەروەردەی چەند مامۆستایەکی سەرتایی ئەوکاتە بوون کە زۆر بە دڵسۆزی بیربـاوەڕی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییان لە مێشکی قوتابیاندا دەچەقاند . لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەمزی لە تەمەندا ئەم هەستەی زیاتر لەمێشك و دەروونیا دەجوولایەوەو بە هەموو چەشنێك چ لەناو قوتابخانە چ لەدەرەوەیدا بۆ پەرەپێدانی بیروباوەری کوردایەتی درێغی نەدەکرد . خۆیشی لەبەر ئەوەی کەدایکی خۆشناو بوو کوردییەکی ڕەوان و پاراوی قسە دەکرد . لاوێکی دڵ و

دەروون پاك و دڵسۆزو ناسك و رووحپەروەر بوو ، هەردەم دەمی بە پێکەنین بوو . درۆ خۆهەڵکێشان و خۆ پەسند کردنی لانەبوو. برای گەورەشی خوالێ خۆشبوو قەرەنی نافیع ئاغا پێشرەوێك بوو بۆ ئەو . هانی دەدا بۆ چەقاندنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی لە مێشکیدا .

لەپاش تەواو کردنی خوێندن لە کەرکووك کاك ڕەمزی چووە دەرەوەی وڵات . ماوەیەك لە بەیروت دەیخوێند لەوێوەچوو بۆ ئەستەمبوڵ .

لە ساڵی 1939 کە بەمامۆستا دامەزرام لە هەولێر ، بەرپرسیاریی پارتی هیوا لە هەولێر بە من سپێردرا ، لەوکاتی زانیم کە ڕەمزیش ئەندامە تیایدا، لە ساڵی 1940 بوو کە جارێکیان لە خزمەت مامۆستا رەفیق حیلمی دانیشتبووین لە ماڵی خوالێ خۆشبوو یونس قادر کە بەرێوەبەری ئەشغال بوو لە هەولێر و خۆیشی خەلقی سلێمانی بوو ئەندامیش بوو لە هیوا ، لەو کاتەدا ڕەمزی و هەڤالێکی هاتنە ژوورەوە و سلاوێکی سەربازانەی زۆر بەتوندی بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی کرد ، وا هاتە بەرچاوم هەموو لەشی پڕ لە چالاکی و دڵسۆزی و دەروون پاکی بوو،پاش ئەوەی ئیتر نەمدیتەوە تا لەبەندیخانە بەربوو . ڕەمزی لەگەڵ ئەڵمانەکان بەهەڵە لەناحیەی حەمدانییەی سەربە پارێزگای مووسڵ نزیك چیای مەقلووب بەچەتر هاتنە خوارەوە مەبەستیان هەروەکوو بیستم دابەزین بوو لە نزیك سنووری ئێران لەدەشتی بیتوێن و رانیە وقەڵادزە، کە کەوتنە لای حەمدانیە رێگای گوێڕیان گرت بۆ ئەوەی لەزێی گەورە بپەڕنەوە و بچن بۆ دێیەکەی خۆیان کە ناوی تەرجانە و سەربەناحیەی گوێڕە ئەو قایغاوانەی کە ئەوانەی پەڕاندەوە ، بۆ بەیانی لە گوێر هاتە لام، ئەو کاتی من بەرێوەبەری قوتابخانە بووم لەوێ قایغەوانەکە ووتی ئەوانە جلی کوردیان لەبەر بوو بەڵام بەکورد نەدەچوون ،چونکە خۆیان لە قایغەوە بۆ سەر زەوی هەڵدا ، کرمانجەتی لای خۆمان زۆر بە هێمنی لە قایغ دادەبەزێ ، هەروەها قایغەوانەکە ووتی : یەکێکیان لێی پرسیم بەرێوەبەری قوتابخانە لێرە کێیە ، ئەویش ناوی منی دابوو ، گوتبووی ئەی بەرێوەبەری ناحییە کێیە ووتی منیش پێم ووت عومەر میرانە ئەویش (مەبەست لێرە ڕەمزییە) بێ دەنگ ببوو ،

چونکە دەیزانی جێی مەترسیە بۆ ئێمە کەواپیشان بدات ناسیاری هەیە لەگەڵماندا بەپێی ئەوەی کە من برادەرێکی نزیکمە و کاک عومەر میرانیش کوڕی خاڵێیتی و دۆستیشی بوو . ئینجا لە گوێڕەوە دەچن بۆ گوندەکەیان تەرجان کە باوکی ڕەمزی زۆرترین کاتی خۆی لەو گوندە رادەبواردن ، لەوێشەوە پاش چەند ڕۆژێك لە ڕێگای هەولێرەوە خۆیان گەیاندە دێیەکانی تری خۆیان لە رۆژهەلاتی هەولێر تا گەیشتە گوندی بێوکە و لەویێ خۆیان شاردەوە ، بەڵام هەروەکو زانیمان یەکێکی خەڵکی کونەفلووسە بەتەمەعی پارەو پوول جێگایەکانی بۆ دەوڵەت دەستنیشان کردو گیران و ئەڵمانەکان بەدیل داندران و رەمزیش کەوتە بەندیخانە و لە ئەنجامدا بردیانە قاهیرە و لە پاشدا دووبارەی هێنایانەوە بەغدا، لەلایەن خزمەکانیشی هەولێ و تەقەللایەکی زۆردرا تا حکومی ئیعدامی کرا بەبیست ساڵ ، هەر لەناو بەندیخانە تووشی نەخۆشی دەروونی بوو لە بەندیخانە بەردراو دەرچوو . لەکاتی نەخۆشیدا چەند جار چاوم پێ دەکەوت و لەگەڵی دادەنیشتم ، بەڵام لەوەدا نەمابوو کە سوودی لێ وەربگیرێت لەساڵی 1947 کۆچی دوایی کرد خوای لێ خۆشبێ .

2/ مێژووی کورد وەك میللەتانی تری ئازادیخواز پڕە لە سەدان داستانی پالاوانانەی خۆبەخت کردن و قوربانیدان لە رێگەی سەختی دابین کردنی سەرفرازی و دووا ڕۆژی رووناکی ئەم گەلەدا، جا هەر تێکۆشانێك کە بە نیازێکی پاکەوە لەم ڕێگە پیرۆزەدا کرابێت شایانی ئەوەیە بەوپەڕی ریزەوە یادی بکرێتەوەو پڕ بەپیستی خۆی پایەوپلەی لەلاپەڕەکانی مێژوودا بۆ دابنرێت .

ڕەمزی نافیعیش یەکە لەو لاوە کوردە دڵسۆزانەی کە بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە پێی ناوەتە ناو خەباتی بێ ووچانەوەو هەر لەم رێگایەشدا ژیانی خۆی بەلاویەتی لەسەر داناوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە وەفادارانە هەوڵی ئەم تێکۆشەرە هەڵسەنگێنین و نەتەوەی تازەی پێ بناسێنین .

هەروەك لەپێشەوە باسمان کرد کە کاك مەسعوود محەمەد ئاگادارییەکی لە مێژووی ژیان و قوربانییدانەکەی کاك ڕەمزی لە گۆڤاری کاروانی ژمارەی 33دا

بلاٌوكردەوە ، وادياريشە زۆرى لە ئاگادارييەكە لـە خزمـەكان و دۆسـت وبرادەرانـى ڕەمـزى وەرگرتـووە، توانيويـەتى تارادەيـەك مـافى خـۆى بـداتێ ، هـەروەها كـاك محەمەدى مەلاكەريميش وەڵامى كـاك مەسـعوودى لـە ژمـارە (805)ى ڕۆژنامـەى هاوكارى داوەتەوەو واى دەرخستووە كـە ڕەمـزى بەنـەفامى و هەڵخەلـەتاوى ئـەو كارەى كردووەوە و ئەو قوربانييەى داوە ، بۆيە بـە پێويـستى سـەر شـانى خـۆم دەزانم هەنــدێ لــەو خالانــەى كــەكاك محەمــەد لێيانــدا دواوە روون بكەمــەوە مەبەستيشم لێرە لايـەنگيرى و بـەرگرى كـردن يـاخود كـەم كردنـەوەى نرخـى راى كەس نييە ، بەڵكو چەند سرنج و تێبينيەكى خۆمە دەربارەى ئەم هەڤاڵە نەمرە .

كاك محەمەدى مەلا كەريم واى بۆ چووە كە ڕەمزى بەتەنيايى ئەم پەيمانەى لەگەڵ حكوومـەتى ئـەڵمانيادا بەسـتووە. كەچـى ناچـێتە هـيچ عـەقلێك كـە كـاك ڕەمـزى بەتەنيايى و سەربەخۆ ئەم كردەوەى كردبێ ، بێ ئەوەى كەسانى ترى لەگـەڵ بـێ و هانيان دابێ و پاڵيان پێوە نابێ ، ڕەمزى كوردێكى زۆر دڵسۆز بوو هەموو كاتێك كردەوەكانى ئينگليزى بەرانبەر كورد لە سەر زاريـا بـوو . بـە تايبـەتى كـردەوەى ئينگليز لەگەڵ شارى سلەيمانى و شێخ مەحموودى نەمر ، هەردەم واى دەردەبڕى كە ئينگليز بە دواى هەموو بەسەرهاتە ناخۆشەكانى كوردە ، لەبـەر ئـەوە هەرچـى بكردبايە بۆ تۆڵە سەندن لە ئينگليزو پێشكەوتنى كـورد لاى ئـەو شـتێكى ئاسـايى بوو ، هەروەكوو دەڵێن خنكاو دەست بۆ پنچكە دارێكـى بـچووك درێـژ دەكـات بـۆ ئەوەى خۆى رزگار بكات .

ڕەمـزى لـە عێـراق ئەنـدامێكى پـارتى هيـوا بـوو، واشمـان بيـست كەچـووە بەيرووتيش لەگەڵ زۆر لـە كوردەكـانى لوبنـان و سـوريا پەيوەنـدى پەيـدا كردبـوو هەمان رێگاشى لەئەستەمبۆل و وڵاتـانى تـر گرتبـوو . جـا كـێ دەتوانێـت بڕيـارى ئەوەبدات كە ڕەمزى ئەم پەيمانەى بەتەنيايى لەگەڵ ئەڵمانەكاندا بەسـتووە ،ئايـا ئەڵمانەكان ئەوەندە بێ هەست بووينە تا لەگەڵ تاقە كەسێك ئەم پەيمانە ببەستن بێ ئەوەى لەگەڵ سەرەك هۆزەكانى كوردستان پەيوەندييەكيان هەبێ . ڕەمـزى و ئەڵمانەكان كە پێكەوە هاتن وا دەردەكەوت ، هەوەك پێشتر روونمان كردەوە، كـە

له سنووری ئێران و عێراق بێنه خوارەوەو نزیك قەزاكانی ڕانیەو قەڵادزەو دەشتی بێتووین جێگر بن و لەوێ شۆڕشێك بەناوی کوردەوە دژبەئینگلیز دابگیرسێنن. کەواتە شتێکی ئاشكرایە ئەم پەیمانە تەنیا لەبەینی ڕەمزی و چەند ئەڵمانێك ڕێك ناكەوێ لەبەر ئەوەش كە ئەڵمانەكان وا زوو گیران ئەو ئاگادارییانەی کەلەلایەن هەبوو لەو بابەتەوە بۆ خەڵكەكە ڕوون نەبووەوەو تا ئێستاش بەنهێنی ماوەتەوەن بەڵام ڕۆژێك دێت هەمووی دەردەكەوێت و ئاشكرا دەبێ و ئەو كاتە دەزانرێت کە ڕەمزی قوربانیەکی چۆن داوەو چ ڕێگایەکی لەپێناودا گرتووە .

ڕەمزی لاوێكی زۆر تێگەیشتوو و ئاگادار بوو ڕاستگۆ و یەك ڕێ بوو ، لەبەر جۆش و پەرۆشی خۆی نەدەترسا و لەهیچ مەترسیەك نەدەگەڕایەوە ، لەبەر ئەوە قوربانیدانەکەی ئەو دەبێ بەشتێکی زۆر گرنگ دابنرێت .

كاك محەمەد بەوەی ڕەمزی تاوانبار کردووە کە لەگەڵ ئەڵمانا نازییەکان ڕێك کەوتووە . لێرەدا با ئاورێك لەباری دەروونی ئەوكاتی جەماوەر بدەینەوە بەرانبەر کردەوەکانی ئینگلیز لە وڵاتەکەماندا .لەوكاتدا گەل بەگشتی ڕقی لەئینگلیز دەبوەوەو بەتایبەت پاش بزووتنەوەی مایس وگەڕانەوەی ئینگلیزو دووبارە داگیرکردنی عێراق ، لەبەر ئەوەی کە ئەڵمانەکان دژی ئینگلیز بوون، جەماوەر هەوەسی بە دۆستایەتییان دەهات ، هەرچەندە دەشیان زانی کە ڕژێمی ئەڵمانی ڕژێمێکی دکتاتۆری و ئیمپرالیزمییە . بۆ نمونە ئێوارەیەکیان لەڕۆژانی مایسی 1941 چەند ئۆتۆمۆبیلێکی لۆری کە سەربازە ئەڵمانەکانیان تێدا بوو لەشەقامی هەولێردا وەستابوون ، خەڵكەكە دەورەی لێدان و دەستیان کرد بەچەپلە لێدان و دەستیان كرد بە چەپلە ڕێزان و سەلاوات لێدان ، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەبوو کە دژی ئینگلیزن ، هەروەها هەرایەکەی شێخ حەسەنی کەلە 16ی مایسی 1941 لەهەولێر ڕوویدا هەولێر هەمووی هێرشی بردەسەر سەرا ، ئەمەش لەبنەڕەتدا بۆ پەسند کردنی ئەڵمانەکان و ڕاوەستان دژ بە ئینگلیز بوون .

لەوکاتی ئەگەر پارێزگاری هەولێر خوالێ خۆشبوو سالح زەکی ساحیبقران و ئامیر فەوجیش ئەمین رواندزی نەبوونایە ، کارەساتێکی زۆر گەورە دەقەوماو زۆر کەس دەکوژرا، شەشی ئەیلولی سلێمانی لە هەولێر دووبارە دەکرایەوە ، بەڵام هێمنی و لەسەر خۆیی ئەو دوو زاتە وای کرد کارەساتەکە بەئاسانی کۆتایی پێبێت ، ئەم خۆپیشاندانەش هەر لە دڵسۆزییەکی نیشتمان پەروەرییانەی دژ بەئینگلیز بوو ، لەدەرفەتێکی تردا ئەم ڕووداوەش بەدرێژی بۆ خوێنەری بەڕێز دەخەمە سەر کاغەز .

مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە کەهەر تەنیا ڕەمزی رقی لەئینگلیز نەبوو، بەڵکو زۆرترین کوردی عێراق وای دەزانی هۆی دواکەوتنی کورد ئیمپریالیزمی ئینگلیزە ، لەبەر ئەوەیان دەزانی روو لەهەر لایەك بکەن ئەوا بۆ بەرژەوەندی کوردە شتێکی ئاشکرایە کەرژێمی نازییەکان رژێمێکی ناپەسند و دیکتاتۆری دژ بەمیللەتان بوو .بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین دەولەتە داگیرکەر و ئیمپریالیزمەکان بەهەمان رێگاوە وڵاتانی بچووك و لاوازییان داگیردەکرد و دەچەوساندوەوە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز کە خۆی بە دەوڵەتێکی دیموکراتی دەزانی ، لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی ، سێ یەکی وڵاتانی جیهان لە ژێر چەپەڵۆکی ئەوبوو تا رادەیەك وا بە ناوبانگ بوو کەرۆژ لەو وڵاتانی لە ژێردەستی ئەوبوون ئاوانەدەبوو ، بەئارەزووی خۆی فەرمانڕەوای خۆی دەسەپاندوو و بەرووبوومی شیان دەخوارد یەك لەو دەولەتانە دەولەتی عێراق بوو کە کوردستانی عێراقیش لە چوارچێوەی ئەودایە .

هەرچەندە من هەردەم خۆم بە لایەنگری رێگای دیموکراتی پێشکەوتنخواز دادەنێم . بەڵام ئەوەش دەڵێم کە ئەو دەولەتانەی بە دیموکراتیپێشکەوتنخواز دەناسرێن ، هەر ئەوان بوون کۆمارێکیان بۆ کۆمەڵەی کورد لەکوردستانی ئێران دامەزراند ، تا ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان تێدا هەبوو پشتگیریان کرد ن بەڵام

کەکشانەوە پێویستیان پێ نەما کۆمەڵەو قازی محەمەدیان کردە پارویەکی چەورو فرێیاندایە دەموزاری شای دڕندەو فارسەکان .

هەروەها کاك محەمەد دەڵێ : یەکێتی سۆڤیەت بۆ خۆکۆکردنەوی خۆی لەکاتی خۆیدا پەیمانێکی لەگەڵ ئەڵمانا نازییەکان بەست .ئینجا لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی هەڵدەدات : ئایا بۆچی ڕەوایە بۆ دەوڵەتێکی پێشکەوتنخوازی گەورە پەیمانێك لەگەڵ ئەم رژێمەدا ببەستیت هەرچەندە کاتیش بێ ،کەچی تاوان و شورەییە بۆ لاوێك یا تاقمێکی کورد لەپێناو ترسووکە هیوایەك بۆرزگارکردنی نەتەوە لەگەڵ ئەم رژێمەدا رێك بکەوێت .

هیچ شەرم و شورەیی نییە بۆ هەر دەولەتێکی لاواز بۆ ماوەیەك روو لەدەولەتێکی گەورە بکات بۆ پاراستن و پێشکەوتنی خۆی تا دەگات بەئامانجی . دوا قسەم ئەوەیە کە ڕەمزی لەبنەماڵەیەکی دیار و دەولەمەند بوو لە هەولێر خۆیشی پێویستی وایە چ لەعێراق چ لەدەرەوەی وڵات دەیتوانی زۆر بەخۆشی و بە ئاسانی ژیان بباتە سەر .بەڵام دلسۆزییەکەی وای لێ کرد قوربانی بەهەموو شتێکی خۆی بدا و ئەم کارە بەرزە جێ بەجێ بکات لەبەر ئەوە پێویستە خزمەتەکەی بەکردەوەیەکی پیرۆز دابندرێت نەك بەهەڵخەلەتاو و نەفام لەقەلەم بدرێت .

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری کاروان ،ژمارە 38 ، لە لاپەڕە 4–7 بڵاوکراوەتەوە .**



وێنەی قەسری عەتاوڵڵا ئاغا کەماڵی باوکی ڕەمزی بوو

# ڕەمزی نافیع و .. شنەبایەکی فێنك لە
# ( لە ڕۆژهەلاٌتی گڕگرتوودا )

## حەسەن جاف*

زەوت کردنــی سەربەســتی بــیروڕا دەربــڕین – بــەبڕوای مــن– لەگــشت جۆرەکــانی دیکــەی چەوســاندنەوەی مــرۆڤ بــەئێش و ئــازارترە، نووســەرو رۆشـنبیرانیش لـە هـەموو چـین و توێـژێکی دیکـەی کۆمـەڵ زیـاتر هەسـتبەوئازارە دەکـەن و زۆرتـریش بـە دەسـتیەوە دەنـاڵێنن، لـە نێـو کـۆری ڕۆشنبیرانیـشدا سەربازانی سەنگەری کوردایەتی و پەوروەری لە هەموو لایێـك و کۆمـەڵ و گروپێـك زیاتر دووچاری ئەم سەربەستی زەوت کردنە ببـوون، ئەمەشـیان تـەنها بـۆ ئـەوە ناگەڕێتــەوە کـە حیزبـی بەعـسی فاشـی حـوکمڕانی وڵـاتی دەکـرد، چـونکە زەوت کردنی سەربەستی بیروڕا دەربـڕین دەگەڕێتەوەبۆپـەنجاکان، مەبەسـتم دوای14ی تەمموزی 1958 کە بەناو عێراقی ئازاد کرد و بۆ مـاوەیێکی زۆر کـەمیش هەنـدێ سەربەستی سیاسی و فیکری پیادەکرد، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هۆییەکی دیکە کـە بڕوا ناکەم لە هۆی سەرەکی واتە زەبرو زەنگ ی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا تا دەگاتە رژێمی بەعسی فاشی ڕەگەزپەرست کەمتر بێت ، ئەو هۆیەش بریتی بوو لە دروست بوون و پەیدابوونی "مافیـا"یێـك لـەنێو رۆتـشنبیری ئـەدەبی و فیکـری کوردییـدا کـە بەهەلپەرسـتی و راپـۆرت نووسـین توانییـان لـە هـەموو دام دەزگـا ڕۆشنبیرە جیاجیاکانی گشت ڕژێمەکانی حوکمران لە عێراق پاش 1958 تا ئەمڕۆ جێ پێی خۆیان بکەنەوەو رێگە لە فیکری ڕۆشنبیری کوردی بگـرن و نـەهێڵێن بـە هــیچ جۆرێـك دەنــگ و ســەدایێکی لێـوە بێـت، ئەگــەر جاروبـارێکیش وتارێـك تێپەڕێنرابێت، ئەوا یەکسەر دەکەوتنە چالاکی و بـە لێپرسـراوان کـەوتن و راپـۆرت نووسـین دژ بـەو "کۆنـە پـەرسـت و کـورد کوژانـە "ی دەیانـەوێ برایـەتی کـورد و

عەرەب تێك بدەن و خزمەتی زایۆنیزم دەكەن و بە ئاواتەوەن جیاببنەوەو لە "شیماڵی حەبیبدا" دا"ئیسرائیلی دووەم" دابمەزرێنن. مافیای ئەدەبی كوردی بریتی بوو لە چەن كەسانێكی كاسە لێسی راپۆرت نووس كە بەربەرەكانی فیكری نەتەوەییان بە "واجب"ێكی "مقدس" و ئومەمی دادەناو دژیەتی كورد و كوردایەتیان دەكرد و جەنگێكی چەپەڵیان دژ بەرپا دەكرد ، ، كار گەیشتە ئەوەی لە ناو كوردستانیش سڵ بكەنەوەو كاتێ كە كورد پەروەران داوای خوێندن بە كوردی و " معارف" ی كوردستانیان دەكرد ئەوانە لە پێشی پێشەوەی خۆپیشاندانەكاندا بوون و دەیانشیراند"نامانەوێ مەعاریفی قلیاسان"، سەیر لەوەدایە كە لەگەڵ رژێمە جۆربەجۆرەكانی عێراق هاوكاریان دەكرد – تا ئەمرۆش– یەكسەر"تنقیرات"ی ماركسییانەیان بۆ ئەو دەست خستنە ناو دەستە دەدۆزەوەو خەڵكیان پێ دەمكوت دەكرد .

هەمووومان لەبیرمانە كە دوای رێكەوتنامەی 11ی ئازاری 1970 مامۆستا سەعید ناكام وەڵامی یەگێكیان دایەوە، نەیتوانی لە بەغدا بمێنێ یەكسەر بۆی دەرچوو، ئەگەر لە بەغدا بمابایەوە ئەوە بڕواناكەم جارێكی دیكە چاومان بەچاوی بكەوتایە.

ئەم"مافیا"یە هەمیشە دەست لەسەر مستوی خەنجەر و پەنجە لەسەر پەلەپیتكەی دەمانچەو قەڵەم ئامادەبوون و وتارێك، كۆرێك، چیرۆكێك، یان شیعرێك بوون تاكو داخی دڵی خۆیانی پێ برێژن و ژەهری دەروونی گڵاویانی بەسەردا ببارێنن و هەموو لاپەرە رۆژنامە كوردی و عەرەبییەكان و ئێزگە و تەلەفزیۆنیان بۆ والاو دەرگا لەسەر پشت بوو، تەنانەت رێكخراوە ئەدەبی و رۆشنبیرەكانیش وەك كۆمەڵەی رۆشنبیری كوردی و یەكێتی نووسەرانی كورد و گۆڤارەكانیشیان. كە حكومەتی بەغدا بڕیاری ئەوەی دا كە سەربەستی قانونی و مەعنەوی یەكێتی نووسەرانی كورد نەمێنێ و ببێتە لقێكێك لە"یەكێتی نووسورانی ئەدیبانی عێراق"، ئەوانە لەریزی هەرە پێشەوە جاڕدەرانی ئەو یەكیەتیە بوون و ئیستیمارەكانیان بە خوایشت یان بە هەڕەشە بەسەر ئەدەبیاندا دابەش دەكرد،

بەڵام کە زانیان لەو هەڵبژاردنـدا دەرناچـن "لەبـەر هـەر هۆیـەك بێـت" و دەرگـای دەروازەییێکی ژەهـر بڵاوکردنـەوەیان لێدادەخرێ"بـۆ چاوبەسـتەکێش بێـت" کـە گۆڤاری یەکەتیە، کەوتنە "**معارظة**" کردنێکی ساختانەی ئەو یەکیەتیەی خۆیـان جاڕدەری بوون و پروپاگەنـدەیان بـۆ دەکـرد یـەك تـۆز لـە دەورو گرنگییـان کـەم بووبێتەوەو هەمیشە لە ریزی پێـشەوەی گۆڤـارو رۆژنامـەکانی میریـدا بـوون، وەك راوێـژکارو نووسـەو لەهــەموو کـۆرو کۆبوونەوەیەکیـشدا شۆڕەسـواری مەیـدان و میکرۆفۆن بەدەم بوون جگە لە وەرگێرانی نامیلکەو کتێبی هەمە بابەت. مەبەسـتم لەو پێشەکیە ئەوەیـە کـەبڵێم کـاتی خـۆی مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد وتـارێکی لەسەر ڕەمزی نافیع بلاوکردەوە (1) .یەکێکی لێهاتە جواب وتارێکی پڕ لە کینەی نووسی(2) پاش ئەویش چەند ووتارێکی دیکە هاتە مەیدان. من گەلێك حەزم لێبوو وەڵامی ئەم وتارە بدەمەوەو بەرگری لەو راستیە مێژووییە بکەم کەلـە وتارەکـەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دا باسی لێوە کرابوو، بەڵام لـە کەسـی ناشـارمەوە لـە دڵەوە لەو مافیایە دەترسام ، چونکە سـاڵی 1987 کـۆڕێکی شـیعر خوێندنـەوەم بۆشاعیر محەمەد ئەمین پێنجوینی لە زانکۆی سـەلاحەدین گێـرا "ئەوسـا موحـازیر بووم لە کۆلیجی ئەدەبیات " یەکێك لەوان کە ئەندامێکی هەرەچـالاکی مافیاکەیـە گووتبووی :" حەمەمین گەیشتە ئەوەی کاژیکێ کۆڕی بۆبگێرێ" کە مەبەستی من بـوو، هـەموو کەسـیش دەزانـێ کـاژیکێ " لـەو سـەردەمەدا چـی لـە دوادا بـوو". سەرەڕای ئەوەش هەر بڕیارمدا وتارەکەم بنووسم و بلاویشی بکەمەوە، ئـەوە بـوو ناردم بۆکاروان، بەڵام ئەوان بڕیاریان دا کە چیتر شت لەو بارەیەوە بڵاونەکەنەوە. ئێستاش کە برای ئەدیب کاکە بەدران کتێبی "لـە رۆژهـەلاتی گڕگرتـوودا"ی کـردە کوردی و خوێندمەوە، بەباشم زانی ئەو وتارەی خۆم زیندوو بکەمـەوە هەرچـەندە دەبێ ئەوەش بڵێم کە کتێبەکە خۆی باشترین وەڵامە بۆ هـەموو ئەوانـەی جـەنگێ مـەغۆلیان دژ بـە مامۆسـتا مەسـعوود گێـڕا. کتێبەکـە لـە دوو بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە .

یەکەمیان: بریتیە لە باس کردنی کردەوەی (مامۆت) کە ڕەمزی هەوڵی داگیر کردنی چاڵە نەوتەکانی کوردستان بوو لەرێی بەرپاکردنی ئاژاوەیێك یان بزووتنەوەیەك لەلایەن خێڵە کوردیەکانەوە دژ بە ئینگلیزی داگیرکەر بۆئەوەی ئەڵمانیا مەهانەی بۆ ببێ سوپای خۆی بنێرێ بۆ کوردستان و دەست بەسەر چاڵە نەوتەکان دابگرێ تاکو پێویستی سوتەمەنی بۆ سوپاکەی دابین بکات، پاشانیش لە پاداشتی ئەوەدا دەوڵەتێك بۆکورد دابمەزرێنن.

بەشی دووەمی: کتێبەکەش بریتیە لەو ڕووداوانەی پاش گرتنی میوولەر و هەواڵەکانی ڕوویانداوە و حاڵ و باری خۆی لە زیندانەکانی عێراق و میسردا تا دەگاتە ئەوەی ئازاد دەکرێ و دەگەڕێتەوەوڵاتی خۆی . لە ڕاستیدا وەرگێرانی ئەم کتێبە زۆر گرنگ پێویست  بوو لەبەر چەند هۆیێك.

یەکەم: لەبەر ئەوەی زۆر شتی بە نرخ و پڕ بایەخی تێدابوو دەربارەی ڕەمزی نافیع و دەوری ئەڵمان لە مەسەلەی کورددا.

دووەم: خۆی لە خۆیدا وەڵام دانەوەیە بۆ هەموو ئەو قەڵەمە لەرزۆك و کۆسمۆپۆلێتانەی دژی ڕەمزی و دەوری رەمزیان نووسی، بڕواش ناکەم هیچیان شتێکیان دەربارەی ڕاستی ئەو ڕووداوەی زانیبێ پێش وەرگێرانی کتێبەکە، چەنکە دڵنیام هیچیان نە ئەڵمانی و نەئینگلیزیش نازانن، تەنها ڕق و کینەی دەروونیانە دژ بە هەموو کوردپەروەرێك کەپتڵی پێوەنان هەوڵبدەن رەمزی نافیع بەدناو بکەن و خەباتی پیرۆزی ڕەمزی بشێزێنن و لەکەدار بکەن.

سێیەم: دەرفەتی بۆ منیش ڕەخساند کە لایەنێك لەو دەورەی ئەڵمانەکان دەنویستلە کوردستاندا بیگێڕن، ڕوون بکەمەوە و لاپەرەیێکی شاراوەش لە خەباتی ڕۆڵەی بەوەفاو نەمری کورد"بەکر سدقی"یش ڕوون بکەمەوە کە ئەویش زۆر هێرشی ناڕەوای کرایە سەر. با بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست، کردەی"مامۆت" وەك زانیمان بریتی بوو لە هەوڵی داگیرکردنی چاڵە نەوتەکانی کوردستان و مەیسەرکردنی سوتەمەنی بۆسوپتی ئەڵمان کە ئەوسا پێویستیەکی زۆری پێی هەبوو، ئەمەش بەوە دێتەدی کە شۆڕشێك لەکوردستاندا دژ بە ئینگلیز

بەرپابکرێ تاکو سوپای ئەڵمان بتوانێ بێتە کوردستان و ئەو چاڵە نەوتانە بگرێ و شتێکیش بۆ کوردیش بکات، ئەمەش شتێکی تازە نیە ، چونکە بیرکردنەوەی ئەڵمان لە دۆزینەوەی جێ پێیەك لە کوردستاندا دەگەرێتەوە، بۆماوەییکی پێش هاتنە سەر حوکمی حیزبی (نازی). لەسەردەمی عوسمانیدائەڵمانیا بیری لەوە دەکردەوە کە لە رۆژهەلاٌتی ناوەراست نزیك ببێتەوە شوێنێك بۆخۆی داگیر بکا لەم ناوچە گرنگ و ستراتیجیەداو هەرەشەش لە دەسەلاٌتی ئینگلیز بکات لە هیندستاندا . ئەوە بوو بیری لە دروست کردنی سکەی شەمەندەفەری بەرلین ئێستانبو لە ساڵی $1896$ دا ئەو بەشەی کە بۆ ئەنادۆڵدا تێدەپەرێ کۆتای هات، پاشان وویستیان پرۆژەکە تەواو بکەن و بەرلین بە بەغداوە ببەستنەوە، بۆئەم مەبەستەش کۆمپانیاییێکیان پێکهێنا، بەلاٌم فرەنسا و رووسیا و ئینگەلتەرە نارەزای خۆیان دەربارەی ئەم پرۆژەیان لای حکومەتی تورکیا دەربری و بووە هۆی راگرتنی کارکردن لە پرۆژەکەدا تا ساڵی $1911$کە دووبارە دەست پێکریەوە و لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە مووڵەوە تاکو سامەرایان تەواوکرد. دوا ئەڵقەی ئەم پرۆژەیە لی ساڵی $1940$کۆتایی هات و سکەی شەمەندەفەر لە ئێستانبوڵەوە تا بەسرەو بە هۆی چەن سکەیێکی لاوەکیش دەگەیشتە باکووری ئێران و رووسیا و سوریاو فەلەستین. هەوڵکی دیکەی ئەڵمانەکان بۆخۆ نزیك خستنەوە لە رۆژهەلاٌتی ناوەراست و کوردەکان ئەو پرۆژەیە بوو کە "گروبا" ی قونسولی ئەڵمانیا لە بەغدا لە ساڵاچنی سییەکانیدا **"رجال ومراكز قوى فى شرق"** (3) باسی لێوە دەکات کە خۆی وبەکر سدقی سوپاساڵاری ئەو سەردەمەی عێراق لەسەری رێککەوتبوون و گروپا لەگەڵ بەکر سدقی چووبوونە سەر گردەکانی حەمرین بۆ ئەوەی شوێنەکە ببینن و بزانن تا چ رادەبێك بەکەڵکی دروست کردنی هێڵێکی بەرگری پتەو ئەوتۆدێت کە بتوانێ پارێزگاری لەو دەوڵەتە کوردیە بکات کە بەکر سدقی بە هاوکاری ئەڵمانەکان دەیویست لە کوردستاندا دروستی بکات . رەنگە هەوڵی دیکەش هەبووبێ و هێشتا ئاشکرا نەبووبێ و چاوەرێی خامەرەنگینێکی وەك کاکە بەدران بکات تۆز و گەردی لەسەر بتەکێنێ.

كەواتە كردەی"مامۆت" یەكەم هەوڵی ئەڵمان نەبووە ورنگە دوا هـەوڵیش نـەبێت، هەرچەندە ئەم پرۆژەیـەی میوولـەر بتـسی لێـوە دەكـات بـە مـردوویيش لـە دایـك بووبێت، چـونكە وەك لـە كتێبەكـەدا دەردەكـەوێ هـەر لەسـەرەتاوە موخابـەراتی دەوڵەتێكی دوژمن بە ئەڵمان هەوڵی داوە كردەوەكە سـەر نـەگرێ، هەرچـەندە تـا ئێستاش لای میولەر روون نەبۆتەوە چۆن نهێنی ئەو كردەوەیە ئاشكرا بوون وایان لێكرد لە شوێنێكی دیكە بخرێنە خوارەوە و سوپای ئینگلیزیش چـاوەڕێیان بكـات و پاشـانیش هــەر هــەموویان بگیرێـن و كردەوەكـە سـەرنەگرێت . لای خۆشمـان دەربارەی ڕەمزی نافیع و كردەوەی "مامۆت" ئەم وتارانە بلاْوكرانەوە .

1–سەرەتا وتارەكەی مامۆستا مەسعوود محەمەد"ڕەمزی نافیع قوربانیە زلەكەی هــەولێر" لــەگۆڤاری كــاروان ژمــارە 33 حــوزەیرانی 1985 ســاڵی ســێیەم لەلاپەرە"5تا لاپەرە 11".

2– محەمەد مەلا كریم لە رۆژنامەی هاوكاری ژمـارە (805) ڕۆژی 1985/9/12 وتارەكەی دژ وتارەكەی مامۆستا مەسعوود بلاْوكردەوە لە ژێر ناونیشانی "نیـازی پاك ئەبێ رێگا راست بگرێ".

3– دوا بــە دوای ئەمــە لــە هاوكــاری ژمــارە(815)ی رۆژی 1985/11/21دا محەمــەد تــەیموور وتــارێكی لــەژێر ناونیــشانی "راسـتی رێگـای نیـازی پـاك" بلاْوكردەوە تیایدا بەرگری لە بیروچوونەكانی محەمەد مەلا كریم دەكرد.

4– دوای ئەمانە لەگۆڤاری كاروانی ژمارە (38)ی تشرینی دووەمی 1985ساڵی چوارەم دوو وتار بلاْوكرایەوە یەكێكیان دوكتور عبـدالرحمن عەبـدوڵڵا نووسـیبووی لەژێر ناونیشانی"هەنـدێ زانیـاری تـر دەربـارەی ڕەمـزی نـافیع"و لەلاپــەرە2 تـا لاپەرە 4ی ئەو گۆڤارەی گرتبوەوە.

دووەمیـشیان وتـارێكی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا عزالـدین فـەیزی بـوو كـە لـەژێر ناونیشانتی "ڕەمزی نافیع و بۆچوونەكانی كاك مەسعوود محەمـەد وكـاك محەمـەد مەلا كریم"دا بلاْوكرایەوەو لەلاپەرە (4تا 7)ی گۆڤارەكەی گرتبوەوە.

5- دووبـاره کاکـه حەمـه هاتــەوه مەیـدان و لـه کـاروانی ژمـاره(42)ی ئـازاری 1986سـاڵی چـوارەمدا وتـارێکی لەلاپــەره (69تـا74) دا بلاوکـردەوه لــەژێر ناونیشانی "دیسانەوه هەمیشەنیازی پاك ئەبێ ڕێگای راست بگرێ".

6- له کاروانی ژماره (57)تەمموزی 1987 ساڵی پێنجەمدا کاك سـەردار مـیران بەشــێکی لــه کتێبەکــەی لــه ئەڵمانیــەوه کردبووبــه عــەرەبی کــه لەلاپەره(130تا134)ی گۆڤاری کاروانی ناوبراوداو لەژێر ناونیـشانی **"کردسـتان فی نظر سائح االمانی"**.

ئەوەی من لێره مەبەستمه وەڵام دانەوەی هەردوو وتارەکەی حەمـەی مـەلا کەریمـه .چـونکه ئـەو یەکێکـه لـه ئەندامـه چـالاکەکانی ئـەو مافیایـەی هەمیـشه چـاوکراوه و گـوێ قـولاغ بـوون بـۆ بەرپــەرچ دانــەوه و هێـرش بردنــه ســەر هــەر نووسینێك یان هـەر بیرێـك بـۆنی کوردایـەتی لێـوه هـاتبێ یـان هـەوڵی سـەرفرازی کـوردی دابــێ .کاتــێ کـه مامۆسـتا مەسـعود وتارەکـەی لەسـەر ڕەمـزی نـافیع بلاوکردەوه هیچی ئەوتۆی تێدانەبوو که کاکه حەمەی بـێ سـەغلەت بـێ ، بـەڵکو تەنها بریتی بوو له ووتارێکی رۆمانـسیانەی پـڕ ئەمـەك و وەفـاداری بـۆ ئـەو ڕۆڵــه دڵسۆز و بەجەرگەی هەولێر ، بێ ئەوەی ناوی کەسی دیکه بهێنێ یان هێرش بکاته سەر هیچ لایەنێك ، بەڵام ئاخۆ کاکه حەمه چۆنی لێ هاته جواب . لەهاوکاریدا کاکه حەمـه بـەمجۆره گاڵتـه بـەڕەمزی نـافیع و مامۆسـتا مەسـعود دەکـات ((مامۆسـتا مەسعود وتارەکەی به وشه ئارایی‌یەکی پڕ سۆزی رۆمانسیانه نەڕازاندوەتــەوه کـه خوێنـدەوار بـه خوێندنـەوەی ، خـۆی لەبـەردەم بـیرەوەری پالـەوانێکی خـەباتی ئازادی بەخشی نیشتمانی و نەتەوەییدا بیبینێتەوه لای وابێ تا مامۆستا مەسـعود ئەم وتارەی نەنوسـینی ئەسـتۆی هـەموو کـورد لـه ژێـر بـاری تـاوانی پـشت گـوێ خـستنی فـەرزێکی نیـشتمانیدا ئەینالاندو بەنووسـیبوو وتـاری نـاوبراوو لەلایـەن ئـەوەوه بارەکـه لـه ئەسـتۆی نەتـەوه وەلاکـەوت ))(5). ئـەم گاڵتـه پێکردنـەی کاکەحەمـه تـەنها لەبـەر ئەوەیـه رۆڵێکـی نەتـەوه پـەروەر پـەنای بردوەتـه بـەر ئەڵمانیا ، له کاتێکدا لەلای حەمەو هاوەلانی دەبێ هەموو رێگاکان به مۆسـکۆ ـ دا

تێ بپەڕێ و (**كفرى مطلق**) ئەوەیە ئەو ڕێگایە لە بیر بكرێت ، جا لەبەر ئەوەیە یەكسەر ڕەمزی نافیع بەگێل و نەفام لەقەڵەم دەدات و دەڵێت (ئەم لاوە نیشتمان پەروەرێكی دڵ گەرم بووەو هەر لەپێناو ئەو نیشتمان پەروەری یە شیا پێی هەڵخلیسكاوەو هەڵخەڵەتاوە و بەنیازی پاكەوە كەوتوەتە داوی نازیەكان و ئەوەندە هۆشیاریی سیاسی نەبوە لێكی بداتەوە ... هتد ))، دوای ئەوەش دەڵێت (( ئەگەر دڵسۆزی و خوێن گەرمی ئەو لاوە پاساوی هەڵەو هەڵخەڵەتانەی بۆ بداو بیكا بە قوربانیەكی بەسەزمانی بێ ئاگایی لە سیاسەت )) .. جارێكی دیكەش بەڕەمزی دەڵێت (( دڵ پاك و سادە لەوح و نەفام لە سیاسەت نەگەیشتوو)). ئەوجا دێتەوە سەر ئەوەی گلەییێكی زۆریش لە مامۆستا مسعود بكات لەسەر نووسینی ئەو وتارەو ناوهێنانی ڕەمزی وەك رۆلێكی ئازاو بەجەرگی هەولێرو دەڵێت (( هەرگیز مەیدانی ئەوە نابێ بكرێ - واتە ڕەمزی - بە قوربانی یەكی زلی وڵاتێكی وەك وڵاتی هەولێر كە بە درێژایی ساڵانی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەیان قوربانی زل و بچووكی پێشكەش ڕێگای ئازادی كردووە كە هیچیان لەكە نەبەئامانج و نەبەڕێگای خەباتیانەوە نییە)) ، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێ كە ئامانج و خەباتی ڕەمزی لەكەدار بووە .جارێ پێش هەموو شتێك هەولێر وڵات نییە ..وەك حەمە فەرموویەتی _ بەڵكو شارە ،ئەمەش شتێكی زۆر سادە و ئاساییە و گەلێكیش عەیبەیە بۆ یەكێك ئامۆژگاری نیشتمان و نەتەوەپەروەری پێشكەش بە خەڵكی بكات و نەزانێ هەولێر شارە . دوای ئەوەش ڕەمزی نافیع ئەو نەفام و گێل و لە سیاسەت نەگەیشتووە نەبووە، كە حەمە وێنەی بۆ دەكێشێ ، چونكە وەك مامۆستا دەڵێ ئەندام بووە لە هیوادا .(( لە ساڵی 1939 كە بە مامۆستا دامەزرام لە هەولێر بەر پرسیاریی پارتی هیوا لە هەولێر بەمن سپێردرا ، ئەوكاتی زانیم كە ڕەمزیش ئەندامە تیایدا)) (6). هەروەها مامۆستا عزالدین دەگێڕێتەوە كە ڕەمزی (( بەهەموو چەشنێك چ لەناو قوتابخانەو لەدەرەوەیدا بۆ پەرەپێدانی بیروباوەری كوردایەتی درێغی نەدەكرد)) (7) . ئەمە جگە لەوەی ڕەمزی نافیع لە بنەماڵێكی نیشتمان پەروەری دژ بە ئینگلیزدا گەورە بووەو لە ماڵەوە قەرەنی

نـافیعی بـرا گـەورەی (( هـانی دەدا بـۆ چـەقاندنی بـیرو بـاوەڕی نەتەوایـەتی لـە مێشکیدا))( 8). کە بڕوای من ئەم بیروباوەڕە نەتەوایەتیە کە حەمـەی بـەو جـۆرە تەنگاو کردووە.

پاشان مامۆستا عزالدین کە هاوڕێی ڕەمزی بووەو بـە یەکـەوە خوێندویانـە لـە هەموو کەس باشتر دەتوانـێ ڕەمـزی بنرخێنـێ دەڵـێ (( خـواڵێ خۆشـبوو ڕەمـزی هەڤاڵێکی زۆر نزیکم بوو ، لەپۆلی یەکـەمی سـەرەتاییەوە پێکـەوە بـووین تاپلـەی ناوەندیمان لەهەولێر تەواو کـرد ))(9) ، دوای ئـەوە دەڵـێ (( ڕەمـزی لاوێکـی زۆر تێگەیشتوو ئاگادار بوو ، راستگۆو یـەك ڕێ بـوو ، لەبـەر جـۆش و پەرۆشـی خـۆی نەدەترساو لە هیچ مەترسیەك نەدەگەڕایەوە))(10) .

پاش ئەم شایەتیە با بـزانین میولـەرو موخابـەراتی ئـەڵمانی چـۆنیان ڕەمـزی نرخانـدبوو و هەلیاسـەنگاندبوو ، چـونکە دەولـەت و موخابـەرات نیـە لـە دونیـادا سـەوداو مامەلـەی لەگـەڵ گێـڵ و نـەفام بکـات (( راپـۆرتی هەنـدێك نوێنـەری ئەسـتەموولمان لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـوون کـە ڕەمـزی کـوردێکی دەمـارگرژو زۆ تامـەزرۆی ئـازادی و سـەرفرازی کوردسـتانە) (11) ، هـەروەها میولـەر دەڵـێ ((ڕەمـزی زیـرەکترین وت وێژکـەر بـوو کـە تائێـستا بینیبێـتم ، بـۆ لەیـەکتر جوداکردنەوەی دۆست و دوژمن شەش هەستی هەبوو) )(12).

ئەمە جگە لەوەی کە ڕەمزی باسی ئامۆزاکەی بۆ میولەر دەکات دەڵـێ (( مـن و ئامۆزاکەم چەندین ساڵ لـە بەغـدا پێکـەوە بـووین و گـەلێك جـار نەخـشەمان بـۆ ئـازادیی کوردسـتان دەکێـشا))(13)، بـێ لـەوەی ڕەمـزی لـە بەغـدا و بـەیروت و ئەسـتەمبوول خوێنـدبووی و بڕوانامەشـی وەرگرتبـوو . جـا توخـوا کەسـێك ئەمـە سیفاتەکانی بێت و بەو تەمەنە (کە مرد سـی سـاڵان بـوو) ، ئەمـە بـیر لـە ئـازادی کوردو رزگاری کوردسـتان بکاتـەوەو بـچێتە تاقـە حیزبـی چـالاکی ئـەو سـەردەمە (حیزبی هیوا) و لەگەڵ هاوەڵانیا نەخشەی ئەو ئازادیە بکێشێو پاشـانیش بـیر لـە دانانی ئاڵای کوردستانیش بکاتەوە( 14) و تەنها شتێ لای ئەو شایانی ئـەوە بـێ سوێندی لەسەر بخوا ئەو ئاڵـا پـیرۆزە بـێ ،گونـاح و تـاوان نیـە بـەگێڵ و نـەفام و

سـاده لـەوح و لەسیاسـەت نەگەیـشتوو لەقەلـەم بـدرێ و ئـەو خەباتـە پـیرۆزەی بشێوێندرێ و لەککەداربکرێ ؟؟.

حەمە دەیەوێ نەك ڕەمزی بەڵکو هەموو نەتـەوە پەرسـتێکش تاوانبـار بکـات و دەڵێـت (کوردسـتانی ئـەو سـەردەمە ، وەك کۆمـەلێکی پاشـکەوتووی گرفتـاری رژێمی ئیمپریالیزم و دەرەبەگی زیـاتر لـە ئێـستا کەسـانی وای تیـابووە ئامـادەبن بەرانبـەر بەپاشـخەوانەیەکی سەرسـفرەی هـەر ئیمپریالیزمێـك بـبن بەنۆکـەری ، هـەروەکو نەتـەوە پەرسـت و نیـشتمان پـەروەری سـاویلکەی لـە سیاسـەت نەگەیـشتووی وا وایـشی تیـابووە لای وابـێ مەرحەبایـەك و دوو قـسەی خـۆش و بەڵێنی بۆشی ئیمپریالیزم مافی دیاری کردنـی چارەنووسـی گـەل و وڵاتەکـەی بـۆ دابین ئەکا، کەواتە پێویستە ئەمیش پیاوەتی لەبەر چـاو بـێ و ئـەو چـی لێ ئـەوێ بۆی بکاو کە مەسەلەکەش برایەوەو ئەو بەمرادی خۆی گەیشت ئـەم خـۆی و گـەلی (دەس لەگونان بەتاڵتر ) بکەونە سـەر سـاجی عـەلی و مـوفلیس و رووت و رەجـاڵ بمێننـەوە ) (15). بێگومـانم کەئـەم قـسەیە پـڕ ئـەدەب و جـوانی یـە هـەر لـە کۆسمۆپۆلیتێکی داخ لەدڵ دەوەشێتەوە ، دواییش دەیەوێ ڕەمزی لە کوردایـەتی ونیـشتمان پـەروەریش بـشواتەوەو دەڵـێ خەباتەکـەی ڕەمـزی بـۆ کوردایـەتی و نیشتمان پەروەریدا جـێی نابێتـەوە) )(16). ئـیتر نـازانم کـێ دەسـەلاتی ئیفراز کردنی کوردایەتی و نیشتمان پـەروەریی بەحەمـە بەخـشیوە تـاکو ئـەویش لوتـف بفەرمێ و بەهەوەسی خۆی بەسەر خەڵکیدای دابەش بکات .

مـن لـەلای خۆمـەوە ئـەم گاڵتـە پێکردنـە و تاوانبارکردنـەی حەمـەم بـەلاوە سەیرنیە، چونکە چاك دەزانم کلیلی دەروازەی بیرکردنەوەی حەمە لە مۆسکۆ بـوو وئەگەر لەوێش باران بباریبایە با حەمە لەبەسرەشدا بوایـەو مـانگی ئـابیش بوایە هەر چەتری بەدەستەوە دەگرت، چونکە لە نیشتمانی دایکدا بارانـە . بـەڵام ئـەوەم پـێ سـەیرە حەمـە بـەرگری لـەو رێکەوتنامەیـە بکـات کـە سـتالین لەگـەڵ هیتلـەردا مـۆری کـردو رێگـەی بـۆ هیتلـەر خـۆش کـرد هۆڵەنـدەو بـەلجیکیاو دانیمـارکیش داگـیر بکـات و پۆلەنداش وەك بـرا لـە نێـوان خۆیانـا بـەش بکـەن ،

بەوەش پاساوی بدا گوایا ستالین دەیویست خۆی کۆ بکاتەوە جائیتر وڵاتانی دیکەش داگیردەکرێن یان وێران دەبن چش ، گرنگ ئەوەیە نیشتمانی دایك ساغ و سەلامەت بێ و قیروسیا لە هەموو دنیا . ئەم گشت تاوانانە لای حەمە رەوایە، بەڵام زۆر سەغلەت دەبێ بەوەی کوردێکی نیشتمان پەروەری نەتەوە پەرست لەگەڵ ئەڵمانیادا رێك بکەوێ دژی ئینگلیزی ئیمپریالیزمی و بۆ رزگارکردنی گەلی کورد نەك داگیرکردن و وێران کردنی وڵاتانی دیکە . ئەمە لەلاییێکەوە لەلاییێکی دیکەوە یەك دوو راستی هەیە کە حەمەو هاوسەنگەرانی بیریان لێ نەکردوەتەوە یان باشتر بڵێم خۆیان لێ لاداوە . یەکێك لەو ڕاستیانە ئەوەیە ئەگەر حەمە ئەوەندە دوژمنی نازیەتەو رقی وا گەورەی لێ یانەو دژی ئەوانەش کە هاوکارییان لەگەڵدا دەکەن بۆچی تا ئێستاو ورتەی لەزار نەهاتوەتە دەر و کۆمەڵێ - یان دەبی - جنێوی پێشکەوتنخوازانەی بەڕەشید عالی گەیلانی و صلاح الدين صباغ و فهمی سعید و هاوەلەکانیان نەداوە وەك هەموشمان دەزانین ئەمانە وەك دەوڵەت و دەسەلاتدار لەگەڵ نازیەکانا رێك کەوتبوون نەك تاکەکەس . هەروەها دەبێ ئەوەش بلێن کەمەرج نیە هەموو رێك کەوتنێك لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا پیاوی تێدا ( دەس لەگونان بە تالتر دەربچێ)، چونکە ئەڵمانیا پێویستی بە نەتەوەیی کورد هەبوو، لەبەر ئەوە دوور نیە پێویستیان شتێك بۆ کورد بکات بە تایبەتی ئەو لەمێژەوە ئەو خەیالەی لەمێشکیدا وەك پێشتر باسم کرد (سکەی شەمەندەفەری بەرلینــ بەغداو پرۆژەکەی بەکر سدقی و گرویا) خۆ ڕەمزی جوانە مەرگ و هاوەلەکانی - ئەوسا - ئێمەش - ئێستا - ئەوەمان لەبەر چاوە کەهەر ئەوروپا بوو چەن شێخێکی عەرەبی هیناو بۆ هەریەکەیان دەولەتێکی دروست کرد (( کوێت، قەتەر ، بەحرین ، دوبەی ، ئەبووزەبی .... و هتد) تەنها لەبەر ئەوەی بۆنی نەوت لەخاکەکەیانەوە ئەهات ، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی هەموو ئەو دەولەتانە نەدەگەیشتنە ملیۆنێك ، ئیتر بۆ رەوانەبێ میللەتێکی بیست ملیۆنی - ئەوسا - هەوڵ بدا ئیستغلالی ئەو زێڕەی لەخاکەکەیدایە بکات و سەرفرازی و سەربەخۆیی بۆ خۆی وەدەس بێنێ . مەسەلەکە تەنها لەوەدایە کەئەم رێکەوتنە لەگەڵ بەرەی

پێشکەوتووخوازی پشتگیری ساختەی گەلان نـەبوو بـەڵکو لەگـەڵ ئـەڵمانیادابوو ، ئەمەش لای ئەوان کۆنەپەرستی و چوونە سـەرخوانی ئیمپریالیزمـەو نابـێ ڕێگـەی بدرێ با میللەت و ئاواتەکانیشی ببنە قوربانی روسیاو پرولیتاری جیهانی .

دەمێنێتـەوە مەسـەلەی کۆمـاری مـەهاباد و دەوری یـەکێتی سـۆفیەت لـە رووخاندنی ئەو کۆمارە ساوایەداو زیندەبەچاڵ کردنی هیوا و ئاواتی دێرینەی کورد ومل بەپەتا کردنی پێشەوای چۆن هەمیشە زینـدوو ، کـە حەمـەی زۆر سـەغلەت کردبو بڕوانە چۆن دەڵێ ((بەڕاستی من هیچ خۆشحاڵ نەبووم بەوە کـە مامۆسـتا ـ مەبەستی عزالـدین فیـچیە_ئەمەمەسـەلەیەی هێنایـە ئـاراوە ))(17) دیـسانەوە دەڵێ ( هەروا پێم خۆش نەبوو ئەم بابەتە بەتایبەتی بێنێتە ئـاراوە . چـونکە زۆر چاك ئەزانی ئەمرۆ من مەودایئەوەم لەڕوودا بەرەڵڵا نییە ئەم مەسەلەیە وەك لێـی تێگەیشتووم شیبکەمەوە و هەموو رووەیەکی یەکالا بکەمـەوە و ئیـسپاتی بکـەم ئاخۆ ئەوز لایە _ مەبەستی روسیایە _ بەرپرسە لە سەرەنجامی تراژیـدیایی ئـەو کۆمارە کۆرپەیەیەی کوردی ))(18)

ئەمەش دوو شـت دەگەیـەنێ .یەکـەمیان حەمـە خـۆی ئەوەنـدە بـە زانـا و تێگەیشتوو دەزانێ ، کە لـە توانایـدا هەیـە هـەموو ڕوویـەکی ئـەو مەسـەلە گرنگـە یەکالا بکاتەوە و بۆمانی ئیسپات بکات کە روسیا لە فەوتاندنی کۆماری مـەهابادا دەستی نەبووە .دووەمیشیان :ئەوەیە کە حەمە چاك دەزانێ ناتوانێ ئەوەمان بـۆ ئیسپات بکات، چونکە پێچەوانەکەی ئیسپات کـراوەو دەوری گـلاوی سـتالین لـەم مەسەلەیدا روون و ئاشکرایە. جا بەوە پاساوی دەدا کـە مـەودای ئـەوەی لـەڕوودا بەرەڵانیە ئەو دیفاعە بکات ! !

ناهەقیشی نییە ئەی قابیلە بڵێ(نـاقص العقـل)ێکـی وەك ئەشـرەف پەهلـەوی خوشکی شای ئێران توانی سستالین هەڵبخەڵەتێنێ و فریوی بدا بەوەی گوایە چاڵە نەوتـەکانی کوردسـتانی بخاتـە بـەر دەسـت(وەك ڕەمـزی بـە ئەڵمانـەکان فریـەی خوارد)بەمەرجێك کەللەی پێشەوا پێشکەش بە شتای ئێران بکات، ستالینیش نەك هەر سەری ڕەزامەندی بۆلەقاند بەڵکو پاڵتۆێیکیشی بۆ پێشکەش کردکەلە چەرمی

پڵنگــی ڕاســـتەقینە دروســـت کرابـــوو ســـەدان هـــەزار دۆلاری ئەوســـای تـــێ چووبوو،پاشانیش کە کۆمارە ساواکەی کورد زیندەبەچاڵ کراو کەللەی پێشەواش خرایـە پـێش شـاە، سـتالین(دەس لـەگونان بـەتالتر دەرچـوو)و تەنانـەت پیاڵـە نەوتێکیشیان نەدایێ تاکو بۆ چاوەزار لەکۆشکی کرملین دایبنێ ، ئیتر حەمە داوای دەرفەتی چی دەکاودەیەوێ دیفاع لەچی بکات..!! لەکۆتاییدا دەبێ منـیش وەك مامۆسـتا مەسـعود بلێمحەسـامەوەو دەروونم ئیـسراحەتی کـرد، چـونکە هەسـت دەکەم قـەرزێکی نەتـەوەیی زۆر گـەورەم لـە ئەسـتۆدابوو، ئەگـەر هەموویـشم پـێ نەدرێتەوە (کە پێشم نادرێتەوە)خۆ هـەر هەنـدێکم ئێدایـەوەو بـاری شـانی خـۆم و ویژدانم سـووك کـرد و گـەلێکیش خـۆم بەمنـەتباری کاکـە بـەدران دەزانم کـە ئـەم هەڵـەی بۆرەخـساندم و بـەو کوردیـە جـولن و پاراوەیـژەنگی رق و کینـەی کۆسموٚپوٚلیتانەی لەسەر گەنجینەێیکی مێژوویی بـەنرخی نەتـەوەییمانی سـڕیەوە، ئومێدیشم زۆرە لاوانی بەهرەمەندی خامەڕەنگینی دڵسۆزی خاك و نەتەوە زۆر بـن و وەك ئەویش چلکی مەردانەی لێ بکەن بەلاداو چی کتێب وتـارو بەڵگەنامـە هەیـە دەربارەی مێژووی کۆن و نوێ کورد وەربگێڕنە سەر زمانی کورد بەشکو ئەوانیش. وەك ئەم. هەندێ لەقەرزی سەر شانی زانستییان بەرانبەر بە میللەتەکەیان سـووك دەبێو ئەو گشتە شـێواندن و لـە خـشتە بـردن و ئاوەژووکردنەوەیەیدەرهـەق بـە مێژوومان کراوە ڕاست دەکرێنەوەو خۆری درەوشەداری حـەق و ڕاسـتی و زانـست لـە ئاسمـانی کوردسـتانا هەمیـشە گڕگرتـوو بێـت و شـەوەزەنگی ناحـەزان بـەرەو زبڵخانەی لەبیرچوونەوەو نەمان ببرێت...

**پەراوێزەکان :**

1- بڕوانە کاروان. ژمارە(33)حوزەیرانی1985 ساڵی سێیەم ل 5-11 .

2- بڕوانە هاوکاری ژمارە (805)لە 1985/9/12.

3- رجال ومرکز قوی فی الشرق.

4- بڕوانە کاروان. ژمارە(33).

5- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

6- بڕوانە کاروان. ژمارە(83)تشرینی دووەم1985 ساڵی چوارەم ل-7.

7- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

8- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

9- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

11- بڕوانە ( لەڕۆژهەلاتی گڕگرتوودا) نووسینی کوتفرید یوهانز میولەر.بەردان حەبیب وئەحمەد لە ئینگلیزییەوە کردویە بەکوردی ، هەولێر 1992 ل32 .

12- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل45.

13- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 36.

14- بڕوانە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە (21) خولی دووەم یەکشەممە 1992/4/26 .

15- بڕوانە کاروان ژمارە (42) ئازاری 1986 ساڵی چوارەم.

16- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

17- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

18- هەمان سەرچاوەی پێشوو

* لەراستیدا من کتێبیکم بە دەستەوەیە لەسەر بەکر سدقی ، بۆیە لێرە هەر ئەوەندەی باسی لێ دەکەم ل 9-7.

*** ئەم وتارە بە دوو ئەڵقە لە رۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی) ژمارە (29و31 ) بلاْوکرایەوە.**

# بەشی دووەم

# نووسینەکانی خۆمان
# لە بارەی ڕەمزی نافیعەوە

## ڕەمزی نافیع

## رۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان

(( لەساڵی 1943دا ئەگەر کورد ئاوێکی روونی شك بردبایە بۆ نەتوانەوە و حەسانەوە نەدەشیا رۆلەی وەها بەناز پەروەردەکراوی ، خۆی لەباوەشی گەرم و گوڕی باوك و دایکییەوە هەڵدات بۆ گالتە بەگیان کردن، بۆ رێی هاتێك و دەجاران نە هات، ئەوەندەی بیستبیتم و زانیبێتم ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی یان بۆ هەر نیازو تەماو مەبەستێك بێ بەپێلیژەی هەوادا، لە شەوی تاریك سەر و ژێر بووبێتەوە بۆ مەجهولێکی پر لەترسی شەکەت بوون و مل شکاندن و مەرگ )).

ئەوە بەشێکی وەسفکردنی ڕەمزی نافیعە لە زمانی مامۆستا مەسعود محەمەدەوە، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا مامۆستا مەسعوو محەمەد دەڵێت : بەپێوانەی ئەو رۆژگارە ، ڕەمزی گەنجێکی خۆ پێداوی حەسایەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هیوای لە دەستدابوو. لە لایەنی پێداویستی ژیانی کامەرانیەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکاربێت ڕەمزی بەو لای تێری و تەسەلییەوە بوو نیازێك نەبووە لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ، ڕەمزی پێی نەگات هەتا خەیالی چروك بەدلی کرمێدا هاتوچۆی پیلانگێڕی بکات، بۆ هەڵبەستنی نیازێکی قرپۆك لە ویژدانی رەمزیدا لەوە پتر بەدەستەوە نادات کە پیاوەتی وەها مەزن لە رەمزییەوە وەك زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن .

سەرسام بوونی مەسعوود محەمەد بە ڕەمزی نافیع دەگا بەو ئاستەی کە بلێ (( ڕەمزی رۆڵەی بەشەرەفی کورد و هەولێر ، نامەوێ لەبیرەوەریتدا چەتری

فیز و ناز بەقەلەمەکەم لێ بدەم و بلێم ، پێی ناوێ بۆ شەهیدان شیوەن و گرین : بەهەموو ماناوە شاگولێك بووی لە باخی کوردایەتیدا، بەر لەپشکوتن هەڵوەرین . ئاواتێك بەناکامی نیشتمانت چوویت ، بزەیەك بوویت لە شەبەقی بەیانیدا ، بەر لەخۆرهەلات لەسەر لێوانەوە وشك بوویتەوە، وای لەرەنجی بەفیرۆ رۆیشتووت وای لە زیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بە کوژانەوەت وای لە بێ ڕەحمی رۆژگار بەتەنینەوەی فەرامۆشی لە دەورەی پرشنگی ناو و خەباتت .هەزاران هەزار فرمێسکی بەکوڵ بۆ سەرخاکی قەبرە پیرۆزەکەت نازداری کورد و هەولێر ڕەمزی گیان ".




ڕەمزی نافیع

## ڕەمزی و ئەڵمانەکان

ڕەمزی نافیع ڕەشید ئاغا لە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی دووەمەوە ، ئەو دەمەی کەلەشاری ئەستەنبۆڵ دەیخوێند ، بەهۆی بیرو باوەڕی پتەوی کوردایەتی و دەست ڕۆیشتوویی بنەماڵەکەی لە کوردستان دەزگای هەوالگری ئەڵمانیا پەیوەندی لەگەڵ دەبەستن ، لەوێوە بەلێنی ناراستەوخۆ ، دواتریش کە دەیبەن بۆ ئەڵمانیا، ڕێك کەوتن کە ڕەمزی بکرێت بە سەرۆکی کوردستان و لەبەرانبەریشدا تا ماوەیەك وڵاتی ئەڵمانیا سوود لە نەوتی کەرکوك ببینێت ، چونکە ئەو ماوەیە ئەڵمانیا بەدەست کەمی سووتەمەنیەوە دەیان نالاند، پێش خۆئامادەکردنیش ڕەمزی نافیع "ئاڵای کوردستان" بەدەستی خۆی دەنەخشێنێ و لەگەڵ خۆیاندا چەندین جۆری گەورە و بچووك لەو ئاڵایە دەهێننەوە بۆ کوردستان ، لەپاشان کە ئەو نەخشەیەی ڕەمزی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دایدەڕێژێ شکست دێنێ و ڕەمزی بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەبەندینخانە دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی عەقلی تێك دەچێت و تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت .

ئەو کارەی کە ڕەمزی لەم ماوەیەدا کردوویەتی ناکرێ مرۆڤ خۆی لێ نەبان بکات و باسی لێوە نەکات ، چونکە پەیوەندی بە ڕووداوێکی گەورەی کوردی و جیهانیەوە هەیە و وەك کوردیش بەدنمەکی و شێواندنی مێژووی خۆمانە ، کە هەرتاکێکی ئەم وڵاتە لەجانفیداکاری و مەردایەتی ڕەمزی نافیع بێ ئاگابێت ، بەڵام ئێمە بۆ تائێستا بەشێوەیەکی گشتی بێ ئاگاین و حەقی تەواومان نەداتەوە ڕەمزی ؟ لە وەڵامی ئەمەدا دکتۆر(ئەرسەن مووسا ڕەشید) ئامۆزای ڕەمزی نافیع گووتی : (( ئێمە خەڵکی هەولێری تەبیعاتێکی زۆر سەیرمان هەیە و هەستی نەتەوایەتیمان لاوازە ، سلێمانی بۆخۆیان زۆر باشن و هێندێ کەسیان هیچیشیان نەکردووە، بەڵام ئەوان باسی دەکەن، لەوانەشە هێندێ کەس حەز بکەن باسی ڕەمزی بکەن، بەڵام لەترسی ئەمەریکا و بەریتانیا نایانەوێت ئەم بابەتە زەق

بکەنەوە )). دکتۆر ئەرسەن ئەوەشی گووت کە دەزگاکانی راگەیاندن زۆریان بۆ هەندێ کەس کردووە و لەبەرانبەر ڕەمزیشدا کەمتەر خەم بوونەو ئەوان وەکو بنەماڵە نایانەوێت ڕەمزی لەخۆی زیاتر گرنگی پێبدرێت ، تەنها ئەوە دەخوازن کە حەقی خۆی بدرێتی ، چونکە لەکۆتاییدا مێژوو کەس بزر ناکات . هەر لەو بارەیەوە (قەرەنی ئەسوەد) وەکو کەسایەتییەکی شاری هەولێر گووتی ((ئێمە خەڵکی هەولێر خۆپەرستیمان تێدانەبووە وەکو شارەکانی دیکەی کوردستان، منیش زۆر جار ئەو قسەیە بە برادەرانی هەولێر دەڵێم کە ئەو مەسەلەیە کەمترخەمیەکە لەوانەی خۆیان بەخاوەنی هەولێر زانیوە)) . قەرەنی ئەسوەد گوتیشی کە لەهەموو جوولانەوە کوردیەکاندا هیچ شارێك بەقەدەر هەولێر زەرەرمەند نەبووە و شار هەبووە دوو تەقەی لێ نەکرایە و هەمووی هەر لەسەر زگی خەڵکی هەولێر بووە .(( ئێمەی هەولێری شانازی بەڕەمزی نافیع دەکەین کە مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر بووە و تەنهاش مەبەستی ئەوە بووە خزمەتی کورد بکرێت جا بەهەر شێوەیەك بێت )).



ڕەمزی نافیع و نورەدین زازا

## ژیانی ڕەمزی

ڕەمزی بەپێی درەختی خانەوادەییەوە کوڕی نافیع ئاغـای حـاجی ڕەشـید وەیـسی ئاغـای یـەحیا ئاغـای عەبـدولوەهاب ئاغـای کـوڕی حـارس ئاغایـە ، لـە عەشیرەتی مەموندی ناوچەی مەموندی بناری چیای سپیلکە، نزیـك دێـی سیـساوا لەسەر ریێ نێوان شەقلاوەو رواندزەوە ، لە سەردەمی حـارس ئاغـا بنەماڵەکـەیان دێتە هەولێر و دەبن بەخاوەنی موڵك و دیوەخان، هەروەك کە لە شوێنی خۆیانـدا خاوەنی موڵك و ماڵ و دیوەخان بووینە. ڕەمزی لەلای دایکیەوە دەچێتەوە سـەر میرەکانی شەقلاوە ، کە خوارزای میرانی قادر بەگ و نەوەی میرانی مـستەفا بـەگ بووە . بەوەدا دیارە کە ڕەمـزی بـە ریـشە ودەمـار لـە جەرگـەی کوردەوارییـەوە سەری هەڵداوە .

ڕەمزی نافیع ڕەشید لەساڵی 1917 لە قەسری عەتاڵڵا ئاغا لە دایکبووە ، لەکۆشی دایك و باوکێکی دەولەمەند و دەست رۆیـشتوو و تێـر پـەروەردە کـراوە . قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە هـەولێر تـەواو کـردووە . لەبـەر نـەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لـە هـەولێر ، رووی کردوەتـە کـەرکوك و سـاڵێکی خوێنـدنی بردوەتە سەر . لە کەرکوکـەوە بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدن دەچـێتە بەغـدا و سـاڵی خوێنــدنی 1937 _ 1938 لــەپۆلی پێنجــەمی زانــستی ( علمــی ) بــووە لــە قوتابخانەی ئامادەیی ناوەندی ( **الاعدادية المركزية** )ی بەغدا ، ڕەمزی لەبەغـدا تا کۆتایی ساڵ دەخوێنێ و لەوانـەکان دەردەچـێ و داخیـل بـە تاقیکردنـەوەکانی بەکالۆریای سەری ساڵ دەبێت ، بەڵام بە بڕیارێکی کت و پڕ لەساڵی 1939 بەغدا بەجێدەهێلێ و ڕوودەکاتە بەیروت و لەوێ لە زانکۆی ئەمەریکی دەست دەکاتـەوە بەخوێندن، دوو ساڵی خوێندن لەوێ تەواو دەکا و پلەی (فریشمان ) وەردەگـرێ ، لەپاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ئەستەنبۆل و دەبێت بـەقوتابی کولێـژی رووبەرت (رۆبەرت کۆلێژ ) . لەساڵی 1942 کە ڕەمـزی لـە ئەسـتەنبۆل دەبـێ لـە ناوەراستی ئەو سـاڵەدا دەزگـای هـەواڵگری ئـەڵمانیا لـە ڕێگـەی کـاپتن میوللـەر و پیاوەکانی پەیوەندی پێوەدەکەن ، لە پێناو هێنانەدی کردەوەی مامۆت



دیوەخانی حاجی ڕەشید ئاغا لە قەڵاتی هەولێر

## کردەوەی مامۆت

کـردەوەی مـامۆت وەکـو بەناوەکەیـەوە دیـارە کردەوەیـەکی گـەورە و بەرچاو بووە ، وشەی مامۆت لە ئینگلیزیدا بە واتـای جـۆرە فیلێکـی لەناوچـوو و لەزمانی کوردیدا (فیلەتەن) بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێت ، لەوانە بوو ساڵی 1943 لەسـۆنگەی سـەرکەوتنی کـردەوەی مـامۆت گـەلی کـورد پێـی بنابایـە سەردەمێکی دیکەی مێژووە ، رەنگە چارەنوسی ئـەڵمانیاش لەشـەڕدا بـە بـارێکی دیکە بکەوتابایەوە، ئەگەر کردەوەی مامۆت سەرکەوتنی بەدەست هێنابا . تیمی ئەنجامدانی کردەوەی مامۆت لەچوار کەس پێکهاتبوون ، سـەرۆك و بەرێوەبـەریان (ـ‍میوللـەر ) بـوو، دووکەسـی دیکەشـیان لەگەڵـدا بـوو، (هۆفمـان ) کـەنازی بـوو ئاگاداری رۆژهەلاتی ناوەراست بوو بـەو پێیـەی مامۆسـتا بـووە لـەزانکۆی تـاران ، دووەم کەسی تیمەکە (کانێچین ) بەنەژاد پۆلێنی بوو چوارەمین کەسـیش ڕەمـزی بوو ، کە دەمراست و رێبەریان بوو ،چـونکە کـوری هەرێمەکـە بـووە و بـەبێ ئـەو کارو کردەوەیان نەدەچووە سەر ، میوولەر کە سەرکردایەتی کردەوەکەی دەکـرد پێشووتر ناوچەکانی باشوری کوردستان گەڕابوو پەیوەندی لەگەڵ شـێخ مـەحمود پەیـداکردبوو خۆشەویـستی دێرینـی بەرانبـەر بـە کـورد و نزیکەوەناسـینی کـوردو وڵاتەکەیان بووە هۆی ئەوەی ببێتـە پـسپۆری راوێـژکاری مەسـەلەی کـورد لـەلای دەسـەلاتی ئـەڵمان ، بۆیـە لـە مـاوەی جـەنگی جیهـانی دووەمـەوە کرابـووە بەرێوەبەری یەکێك لەشانەکانی هەوالگری ئەڵمان لەشـاری ئەسـتەمبۆل لـە سـاڵی 1942 دوای ئـەوەی دەگەرێتـەوە ئـەڵمانیا هەسـت بـەوە دەکـات کـە کـەمی سـوتەمەنی تـەنگو چـەلەمە بـۆ سـوپای ئـەڵمانیا دروسـت دەکـات لەبـەر ئـەوە پێشنیاری بۆ (فیلد مارشال کایتل) فەرمانبەری سوپای ئەو سەردەمە و سـەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیاکردبوو ، کە هەولبدرێ بیرەکـانی نـەوتی عێـراق داگـیر بکرێ و ئینگلیزی لێدەربکرێ بۆ هێنانەدی ئـەو ئامانجـەش پێویـستی بـە کوردێك دەبێـت کـە لەگـەڵ ئـەودا ئـەم ئاواتـە بەئـەنجام بگـەیینێ. لـە کۆتـایی سـاڵی 1942دەزگای هەوالگری ئەڵمانە لـە شـاری ئەسـتەنبۆلەوە ڕەمـزی دەگەیەنێتـە

ئەڵمانیا ، میوللەری بەڕێوەبەری کردەوەی مـامۆت دەڵێ کـە ڕەمـزی گەیـشتە لای ئێمە نەیدەزانی چیمان لێدەوێ ، پیاوانی ئەستەمبۆلمان ئـەرکی خۆیـان بەچـاکی راپەراندبوو بیری ئەویان خوێندبووە و بەبێ ئەوەی بە ئاشکراباسـی هـیچ شـتێکی لەگەڵدا بکەن . راپۆرتی هێندێك نوێنـەری ئەسـتەمبۆلمان لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە ڕەمزی کوردێکی دەمارگرژەو زۆر تامەزرۆی ئازادی و سەرفرازی کوردستانە ،بۆیـە لەرێگای برادەرێکەوە کە ڕەمزی لە رۆژانی خوێندکارییەوە لە تورکیا ناسـیبووی ، بۆرە ئاماژەیـەکی بـۆ کرابـوو کـەوا شـتێکی چـاکە ئەگـەر بێتـو خـۆی لـە هەنـدێك داورودەستەی ئەڵمانی نزیك بکاتەوە ، هەروەها ئەو بـرادەرە کاغـەزی بـەدرۆی بـۆ رێکخستبوو بۆ ئەوەی پەساپۆرتەکەی مۆری لە تورکیا دەرچوون یـان چـوونە نـاو ئەڵمانیا پێوە نەنرێ .لە بارێکدا ئەگەر هاتوو کەلکی ئێمەی نەدا یان خۆی حـەزی نەکرد لە کارەکەی ئێمە بەشدار ببێت . ئەوا بتوانێ بچێتەوە تورکیا بـەبێ ئـەوەی کـەس پێـی بزانـێ . لەراسـتیدا ڕەمـزی دەی تـوانی بەزەویـشدا بـچێتەوە وڵـات و هـەموو شـتێك بۆخـۆی بـە چـەتر هەڵدانی چـاوەروان کـراوی ئێمـە ئامادەبکـات ، ئـەوەبوو ڕەمـزی لێـرە لەگـەڵ ئێمـەدابوو بـەبێ ئـەوەی هـیچ شـتێك دەربـارەی نەخشەکانی ئێمە بزانی. بیرم کردەوە چەند گرنگەئەگـەر بـۆ کارەکـەی خۆمـانی راکێشین(( کورد جەنگاوەری گیان لە سەر دەست وجەربەزەن چەند ئـەرك ئـالۆزو بەمەترسیتربێت هێندەیتر رێزت لێدەنێن وشەیدای خۆ بەگەلدانی ئـەو کـارە دەبـن منیش تەواو لەوە دڵنیا بوم ئەگەر ڕەمزی ماوەیـەك لەگـەڵ ئێمـە بژیایـە هێنـدەی نەدەبرد دۆستایەتیمان لە نێواندا دروست بوو، وەکو شتێکی چـاوەروانکراویش بـە گەلمان کەوت. چۆنم دانابوو ئاواهـات و دەرچـوو ، هـەر زوو هاتینـە سـەر ئـەوەی رێزی لێبگرین وەك چـۆن ئـەویش رێـزی لێدەگرتین ئـەوە بـوو لـە ماوەیـەکی زۆر کەمـــدا بـــڕواو متمانەیـــەکی هاوبـــەشمان لـــە نێوانـــدا پەیـــدابوو)) . میوللـــەر بەردەوامدەبێ و دەڵێ : ڕەمزی باش ئەوەی گەیشتە لامان دەسبەجێ لەگەڵ ئێمە بە (سینگەر بێرگ )دا هەڵگڕاو بەچاوی خۆی زیانەکەی بینـی کاتێـك سـوك و بزێـو وەك بزن لە چیاکەوە دابەزین ، هێشتا ئەو سوکترو چاکتر بوو لەکاتی هـەرە پـر

مەترسی و تەنگانەدا وەك ورچ بەهێزوو خۆراگر بوو كە فـەرمانی بڵاوكردنیـشماندا ڕەمزی وەك مامز گورجو لەش سوك بوو ، ئێستا بارێكی گرانم لەسەر مێشك لاچوو . ئەو كاتەی لە كوردستان دابەزین هەموو شت زۆر ئاسانتر دەبوو . ڕەمزی گووتی بـاوكم سـەرۆك خێڵـە و لـە هـەولێر دادەنیـشێت لەچیاكان دەژیـن " چـووە نزیـك نەخشە گەورەكەی كوردستان كە بـە دیـوارەوە هەڵواسـرابوو ، پەنجـەی ڕاكێـشاو گووتی "ها لێرە "پرسـیم " ڕەمـزی خێزانەكـەتان لـەكوێوە هـاتووە ؟ "گـووتی" دایكـم لـە خێڵێكـی تـرە بەداخـەوە ئێـستاكە مـردووە، خێڵەكـەی دایكـم لەبـەری رۆژهەلاتی خێڵەكەی ئێمەوە دەژین هەمیشە لەوێش ڕێـزم لێدەگرن . هـەموو ئـەو شتانەی ڕەمزی بۆی باسكردم بەوردی تـاوتێم كـردن . ئەوشـتانەی بـۆ ئەوكاتـەی دەهاتینـە سـەر نەخـشە كێـشانی هـەموو كورایەتییـەكی خـۆ هەڵـدان و كـاری داهاتوومان زۆر گرنگ دەبوون ڕەمزی كە هەستی كرد مـن پێوەنـدی خێڵەكیانـەی ئەوم زۆر بەدڵە كەیفی هات درێـژەی دایـێ و گـوتی برۆنـێ چـاكترین بـرادەرم لـەو گوندە بچووكە دەژی ئامۆزامە بە (خوێندرا) بانگی یەكتر دەكەین. باوكی سـەرۆك خێڵێكی بچووكە و زەوی و زارێكـی كـەمی لـە ژێـر دەسـتە ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی كەوتوونەتە بناری چیایان دەرامەتێكی چاكی لەچـاندنی دانەوێڵـە پێـدەبڕێ بۆیـە دەیتوانی خـەرجیی خوێنـدنی كـوڕە گەورەكـەی لـە زانكـۆی بـەرز لەبەغـدا دابـین بكـات، مـن و ئامۆزاكـەم چـەندین سـاڵ لـە بەغـدا پێكـەوەبووین و گـەلێك جـار نەخشەمان بۆ ئازادی كوردستان دەكێشا. بێگومان زۆرم پێخۆشبوو كە دەمبیست ڕەمـزی بـەم شـێوەیە دەدوا ، وا پێدەچـوو هـەموو شـتێك روو لەباشـە بێـت . دەرفەتێكی لەبارم بەهەڵ زانی بانگی رەمزیم كرد بۆ ئەوەی پیاسـەیەك بەیەكـەوە بكەین دیمەنێكی دڵڕفێنی كەژوكێوان كەوتبووە دەورو پشتمانەوە ، گـوتم ڕەمـزی من وڵاتی خۆم خۆشدەوێت ؟ بڕوات پێدەكـەم ، گـوتم ڕەمـزی مـن كوردستانیـشم خۆشدەوێت ، گوتی تۆ كەژ و كێوە سەختەكانت خۆشـدەوێت ؟ بێگومـان ڕەمـزی وەڵاتی تۆ وڵاتی منە . گووتی خوابكا وابێ ،كاپتن ، ڕەمزی تۆ لێرە لەئەلمانیا تۆ دڵخۆشی؟ بەڵێ چونكە دەتوانم لەگەڵ تۆبم پێم گووت نەخێر ڕەمزی ئەگەر خوابكا

دەبی بەم نزیکانە بچم لە خوێندنگاکەی تۆ فێری زانست ببم ؟ گوتی من لەگەڵ زانستدا تەبانیم،بەڵام تۆ حەزی لێدەکەی زانست بەلای منەوە تاکە شتێکە کارە.؟ وەڵامی دایەوە کاتێك پیاو شتێکی راست دەکات ، ئەوا زانستە تاوێك بێ دەنگ بووین من دەستم پێ کرد جارێکیان دوو هەڵۆ هەبوون ڕەمزی تەواوی کرد خوێنبرای یەکتربوون درێژەم دایێ پێکەوە بەرز فڕین و شێرێکیان بینی وەڵامی دامەوە لەسەر ڕووی دیجلەو فوراتەوە بەردەوام بووم پێکەوە دابەزینە سەر شێرەکە ڕەمزی چیرۆکەکەی تەواو کرد نێچیرەکیان لەبن دەستی دەرهێنا وچانێکی تر بەسەر چوو لەیەکترمان نۆڕی ڕەمزی گوتی زۆر باشە کاپتن من قایلم ، بەپیاوەکانم گوت ڕەمزی لەگەڵمان دێت ڕەمزی زیرەکترین وتووێژکەر بوو ، کە تائیستا بێنیتم بۆ لەیەکتر جوداکردنەوەی دۆست و دوژمن شەش هەستی هەبوو . زانیاری چاکی دەربارەی ئەو شێخانەی کە بەپارەو پول دەگیران و ، ئەوانەشی کە هەرگیز نەدەبوو خۆمانیان لێبدەین ، ڕەمزی بە پایەی باوکی لەناو وڵاتدا و گەشت و گەڕانی خۆی بەناو خێڵەکاندا تێکڕای سەرۆك خێلە کوردەکانی دەناسی ، رێگای لەبارەی بۆ خۆ لێ نزیك کردنەوەی هەموویانی دەزانی سەرەڕای ئەمەش زیت و وریاو ، فێلبازو، لەچەواشەبوون بەدوور بوو ئێستا هەڵی تەمەنی بۆ هەلکەوتبوو، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی کوردو ئازادی و سەرفرازی بۆ وڵاتەکەی بێنێتەدی . دڵنیابووم ڕەمزی خۆی لەهەموو ئەو شتانە دەبوارد کە نەخشەکەیان دەخستە بەر مەترسیەوە. وەك یارکەری بەتوانای شەترەنج دەیتوانی سارد لەسەرەخۆ یەك لەدوای یەکیان بگێڕی شتێك نەبوو ترسی وەبەر بنێ دەمزانی ڕەمزی هەموو شتێك بەوپەڕی وریایی دەخاتە جوولەوە ڕەمزی لێوەشاوەترین کەس بوو بۆ ئەم کردەوەیە هەلکەوتبێ جێی بڕواو جێی متمانەم بوو . گەورەترین رێزو دۆستایەتیم بۆی هەبوو . هەستم دەکرد ئەویش هەمان هەڵوێستی هەیەو تەواو بڕوای پێمە ڕەمزی گیان ئومێد بڕوات ناکەم ، تۆڵەی دڵسۆز بە دڵسۆزی دەدەمەوە تۆ ببەفەرمانڕەوایی کێوەکانی کوردستان ، کە کاتی هات چ بە بەڵێن و دیار چ بە زەبری کوتك شێخە کوردەکان دەخەمە ژێر دەسەڵاتت و فەرمانڕەوایی یەکدەخەم

یان پێویستە کوردستان سەرفرازو خۆشگوزەران بێت . بەلای منەوە هیچ شتێك هێندەی ئەوە دڵخۆشم ناکا لەتەکتدا بوەستم و هەر شتێك لە وزە و توانام دابێ پشتیوانیت بکەم. وامان دانابوو خۆهەڵدانمان لە کوردستان دوو هەفتە یان یەك مانگ بکەوێتە پێش ئەوەی کوردەکان بۆ باری ڕاپەرین ئامادە دەکەین.لەو ماوەیەدا گردێکی بەرزی کەسنەزان وەك شوێنێك بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەکەمان ئامادە و خۆش بکەین .دەبێ شوێنێکی هێندە ڕێك و پان وبێ ، بەچاکی بەشی نیشتنەوەو فڕین بکا لە نێو ئەو ئامێرانەی دامان لەگەڵ خۆمانی ببەین دەزگایەکی نوێباوی بچکۆلەی بەپیل ئیشکەر کە دەیتوانی نیشانەکەمان بنێرێ . فڕۆکەکە فڕۆکەیەکی دوو مەکینە بوو لە فڕۆکەخانەیەکی دەرەوەی بەرلین ئامادە و وەستابوو ، گەورە نەبوو دەیتوانی لە بەرزایی 5000 مەتر بفڕی قۆناغی بەرێکەوتنی دوورگەی (قرم) بوو . لەئامادەکردنی ڕاپەرین دەبوو کورد بەباشی تەقەمەنی چەکدار بکرێن. تەیارەشکێن دەبوو لە ناوچەی چۆلەوانی و تەپانی بنە چیاکاندا و هەلبژاردەی تایبەتی خێلەکیەکان لەلایەن ئەندامی تیپەکەمانەوە مەشق بدرابان ، پیاوانی خۆمان لەهەموو شوێن جێگیربوون و خەباتی ژێرزەمیندا ئامادەکردنی ئەو ڕاپەرینە دەکات بەتایبەتی لە ئێران بەڵام گڕە لەکوردستان کلپەی دەکرد کاتێك سەربازی ئێمە دەگەیشتە سەر زەوی و دەسەلاتیان دەگرتە دەست من و تیمەکەم لەگەڵ ڕەمزی لەکاری سەربازی دەکشاینەوەو خۆمان بە پەرەپێدانی ئاشتیانەی کوردستان تەرخان دەکرد، یەکەمین ئەوە بوو کوردستان ئاوەدان بکەین ئەمەش دامەزراندنی ڕێگاو بانی هێلی شەمەندەفەرو تۆکەند ، لەهەمان کاتدا هەنگاومان دەنا بەوەستاندنی دوژمنایەتی و کێشەی بێ پسانەوەی نێوان خێلەکان و هەنگاومان بۆ هێورکردنەوەی دەنا ، مەڵبەندی پۆلیسمان دابین دەکرد، ئاشتی و هێمنی لە سەرتاسەری وڵات و لەو شوێنانەی سەرچاوەی پشێوی و ئاژاوەی کوردانن دەخستەکار. تیمەکە لە ئەڵمانیا کە بریتی بوون لە میولەرو هۆفمان و کۆنێچ کە بە ئەسڵ پۆلێنی بوو سوێند دەخۆن ،ڕەمزی بە ئاڵای کوردستان ئەوان بەسوێندی ڕەسمی خۆیان خیانەت لەگەڵ

یەکدی دانەکەن هەردوو لا بەلێن بگەیەنینەجێ ،ئەم کارەش بە بەرپاکردنی شۆڕشەکەی کوردو هاتنی یارمەتی پێویست لە ئەڵمانیاوە مەیسەر دەبێت ، لەهەمانکاتدا رێگەی یارمەتی هێزەکانی یا چەك و ئازووقەی سوێند خۆرەکان کە لە رۆژئاواوە بۆ رووسەکان دەچێت دەبەسترێت .




ڕەمزی لەگەڵ کوڕانی پوری،موعتەسەم و محەمەد فەتاح چەلەبی

## سوێند خواردنی ڕەمزی بەئاڵای کوردستان

ڕەمزی و میوللەر لە هاوینی ساڵی 1943 لەئەڵمانیا پێش ئـەوەی بـەرەو کوردسـتان بفـڕن ، هەریەکـەیان سـوێندی دڵـسۆزی بـۆ ئـەم کردەوەیـە و ناپـاکی لەگەڵ یەکتردا نەکردن دەخۆن ، واتا سوێند بە ئاڵای ئەڵمانیا و ئاڵای کوردستان ، بەڵام کوا خۆ کوردستان ئەو کاتە ئاڵای نەبوو، ئایا ئاڵایـەکی کوردسـتان هـەبوو بەر لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ، چونکە هەموو ئەو نوسەرانەی کە لـەبارەی ئاڵای کوردستانەوە دواون ( ولیام ئیلگتن ، د. عەبدولرەحمان قاسملۆ، عەلائەدین سوجادی ، مەحمود مەلا عیزەت ) کەسیان بەسەرچاوەی راسـتی پەیدابوونەکـەی نەکـەوتن و نـەیانزانیوە رەنگـەکانی ئـەم ئاڵایـە بـۆ یەکـەم جـار لـەبیری کێـوە چەکەرەی کردووە ، یان یەکەم دەست کێ بووە کە نەخـشاندویەتی، تـەنیا ئـەوە نەبێ کە ولیام ئیلگتن لە کتێبەکەی (کۆماری مەهاباد )دا دەڵێ (( کۆمەڵـەی (ژ.ك) بەهاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکانی عێراقدا ئاڵایەکی نەتـەوەی لـەئایاری 1944 دا دەرکـرد، ئاڵایـەکی سـێ رەنگـی بـوو : لـە سـەرەوە سـوور لەپاشـان سـپی ، لـە ژێرەوەش کەسك . لەپێناو مافی ئۆتۆنۆمی چی لەوە ئاسانترە ئاڵای ئێران بـەراوژ بکەیتەوە و هەلاو گێری بکەیت ، بەڵام لە بارەی دروشمـی نەتـەوەی کـوردەوە ، ئەوا وێنەی هەتاوێکیان دروست کـرد کـە لەمـدیوو و لەودیوویـەوە دووگولەگـەنم و لەپشتیەوە چیا و قەڵـەمێك هـەبوون)). تێڕامـانی هـەموو سەرچـاوەکانی دیکـەش ئـەوەبوو کـە بـیری رەنـگ و شـتنی ئاڵـای کوردسـتان لـە هەڵگێرانـەوەی ئاڵـای ئەوکاتەی ئێرانەوە هاتوون لەبارەی روونکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ سێ ساڵ بـەر لە دروست بوونی کۆماری کوردستان لە مەهابادا ئاڵای کوردستان هەبوو تاوەك و ڕەمزی نافیع سوێندی پێ بخوات ؟ لە یەکێك لە دانیشتنەکانمان لـە مـاڵی (سـرود سوعاد نافیع ) ،کە دەکاتە برازای ڕەمزی نافیع ، سرود و سوعاد موفەکەرەیەکی ڕەمزی نافیعی هێنـاو چـەند پەرەیـەکی ئـاودیوو کـردو لەیـەکێ لەپەرەکانیـدا کـە بەرواری ساڵی 1942 بەسەرەوە بوو ئـەو کاتـەی کـە ڕەمـزی نـافیع لـە بـەیروت

دەیخوێنـد ، سـرود گـوتی :(( هـا ئەوەیـە مـن خـۆم بینیمـەوە و کەسـی دیکـە نەیدۆزیتـەوە، لێـرە بازنەیـەکی رەسمکردییـەوە نووسـیتی سـپی کەسـك سـۆر ، کەسکە کەشی بەشێوەی هـەولێری نووسـیووە و نەینووسـیوە سـەوز ، بازنەکـەی بەشـبەش کـردووە رەنگـەکانی لێنـوو سـیوە ئاڵاکـەش بەئاسـۆیی و وەکـو خـۆی دروسـت کـردووە ، سـەبارەت بەمـەش کـە میوللـەر دەڵێ : مـن ئاڵـای کوردسـتان دروست کـردووەو ئـەو نامەیـەی کـە لـە بـەرواری 1991/11/12 لـە ئەڵمانیـەوە بۆبنەماڵەی ئەوانی ناردووە لە هـەولێرو لەونامەیەشـدا دەڵێـت : هیـوادارم خـودای گـەورە ئاشـتی و سـەربەخۆیی بـدا بـە گـەلی کـورد ،پاشـان سوپاسـی نامەکـەی (1991/11/1)تـان دەکـەم ،دەڵێ وا دیـارە ئێوەلەبنەماڵـەی ڕەمـزی هـاوڕێ و دۆســتی مــنن کــەژیانی خــۆی کــردە گــەردەنی کوردســتانی نیــشتمانتان ئێستالەسەرتاسەری دونیادا دەرفـەتی کرانـەوەی زیندانـەکان دێتـە بەرچـاومان و منیش هیوادارم وڵاتی کوردسـتانی خۆشەویستم لەپاشـەرۆژێکی نزیکدا سـەرفراز ببێت ،هەروەها میوللـەر لـەم نامەیـەدا دەڵێـت : چـەند هەفتەیـەك لەمـەو بـەر لـە (بـەرلین ) بـووم و ,خۆپیـشاندانێکی لاوانــی کــوردم بینــی ئاڵـای کوردســتانیان هەڵدابوو کەسك ,سپی سوور و لەناوەندیشیدا خۆرێکی تیـشکدار سەرسـام بـووم ، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو ئاڵایە لەلایان منەوە دروست کرابوو پێش ئـەوەی لەگـەڵ دوو هاوەڵەکەمدا بەرەو کوردستان بێین و یاریدەی گەلی کـورد بـدەین بـۆ ئـەوەی سەربەخۆببین خۆتان دەزانین ئێمە کارەکەمان پێ بـە ئـەنجام نەگەیـشت ، بـەڵام ئێستاش هەست بەگەورەیی دڵم دەکەم لەبەرانبەر ئێوەو سەرجەم گـەلی کـورددا ، هەمیـشەش ئامـادەی یارمەتیـدانم چـاوەنواری نامـەی داهاتووتـانم _ دڵسۆزتان گۆتفرید میوللەر)) . لە بارەی ناوەرۆکی نامەکە و ئەو قـسەیە ی میوللـەر کـەدەڵێ ئاڵای کوردستان لەلایەن منەوە دروستکرابوو سرووود سوعاد نافیعی برازای ڕەمزی گوتی (( ساڵی 1992 کە میوللەر هاتە ماڵمان منیش ئەوەم لێـی پرسـی کەچۆن ئەو ئاڵایەتان دروستکرد گـوتی لەئـەڵمانیا لـەماڵی ئێمـە دانیـشتبوین و ئـەو چـوار رەنگەمان لەگـەڵ ڕەمـزی بەیەکـەوە موناقەشـە کـرد ، ڕەمـزی چـوار رەنگەکـەی

دانابوو میوللەریش وتبووی  دەبێ شتێك هەبێت كە رەنگەكان لەیەكتر جیابكاتەوە ، میوللەر گوتی من وتم دەبێ رۆژێك لەناوەراست هەبێ و پاشان خێزانی خۆم ناردە بازاڕ و داوی زەردی كڕیوو هەرخۆشی لەسەر ئاڵایەكانی دووری)) . سروود سوعاد دەڵێ كاتێك رەمزی و ئەڵمانەكان هاتوون ئاڵایەكی زۆریان بەقەبارە گەورەو بچووك و مام ناوەندی لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو،  لەقەسری (عەتاوڵلا ئاغا) ماڵی باپیرمان دانابوو، لەسەرەتای پەنجەكانیش بەشێك لەو ئاڵایانەمابوو ، بەڵام دواتر لەبەر گەڕان و پشكنین ، میری لە ساڵانی شەستەكان (حەرەس قەومی ) ئەوانیشیان نەهێشتبوو ، لە بارەی گەیشتنی ئاڵاكەش بۆ كۆمارەكەی قازی محەمەد كۆماری كوردستان لەمەهاباد سرود سوعاد گوتی ((لەوانەیە ئەو ئاڵایە تەسەڕوبی كردبێ و گەیشتبێتە كۆماری مەهاباد، چونكە ئامانجی پلانەكە ئەوەبوو كە بگەنە پشدەرو بێتواتەو پەیوەندی بە شێخ مەحمود و سەرۆك خێلەكان بكەن، لەوێوە بێنە خوارێ ، ئەوەش نازانین كە ئایا پەیوەندی دیكە هەبووە یان نا ، چونكە سیخۆری ئەڵمانەكان ئەو كاتە لە ئێرانیش بەجمۆجۆل بوون )) .



قەسری عەتاللاّ ئاغا کە ماڵی باوکی ڕەمزی بوو

## له ئەڵمانیاوه بەرەو کوردستان

له هاوینی ساڵی 1943 تیمه چوار کەسییەکەی (کردەوەی مامۆت) به شەو خۆیان بەپەرەشوت لەفرۆکه دەهاوێنه خوارێ ، لەناوچەیەکی سێ گۆشەی سنوری عێراق تورکیا سوریا لای رۆژهەلاتی رووباری دیجله دەکەونه سەر زەوی ،لەوێوه به قاچاغی و بەسواری پاسه تەختەکانی ئەو سەردەمه و ولاغ و کاروان دەگەنه موسل ، ئینجا گوێڕ و له پاشان هەولێر، لەوێوه بەرەو ژوور لەگوندی (بیۆکه) دەنیشنەوه ئەڵمانەکان دەگیرێن ، رەمزیش خۆی له هەولێر خۆی دەدا بەدەستەوه ، ڕەمزی له گرتووخانەی هەولێرەوه دەبرێ بۆ موسل و لەوێشەوه بۆ بەغدا ئینجا بۆ قاهیرەو دووباره دەیهێننەوه بەغدا. لەساڵی 1945 که جەنگ کۆتایی پێدێت دادگای عورفی بڕیاری له سێدارەدانی بۆ دەردەکات ، لەپاشان بڕیارەکه دەکرێ بەهەتا هەتایه ، (20) ساڵ له بەندیخانەی ناوەندی بەغدا و له قەلعەی دووەم بەند دەکرێ، بەهۆی راپۆرتی پزیشیکی و لەبەر تووشبوونی به نەخۆشیەکی کوشنده ،زۆری پێ ناچێ بڕیاری ئازادکردنی دەربچێت . ڕەمزی لەژێر زەبری کارەسات و ئەشکەنجه و دەردی دەروونی مێشکی سووك دەبێت و له ڕووی عەقلیەوه تێك دەچێت، هەر بەو هۆیەش پاش دەرچوونی له بەندیخانه له ساڵی 1948 له هەولێر سەری نایەوەو ئەفسانەیەکی بۆ هەتا هەتایه لەدوای خۆیەوه بۆ نەتەوەکەی جێ هێشت تاقمی کردەوەی مامۆت له پاش خۆ فرێدان به پەڕەشووت و فێربوونی دەستووره بنچینەکانی هەوالگری له شاری بەرلین و هەرێمەکانی سینگەر بێرگو. بۆ دینتەلو وینەر یونشتادت ئامادەی جێ بەجی کردنی کارەکەیان دەبن پێویسته ئەوەش بوترێت که پلانەکەیان له بنچینەدا بەو جۆره رێك دەخەن ، که له وەرزی بەهاردا دەست پێبکەن ، بەڵام دوادەکەوێت بۆ هاوین و کاتژمێری سفریان لەو کاتەدا دەست پێ دەکات ، که یەکێك له فرۆکەکانی گۆندۆز دەکەوێته ئاسمانەوه بەسەر قرم و زەریای ڕەش ، مەنزلی خۆ

فرێدان به پەڕەشـووت دەشـتی بێتـووین دەبێـت بـەڵام فرۆکـەوان لـە جێگەیـەکی دیکەیان دەخاتە سەر زەوی، لەبەر ئەوەی لە بەرزاییەکی زۆر فرێیان دەدات ، زۆر لە کەلوپەلەکانیان لە کیس دەچێت و نایدۆزنـەوە وەك پـارە و چـەك و جیهـازی لاسلکی ، کاتێکیش ەکە دێنە خوارەوە جلی خۆیان فـڕێ دەدەن و جلـی کـوردی لەبەر دەکەن ، کە بۆیان درووا بوو لە ئەڵمانیا بە یارمەتی ڕەمزی  ئەو ناوچـەیەی کە لێی کەوتوونەتە سەر زەوی فلێ فلێ پێدەڵێن ، کە دەکەوێتە ناو سێ گۆشـەی سنووری عێراق تورکیا سووریا لای ڕۆژهەلاتی روبـاری دیجلـە بـە پێـی جلوبـەرگی دەشتەکانیەوە خەڵکەکەی ئەوێ ناوچەکە دەناسنەوە،دواتر بە پاسـە تەختەکـەی دەوروبەری جەنگ خۆیان دەگەنە موسل،دەشبوا ڕەمزی لە ڕووبار بپەڕێتـەوە نـاو شـار و هانـا بەرێتـە بـەر یـەکێك لـە خزمـەکانی بـاوکی لـە موسـل، لەبەرئـەوەی پشکنینێکی زۆر لەسەر پردی موسل هـەبوو، ڕەمـزی ئەڵمانەکـە لـە چـایەخانەیەك جێ دێڵێ دەچێتە ماڵی جەلال یاوەر، کە دەکاتە کـورە خـەزووری بـاوکی ، بـەڵام دواتر ڕەمزی بە نائومێدی دەگەڕێتەوە ،چونکە ئەوکات ئەوان باریان کـرد بـوو بـۆ شاری بەغدا ،لەبەرئەوەشەوە بـەزووترین کـات ئـەوێ بەجێـدەهێلن رووەو هـەولێر بەرێگـەی وادی شـۆر کـە ناوچـەیەکی قامیـشەلان و پـر لـە دارو دەوەن دەبێـت ، دەچـنە گونـدی بـازیوە کـە گونـدێکی شـەبەکەکانە ، لـەوێ پیرەمێردێـك بـەهۆی ناوبانگی باوکی بەوە ڕەمزی دەناسێتەوە ، رێزیان لێدەگرێ و میوانداریان دەکات . بەمجۆرە مەبەستی رزگارکردنیان لەسـەر داوای تیپەکـەو لەسـەر کیـسەی ئـەوان چەند ئێـسترێك بـەکرێ دەگـرن و پیرەمێـردیش ماوەیـەك لەگەڵیانـدا دەروا لەبـەر ماندویی کە دەگەنە لای کەندەلانێك لەوێ دەحەسـێنەوە و خـەویان لێدەکـەوێت ، ئیتر کـابرای شـەبەك کـە خـاوەنی ئێـسیترەکان دەبێـت ئەمـە دەزانـێ و لەخـەودا بـەجێیان دێڵـێ ، ڕەمـزی و ئەڵمانـەکان بەتـەنیا دەکەونـە ڕێ و لـەنزیك کەلـەکی یاسین ئاغا لەرێی لادەدەن و بەرەو گوێر دێن ، بە بەلەم لە زێی گەورە دەپەڕنەوە دیوی هەولێرو ئێوارەیەکی درەنگ دەگەنە گوندی تەرجان کە گوندی ماڵی ڕەمزی بوو ، ئەگەر چی تا دەهات مەترسـیان زیـاتر دەبـوو ، بـەڵام بـەهۆی خـەڵکی ئـەو

ناوچـانە کەناسـیاو بـوون جولانـەوەو کـاری خـۆ رزگارکردنیـان ئاسـان بـووە هـەر بەهۆی ئەو ناساوانەش بەسواری ولاخ دەگەنە هەولێرو روو دەکەنە مـاڵی عـەتاوڵلا ئاغا کە ماڵی باپیری ڕەمزی بوو لەوێ میوللەر و تیپەکە ی چاویان بەنافیع ئاغـای باوکی ناکەوێت و لـەجیاتی ئـەو قـەرەنی نـافیع براگـەورەی ڕەمـزی پێـشوازی لـە میوللەر دەکاو هـەموو شـتێکی تێدەگەیـەنێت و بـە نـاوی باوکییـەوە پێیـدەڵێت(( ئێمە هیچمان پێناکرێت بۆ ئێـوە بـاب و باپیرانمـان بەناحـەزی ئینگلیـز لـە قەلـەم دراون و گـەلێ زیانمـان لـەم رووەوە لێکـەوتووە ئـیتر ئێـوە خۆتـان چـارە سـەری خۆتان بکەن ، چونکە ئێمە هیچمان بە ئێوە پێنـاکرێ)) . بـەڵام ڕەمـزی پـشتیان تێناکەو چارەنووسی خـۆی بـە چارەنووسـی ئەوانـەوە دەبەسـتێتەوە ئـیتر لەبـەر ئەوەی ئەو ئامانجەی کەبۆی هاتبوون زیندە بەچاڵ دەکرێت میوللەر پیلانی ئـەوە دادەڕێژێت کە یەکێ لە ئەندامانی تیپەکە بگەیەنێتە سـەر سـنووری تورکیـا لـەوێ خـۆی بـدە بەدەسـتەوەو بخرێتـە گرتووخانـەوە ، بـەو رێگەیـە دەتـوانن بـەهۆی دەسەلاتی تورکەوە قونسلی ئەڵمانیا لەوێ ئاگادار بکەنەوە بەمە پەیوەندی لەگەڵ دەولەتەکەیان پەیدا دەکەنەوە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش بەهۆی رەمزیـەوە لـە هـەولێر دەردەچـن بـۆ گونـدی (بیۆکـە)ی نـورەدین ئاغـای مـامی ڕەمـزی ، لـەوێ خورشید نورەدین ئامۆزاو هاوڕێی ڕەمزی یارمەتیان دەدا .

خورشید نورەدین خۆشەویسترین کەسی ڕەمزی بوو ، لەیەکـەم دیمانـەی ڕەمزی دا کـە لەئـەڵمانیا بەمیوللـەر دەگـا ڕەمـزی دەلـێ مـن و ئامۆزایـەکم چـەند ساڵێك لە بەغدا بەیەکەوە بووین و گەلێ جاریش نەخشەمان بۆ ئـازادی کوردسـتان دەکێشا . میوللـەر خۆشـی کـە لـە گونـدی (بیۆکـە) خورشـید نـورەدین دەبینـێ لێوەشاوەیی و پیاوەتی ئەوی دەچێتە دڵەوە ، لەبارەی ئەو دەڵێت : ئەو کەسەی دەرفەتی دیمانەی کوردێکی ڕەسەنی لەم شێوەیەی بۆ هەڵکەوێت ناتوانێـت خـۆی لەهەستی بەهێزی خۆشەویستی لە بەرانبەری ئـەو گەلـە و وڵاتەکەیانـدا ببوێرێـت، کورد گـەلێکی بەرچـاو روون و ژیـر و وریـا و وزەیـەکی بـەرزەوت نـەکراوی لـەبڕان نەهاتوویان هەیە، مرۆڤگەلێکن لە رێو رەچـەلەکیان لـە گونـدیان لـە دابونـەریتیان

نەشۆراون ، هەر كوردێكی تۆ دەیگری رەسەنزادەیەكە شیری دایكی خۆی مژیوە .
تاقمەكـەی كـردەوەی مـامۆت لـە گونـدی بیۆكـە و لـەلای خورشـید نـورەدین بەمەبەستی گەیشتنە سەرسنووری توركیـا ، لەگـەڵ قاچاخـچیان رێكدەكـەون كـە بیانگەیێننە سەر سنوور ، بەم جۆرە قاچاخـچیەكان لـەپاش سـەفەری هـەولێریان دەگەڕێنەوە گوندی بیۆكەو چاوساغیان بۆ دەكەن تا سنووری توركیا .



دیوەخانی حاجی ڕەشید ئاغا لە قەڵاتی هەولێر

## دەستگیرکردنی گرووپەکە

ڕەنگە هەڵەی گەورەش کە میوللەر و تاقمەکەی کردبێتیان ، ئەوە بوو بێ کە لەپێشەوە هەموو کرێکەیان دابووە قاچاخچیەکان . ئیتر ئەوان کرێکەی میوللەر دەخەنە گیرفانەوە و یەکێ لە قاچاخچیەکان بەناوی (سەمیع) کە خەڵکی گوندی بێوکە دەبێت لە هەولێر جێگەی خۆ حەشاردانی ئەڵمانەکان بۆ بنکەی پۆلیسی هەولێر ئاشکرا دەکات ، بەو هیوایەی هەزار دینار (بۆ هەر یەکێك 250 دینار) پاداشتی حکومەتی عێراقی گرتنی تاقمەکەی (کردەوەی مامۆت ) دەستنیشانکرابوو وەربگرێت . ئەوەبوو لە دوای خەبەر لێدانیان ئەفسەری پۆلیس (بەدیع محەمەد نەزهەت) لە بنکەی پۆلیسی هەولێر خۆی و پیاوەکانی دێنە گوندی بێوکە و گەمارۆی ئەو شوێنە پڕ لە دارو دەوەنە دەدەن و هەر سێ ئەڵمانەکە دەستگیر دەکەن ، بەڵام ئەو کاتە ڕەمزی لەوێ نابێت ، دواتر بە ئامانجی گرتنی ڕەمزی حکومەتی عێراقی هەموو کەس و کارو مامەکانی و ئەوانەی کە لە رەمزیەوە نزیکن دەستگیر دەکات . لە پاشان نورەدین ئاغا ئازاد دەکرێت بۆ ئەوەی بەدوای ڕەمزیدا بچێت و پێی بلێت کە خۆی بدا بەدەستەوە .لەو کاتەش ڕەمزی دەچێتە لای نورەدین ئاغا و بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئەڵمانەکان گیراون و هەموو کەس و کاری خۆشی خراونەتە گرتووخانە و لەپێناو بەردانی کەسوکاریشدا ڕەمزی خۆی بەدەستەوە دەدا و لە گرتووخانەی هەولێر دەگاتەوە ئەڵمانەکان .

## چۆنیەتی دەستگیرکردن و تێکچوونی باری دەروونی ڕەمزی

ڕۆژێك بەر لە گیرانی ڕەمزی ، ئەڵمانەکان دەستگیر دەکرێن و بەنێو بازاڕو بە بەردەم قەلای هەولێریاندا دەهێنن و حەشاماتی زۆری خەڵك لەدەوریان کۆ دەبوونەوە و هەواڵی هاتنی ڕەمزی وئەڵمانەکان لەشاردا بلاودەبێتەوە . دکتۆر ( عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا) سەبارەت بەو ڕۆژە دەڵێت : ئەو ساڵە من لە هەولێر

دکتۆری حامیـه بـووم ، ئـەو رۆژەی ئەڵمانـەکان دەسـتگیر کـران ، شـاری هـەولێر بەتەواوی خرۆشـابوو ، خەڵکەکـە پێکـدا دەهـاتن و دەچـوون ، لەچـەند کەسـێکی لەوانەی کە دەمناسین پرسیم : بۆ چ ئـاوا شـپرزەن و پێکـدادێن و دەچـن ، تـەنها وەڵامیان ئەوەبوو ئەڵمان هاتوون ، ئەڵمان هاتوونە کـوێ ؟ لەپاشـا ئـامر حامیـەم بینـی ( سـەید حەسـەن) بـوو ، جگـە لـەوەی ئـامر حامیـە بـوو دۆسـتایەتیەکی باشیشمان هەبوو لێم پرسی چ هەیە ، وتی چـەند ئەفسـەرێکی ئـەڵمان هاتوونەتـە ئەم هەرێمە و خۆیان شـاردۆتەوە ، ئـەوا خـەریکن بەهـەموو لایەکـدا دەگـەرێن تـا جێگەیان بدۆزینەوە . هەر ئـەو رۆژە ئێـستر سـوارەکان بەسـەرکردایەتی (مـولازم سەید حوسێن ) ی برای سەید حەسەن بەناوشاردا تێپەرین و بەدوای ئەڵمانەکانـدا چوون . هەر ئەو رۆژە لە دێیەکی نزیك هـەولێر کـەدێی مـاڵی (نـافیع ئاغـا) بـوو . ئەڵمانەکان کە لەناو دارو درەختی دێیەکدا خۆیان شاردبووە ، گرتیانن و هێنایانـە شاری هەولێر بۆ سەرا و، لە ژووری بەرێوەبەری پۆلیس سەبری عەبدوڵڵا دایاننـان و نـەیان هێـشت کـەس بـەلای ئـەو ژوورەدا تێپـەر ببێـت ، کارەکـەیان ئەوەنـدە بەنهێنی گرتبوو نەیانهێشت کەس بیانبینێ و قسەیان لەگەڵدا بکات . تەنانەت کـە مـن زۆر ئاشـناو دۆسـتی (سـەبری و سـەید حەسـەن) بـووم نـەیان هێـشت بـچمە ژوورەوە . لەهەموو هەولێردا دەنگ بلاوبـۆوە، کـە ئـەم ئەڵمانانـە لەگـەڵ دلاوەری نەمری کوددا ڕەمـزی نـافیع ئاغـا هـاتوون بـۆ کوردسـتان و سـەرکردەکانی کـورد بەتایبـەتی شـێخ مـەحمود ببیـنن و بـە یارمـەتی ئـەڵمان ، کوردەکـان شۆرشـێك هەلبگیرسـێنن. بۆئـەوەی راستی مەسـەلەکە بـزانم وام بەباشـزانی راسـتەوخۆ لـە بەرێوەبەری پۆلیس بپرسم . بۆیە چـوومە لای و لێمپرسـی ، کەچـی لەئەڵمانـەکان تێگەیشتووە پێم بلێت ؟ وتـی سـێ ئەفسەر بـوون یـەکێکیان رائـد بـوو، یـەکێکی دیکەش مولازمی دوکتۆرەکە بـوو، ئەوەکـەی دیکەشـیان مـولازمی ئەنـدازیار بـوو. وتی هەر پرسیارێکمان لێدەکردن دوو مولازمەکە دەستیان بۆ رائدەکە درێـژدەکرد و مەبەسـتیان ئـەوەبوو ئـەوان مـافی قـسەکردنیان نییـە تـەنیا رائدەکـە بەبۆنـەی ئەوەی سەرکردەیانە مافی قسەکردن و وەڵـام دانـەوەی هەیـە، ئـەویش بـەجۆرێك

دەمی نابوو بەیەکدا هەر   چیەکمان لێدەپرسی ورتەی نـەدەکردو هـیچ وەڵـامێکی نەدەدایەوە. دوای گەلێك تەقەلادان دەمی کردەوە وتی : یـەك شـتان پێبلـێم هـەر پرسیارێك بکەن و بەهەر جۆرێکی بکەن من وەڵامتان نادەمەوە . بـەڵام بـۆ مێـژوو دەمەوێت یەك شتتان تێبگەیێنم و  دوای ئەوە هیچ خۆتانماندوو مەکەن ، چونکە هیچ هێزێك نییە لەجیهاندا بتوانێت قـسە لەئێمـە دەربهێنێـت . ئێمـەش پێمـانوت فەرموو چـیت هەیـە بلـێ گوێمـان گرتـووە . لـە ئێمـەش وابـوو کـە دان بەهەنـدێك لەنهێنیەکاندا دەنێت. کابرای ئەڵمان خۆی قنج کردوەوە و وتی وەکو بیـستووتانە کەدەلێن گەلی ئەڵمانی لەهەموو گەلانی جیهانی ئازاتر و  جەنگاوەرترن ، بەڵام لەم کارەماندا بۆمان دەرکەوت کە گەلی کورد لە ئەڵمان ئازاترو بەجـەرگترن . ئێمـە لـە ئەڵمانیاوە ماوەی سێ چوار مانگ زیاترە مەشق دەکـەین ، تـا فێـر بـبین چـۆن بـە پەرەشوت خۆمان لەفرۆکە بهاوێژینەخوارێ ، بـەڵام ئـەو کـوردەی لەگـەڵمان هـات چـەندە هـەولی لەگـەڵ درا هـەر ملـی نـەداو دەیـوت مـن بـەبێ مەشـق کـردن خـۆم دەهاوێمـە خـوارەوە . ئێمـەش کەوتینـە ئـەوەی کـەئایا بـڕوای پێبکـەین یـاخود دەبێـت. دواتـر  نەترسـێت ،چـونکە ئەگـەر ترسـاو خـۆی  نەهاوێـشتە خـوارەوە بەرنامەکان سەر ناگرێت و دەبێت بەتەریقی بگەڕێینەوە ، گەلێکی دیکـە تەقـەلای لەگەڵ درا هەر بێ سوود بوو . ئاخری وتی چیتان لەمن دەوێت ناتانەوێت بەچـەتر خۆم فرێدەمە خوارێ . باشە ئەوا بڕیارمـدا کـە گەیـشتینە کوردسـتان مـن یەکـەم کەس بم لەپێش ئێوەدا خۆم بهاوێمە سەر زەوی، هەروەها ئەوەشی وت : کە کـاك ڕەمزی چەند وێنەیەکی هەبوو بـە جلوبـەرگی کـوردی گیرابـوو لەسـەر ئـەم وێنانـە بەرگدرویەك لەئەڵمانیا  چەند دەسـتە جلێکـی کوردییـان بـۆ درویـن . ئینجـا دوای ئەوەی چی پێویست بوو ئامادەمان کرد و فەرمانمان بۆ هات سواری فرۆکە بـبین و بکەوینــە ڕێ بـۆ ڕۆسـتۆف لــە روسـیا پـاش پـشودان لەوێوەکەوتنــەڕێ بـەرەو کوردستان بڕیارماندا خۆمان بهاوینـە خـوارەوە سـەبرمانکرد ڕەمـزی وەکـو پلـنگ ڕاپەری و هەستایە سەرپێ  و ووتی ئەوە من خۆم دەهاوێژمە خوارەوەو هیـوادارم لەسەر زەوی یەکتر بدۆزینـەوە   ، هـەر کـە دەرگـای فرۆکـەی بـۆ کرایـەوە بـە دوو

چاوی گەشی پڕ خۆشەویستی وتــی بـۆ سـەر زەوی و خـۆی هاوێـشتە خـوارەوە ، دوای ئەوە ئێمەش یەکە یەکە خۆمان فرێدایە خوارێ ، کـە گەیـشتینە سـەر زەوی هێشتا تاریك و روون بوو ، ئاگامان لە یەکتر نەبوو ، بەڵام هەر یەکە وەکو لەپێشدا بڕیــاری لەســەر درابــوو چــەترەکەی لــە ژێــڕ خاکـدا شــاردەوەو بــەدوای یــەکتردا دەگەڕاین ، کە رەمزیمان دۆزییەوە ، لێمـان پرسـی لـە کـوێین ؟ وتـی نـازانم ، بـا برۆین ، رۆژ هەڵاتبوو لایەکی رونـاك کردەبـووە ڕەمـزی لەگـەڵ چـەند جوتیارێکـدا بەعەرەبی قسەی کرد تێگەیشت کەنزیکی شاری موسلین ، بە پەلە کەوتینە رێ و هاتینە سەر زێی کەلەکی یاسین ئاغا ، لەوێوە بەهەر جۆرێـك بـێ گەیـشتینە نزیـك هەولێر ، ڕەمزی ئێمەی بردە دێیەکەی خۆیان ، لەوێ ئێمـەی لـەناو درەختەکانـدا شاردەوە هەرچیەکمان پێویست بـوو لـەخواردن و نـوێن بـۆی هێنـاین دوای ئـەوە رۆیشت ، ئیتر نەماندیتەوە هەتا ئێوە هاتنە سەرمان .ئەمە قسەکانی بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر سەبری عەبدوڵڵا بوو، کە لە سـەر زاری میوولـەر گێڕایـەوە . دوای گرتنی ئەڵمانەکان پۆلیس کەوتنە سۆراغی رەمزیەوە هەرچۆنێك بێـت رۆژی دواتـر ئەویش گیرا بەڵام چۆن گیرا ؟ لەدوای دەستگیرکردنی ئەڵمانەکان بـۆ رۆژی دواتـر حکومـەتی عێراقــی ســەرجەم کەســو کــارو بنەماڵەکـەی هــەموو ئەوانەشــی کـە لــە رەمزیەوە نزیك بوون ،دەستگیر دەکا . نیهاد نورەدین کوڕە مامی رەمزیی و تاکـە کەسی نێو بنەماڵەکە،کە ڕەمزی بینیوەو تا ئێستاش لەژیاندا مابێت لەبارەی ئـەو رۆژەوە دەڵێت ئێمە لە پرسەی بـاوکی ئەحمـەد چـەلەبی مـەحمود دەبـاغ بـوین و رۆژی چـوارەمی پرســە بــوو ، کـە پــۆلیس هــاتن داوای باوکمانیــان کـرد ئــەویش یەکسەر داوای عەباکـەی کـرد و دەیزانــی مەسـەلەکە چـییە ، چـونکە ئەگــەر بـۆ شوێنێکی دوور یـا بـۆ ماوەیـەك برۆیـشتبا عەباکەشـی دەبـرد . مـستەفا یـەعقوب پارێزگاری هەولێر باوکم و مامەکانمی هەموو بانگرد و پێی گووتن کـە مەوزووعەکـە زۆر لەوە گـرنگترە ، کـە ئێمـە دەسـتکاری بکـەین . بۆیـە ئەگـەر ڕەمـزی تەسـلیم نەکرێت بنەماڵەکەتان هەمووی تێدەچـێت ئـەوەبوو هـەر لـەوێ جگـە لـە نـورەدین ڕەشیدی باوکم ، بنەماڵەکە هەموویان دەست بەسەرکران و باوکیشم نـورەدین کـە

دەکاتە مامی ڕەمزی ڕەوانـە کـرا بـۆ ئـەوەی بـچێت ڕەمـزی بهـێنێ و تەسـلیم بـە حکومەتی بکاتـەوە ، ئـەویش دەچـێتە لای سـەرکارەکان لێیـان دەپرسـێ و دەڵێ ئێمـە نـە لەگـەڵ ئینگلیـز هیـچمان پێـدەکرێ و نـە لەگـەڵ حکومـەتی عێـراقیش ،ئەوانیش شوێنی ڕەمزی پێدەلێن باوکم دەچێت لە بنەسلاوە دەیبینێتەوەو پێـی دەڵێـت کـە حکومـەتی عێراقـی هـەموویانی گرتـووەو دەبـی خـۆی تەسـلیم بکـات ڕەمزی ئەوکات دەیـەوی خـۆی ئینتحیـار بکـات ئـەویش دەسـتی دەگرێـت و پێـی دەڵێت ئێمە ئەگەر هەموو سەروەتی خۆمان لەسەر دانابێ نایـەلین حکومـەت هـیچ بکات ، بەڵام ئێستا ئەوان دەلێن یا ئێوە یا ئـەو، ڕەمـزی ئـەوکات ڕازی دەبێـت و خۆی تەسلیم دەکاتـەوە، ئـەورۆژەی هێنایـان و بردنیـان بـۆ مەخفـەری پـۆلیس ، ئێوارێ لەماڵی ئێمـە نانیـان بـۆ ڕەمـزی نـارد لـە گرتووخانـە منـیش لەگـەڵ سـەر کارەکـەی چـووم فەحـسێکی نانەکـەیان کـردوو چـووینە ژوورەوە ، رەمزیـان لـە ژوورێکــی بــچووك دانــابوو ، لەســەر دەم و زگ ، لەســەر قەلەوێرەیەکـەی خـۆی ڕاکشابوو ، کە تەقەی دەرگا هات و هەستاوەو گووتی : نیهاد ئەوە تۆی ؟ منیش دەســتم بــەگریان کــرد، پاشــان هاتمــەوە دوای دوو ڕۆژ لەتــەنیایی ڕەمــزی لــە گرتووخانەی هەولێردا دەگاتەوە ئەڵمانەکان ، میوللەر وەسفی ئەو ڕۆژەی ڕەمـزی دەکـات و دەڵـێ : بەیانیـەك لـەناکاو دەرگـا کرایـەو یـەکێك هەڵدرایـە نـاو ژوورە تاریکەکەمانەوە ، ئەوە ڕەمزی بوو ، بەوێنەی داماوێـك هـەرگیز لـەبیرم ناچـێتەوە ڕەمــزی کــوری ســەرۆك خێــل مرۆڤێکــی ســەر ئاســوودەو ســەر بڵنــد بــروا بەخۆبوو،بەتێکشایی و نیوە مردوویی ، پیس و بـەرگ دڕاو بەچـاو پـڕ لەخوێنـەوە هـاوارم کـرد ڕەمـزی ڕەمـزی ئـەوە چـیان لێ کـردی ، بەپەلـەو سـامگرتوویی یـەك لەدوای یەك سەیری کردین ، سەرەتا ناڵە ناڵێکی کرد و پاشان نقوومی بێ دەنگـی بوو ، کاتێك بەخۆ هاتەوە کەیف شادبوو، جـارێکی دیکـە لەگـەڵ ئێمـەدا تەنانـەت لەتاڵترین و بێهێواترین شوێن،جا بەڕاستی لە بێهیـواترین بارودۆخـدا یەکبگرینـەوە گوتمان ڕەمزی تۆ دۆستی بەراستیمانی خۆزی بەخۆزیداران تۆ لـەم چـارە نووسـە دەرباز دەبووی زۆرت لەپێناو ئێمەدا بەخت کرد، ئێستاش هیچی دیکەت لەدەست

نایێت ، پاشان خێرا  خێرا بەسەرهاتی خۆی بۆمان گێرایەوە ، وەکو بڵێ ئەو شتەی ئەو دەیگەرێتەوە و تینێکی بەپەلەی بوویێ و دەتگووت ئێستا نائێستا سەری لەدوو دەنێنەوە لەم کونەوە بۆ ئەم کون شوێنی هەڵ دەگرنەوە، گوتی تازە گەیشتبوومە هەولێر ، کت و پڕ نەخۆش کەوتم ، دڵم پێی گرتم مەترسیەکی گەورەم هاتۆتە پێش ، هەرچەندە شتێکی ئەو تۆم بەچاو نەدیت بوو کە گومان پەیدا بکەم، بەڵام هەستم دەکرد وا چاوی بەدکرداری لەهەموو لاوە سەرنجم لێدەدا،شەوم لەپەنای دەوەنێکدا بەسەر برد توولە رێیەك لەو نزیکانە هەبوو بەدرێژایی شەو ژمارەیەکی زۆر مشەی هاتوچۆکەرانی بەسەرەوە بوو، بەرێگایەکی ناراستەوخۆ بەسەر بەرد و تاوێراندا خۆم گەیاندە ئەو ئامۆزایەم ، کە ئێوە بینیتان  ،پێی گووتم پشکنینێکی توونت بەدوای تۆدا دەستی پێکردووەو بەهیچ جۆرێك ناتوانم لەلای بمینێمەوە ، چونکە پۆلیس هەستی پێ دەکەن، گووتی پێم خۆشە گیانی خۆم لەپێناو دابنێم بەڵام بۆ ئەوکاتانە ژیرانەترین شت بۆمن ئەوەیە بچمە لای مامم و خۆم لەوێ بشارمەوە ئەوەبوو بەدزیەوە خۆم گەیاندە ئەو مامەی هەمیشە خۆشی ویستم ، گووتم یا بمشارەوە یان ئەوەتا سەرەدێرێکم بۆ بدۆزەرەوە ، پێتان وایە چی پێگووتبم باشە ، بچمە نزکترین مەلبەندی  پۆلیس و خۆم بەدەستەوە بدەم لەبەر ئەوەی باوکم و برای گەورەم لەوێنە و گیراون ، لەلایەن ئەو پۆلیسانەی لەبەر دەستی ئینگلیز کاردەکەن دەست بەسەرن و هەر دەست بەسەریش دەبن هەتا ئەوکاتەی من دەستگیر دەکرێم ، برادەرینە ئێوەدەزانن باوك بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی چییە ؟ ئیدی ئێوە دەتوانن تێ ڕابمینێن ئەو هەواڵەی مامم چەند جەرگ بڕبوو بۆمن ، باوکم ئاغا لە گرتووخانەیە یەکسەر بە ڕاکردن چوومە مەلبەندی پۆلیس ، ڕەمزی لەوێ لەبەردەممان وەستابوو بەدەم لەنگازو لەش تێکشکا و هیچمان لەدەست نەدەهات دلی ئەوی پێی بدەینەوە ،پاشان ئێمەیان بردە موسل و لە زیندانی ئینفرادییان دانان ، ئەو دەستە جلکەی لەکاتی راکردن لەبەرمان بوو ، لەلایەن ئینگلیزەوە لێمان سەندرا ، (سەرۆك هەرێمی عێراق)  کە جەنڕالیك بوو یەك لەدوای یەك ئێمەیان بردە لای ، دەیویست


بەسەرو بەری هەموو شتێك بكەوێت ،بۆ بەیانی چوار ماشێنی بەریتانی پڕ لە پۆلیس و سوپاوە هاتن ، ئێمەیان بەرەو بەغدا برد . شێوەی گیران و ئەو پاسەوانەی لە ئێمە گیرابوو وای دەگەیاند كە چاوێكی پڕ لەمەترسی سەیری ئێمە دەكرێت ئەمەش وای دەردەخست كە پاشەڕۆژێكی ناهەموارمان لەپێشە لەبەغدا سەرتا ئێمەیان بردە زیندانی جودا جودا لە گرتووخانەی پۆلیس و پاشان لەدوای چەند رۆژێك بۆ خانووێكی بەغدایان گواستینەوە، پاشان بۆ لێكۆلینەوە ئەڵمانیەكان بردە قاهیرەو رەمزیش هەر لەبەغدا مایەوە بەو پێیەی ئەو بەندییەكی ئێراقییەو نابی لەعێراق دەربچێت ، بەڵام دواتر بەهۆی فشاری حكومەتی بەریتانی بۆ سەر حكومەتی عێراقی توانیان ئەویش ببەنە قاهیرەو هەمان جۆری لێپرسینەوەو ئەو هەڵسوكەوتەی كە لەگەڵ ئەڵمانەكانیان پەیڕەو دەكرا ، لەبەرانبەر رەمزیش دەكرا.میوولەر بەردەوام دەبێ و باس لە زیندانی قاهیرە دەكا و دەڵێ : شەوێك كت و پڕ دەرگای زیندان بەڕاتەكاندنێك دەكرێتەوەو بەندكراو لەناو نوێن و بە نووستوویی رامالّی بۆ دەبردرێ و ملی دەگیرێ و بە بەر جوێن و تێهەڵدان دەدرێ و بەبێدەنگی بەرەو شوێنێكی چۆڵی دەبەن ، كەس وورتەی لەدەم نایەت ، پاشان فەرمانی دەدەنێ بێتە دەرەوە لەبەرانبەریان بوەستێ كۆمەلێك سەربازی چەك بەدەست ریزدەبن فەرمان دەدرێ ، ئەفسەرێكیش لەوێ دەوەستێ و كاتژمێرێكی لەنێو دەستەو دەڵێ : پاشی دوو خولەك هەمووتان گوللەباران دەكرێن ، ماوەیەك بێدەنگی ئەگەر شتێكتان هەیە بیلێن وا خولەكێكی دیكەش بەسەر دەچێ چل چركە، سیی ،بیست ، چەك بەرز دەكرێتەوە ، هیچی دیكەتان نییە بیلێن ، من تەنیا بەرژەوەندی ئێوەم دەوێ ، دەتوانن ژیانی خۆتان بگەرێننەوە ، ئێ باشە دە چركە ، پێنج ، وریایی ئاگر بن هەی بەرازیینە، پێتان وابوو مردنێكی قارەمانانە دەمرن ، نا نا برادەرینە ئەمە تەنیا ئەزموونێك بوو بۆ ئەوەی بزانن چیمان بۆتان دanاوەتەوە ، پاشان بەلێدان و كوتان و نەفرەت و جوێنەوە تا شوێنی خۆت دەهێننەوە .

جارێکی دیکه بۆ زیندان ، سەرنجام لەسەر بازگەی لێتوێژینـەوەی مـەعادی شاری قاهیرە ڕەمزی و دوو لەئەڵمانەکان بەیەکجاری عەقلیان دەشێوێت و تووشی تێکـچوونی دەروونــی دەبـن ، دواتــر حکومــەتی بــەریتانی دووبــارە ڕەمــزی و ئەڵمانەکان بۆ لێتوێژینەوە دەهێنێتەوە شاری بەغدا و لـەوێ زینـدانی دەکرێنـەوە میوللەر دەڵێ : هەستی ئەوەی کە ئۆبالی ئەو چارە کولییـەی ڕەمـزی لـە ئەسـتۆی مـن دایـە و زۆر بـە گرانـی لەسـەرم وەستا،چـونکە مـن هـاتنی ئـەوم بـۆ ئـەڵمانیا سەروبەر کرد و لەگەڵی دووام ،تا هاتە سەر ئەوەی بەگـەڵمان بکـەوێت و چـەندین جار گفتـی سـەربەخۆیی وڵاتەکـەیم پێدا ؟ ئـەو کاتـەی لـە بەغدا تووشـی یـەکتر بووینەوە زۆرم ترس هاتێ و لە دڵی خۆمدا گوتم : ئەگەر بێتو وەکو پلنگ راماڵـت بدات و ئەوکت بگرێ و فەراقی رەشت لێبڕێ مافی خۆیەتی کەس ناتوانێ بلێ کابرا بۆ واتکرد ، من شایەنی ئەوە بووم ئەو کاتە هەر هێندەم بۆ گۆتر : ڕەمزی من زۆر بەداخـەوەم بەوپـەڕی خۆشەویستی و دۆسـتایەتی وەڵـامی دامـەوەو گـوتی گـوێ مەدێ کاپتن گوێ مەدێ چیتر بیر لـەوە مەکـەوە چـاوم پڕبـوو لـە فرمێـسك زمـانم بەجۆرێك گیرا نـەمتوانی وەڵـامی بدەمـەوە بـۆ ئـەوەی بەخۆمـدا نەشـکێمەوە وای پیشاندا چاوی لێمنەبووە ، ڕەمزی لەو ماوەیەی کـە بـاری دەروونـی شـێوا چـەند جارێك ئاسایی دەبووەوەو دواتروەکو جارانی لێدەهاتەوە .

## دوا دیداری میوللەر و ڕەمزی

سەبارەت بەدوا دیداری نێوانیان ، میوللەر دەڵێ : رۆژێکیان ڕەمزی لەکاتی نــانی نیــوەڕۆ بــە ڕاکــردن هاتــە ژوورەکــەم و ماڵئــاوایی لێکــردم ،دەیــانبردە گرتووخانەیەکی دیکەی عێراقی ، تەنیا کاتی ئەوەم هەبوو دەستی بگرم و بەقووڵی لەچاوانی رابمینێم ، خودا دەست بە باڵتەوە بگرێ ، خوا بەفریاتەوە بـێ ، خـوات لەگەڵ بێ ڕەمزی ، بەدرەنگەوە پێم زانی کە ڕەمزی بەتۆمەتی ناپاکی لەنیشتمان بیست ساڵی خشت بەندەیی لەلایەن ((دادگایەکی سوپای عێراقەوە)) بۆ بڕواتەوە، کاتێك زانیم ئەو دۆستە لـەدڵ شـیرینمان جـارێکی دیکـەش تووشـی ئـەقڵ شـێوان

بووەتەوە زۆر پێ خەمبار بووم . میوولەر و دوو ئەڵمانیەکەی دیکە جارێکی دیکە لەڕەمزی جودا دەکرێنەوە ، بەڵام ئەم جارە دەیانبەن بۆ فەلەستین و لەپاشان دەیانگەڕێنەوە میسر ، ڕەمزیش هەر لەبەغدا دەمینێتەوە .



شاری هەولێر

## ئازادبوون و کۆچی دوایی ڕەمزی

دوای هـــەوڵ و کۆشـــشێکی زۆر لەلایـــەن بنەماڵـــەی ڕەمزییـــەوە ، هـــەروەکو (د.ئەرسەن موسا ڕەشـید)ی سـەرۆکی بەشـی مێـژوو لـە کۆلیـژی ئـادابی ئێـواران لەزانکۆی سەلاحەدین (ئامۆزای ڕەمـزی ) دەڵێـت : زۆر جـار بـاوکم لەگـەڵ بـاوکی ڕەمزی بەگوش پارەیان دەبـرد بـۆ بەغـدا تـا ڕەمـزی بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ دەکرێ بەبیست ساڵ و دواتریش لە بڕیـارێکی دیکـەدا لـە سـاڵی (1946)دا دوای ساڵێك لە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئازاد دەکرێت . هەر لەو بارەیەوە (سرود سوعاد نـافبع)ی کـوڕە بـرای ڕەمـزی دەڵێ "مـام ڕەمـزی " لەبەندیخانـەی ژمارە یەك گیرابوو کە زۆربەی گەورە پیاوانی سیاسی عێراق لەوێ دەگیران و هـەر لەوێش لەسێدارەدەدران . ئەو کات (مستەفا راغب)کە پیاوێکی بەئەسڵ تورك بـوو ، ســەرۆکایەتی ئەنجوومــەنی ســەربازی دەکــردو بڕیارەکــانیش لــەلای ئــەوەوە دەردەچوون.سەرەتا بڕیاردرا ڕەمزی لەسێدارە بدرێت . بنەماڵەی ئێمەش دەچنە لای و بەعائیلیش دەمانناسی . مام موسا بەموستەفا راغب دەڵێ ئـەویش (فـەهمی سەعید) و ئەوانەی دیکە نییە لەسێدارە بـدرێت و پێیـدەڵێ : ڕەمـزی لێـرە ئیعـدام بکرێت ، ئێمە تۆ دەناسین ، دوای ئەوە مستەفا راغب دەست لەکار دەکێشێتەوەو یەکێکی دیکە بۆ شوێنی ئەو دێت ، ئـەوکات پاڵەپەسـتۆکەش کـەمتر دەبێتـەوە ، چونکە بەریتانیا بەرەو سەرکەوتن دەچوو . لە ئەنجامدا ڕەمزی دوای سێ ساڵ لە زیندانی کردن ئازاد دەکرێت. بەڵام لەم ماوەیـەدا بـاری دەروونـی هـەروەك چـۆن لەزینداندالەژێر فشاری پالە پەستۆی دەرونی و لێتوژینەوەی تونددا تێك دەچێت ، لەدەرەوەی زیندان و دوای بەربوونشی هەر بەو جۆرە دەمینێتەوەو هەموو جارێك لەگەڵ ناوهێنانی کاپتن میوللەر لەلایەن کەس و کارییەوە زەردەخەنـە دەیگـرێ و دەلێ ئەو کاتەی کە چـاك بوومـەوە هـەموو شـتێکتان بـۆ دەگێڕمـەوە . (عـزەدین فەیزی) نووسەرو کەسایەتی ناسراوی شـاری هـەولێر کـە یـەکێك بـووە لـە دۆسـتە هـەرە نزیکـەکانی ڕەمـزی ،کـەوا هـەم لـەحیزبی هیـوا بەیەکـەوە بـوون و هـەم لەقوتابخانـــەی (ئـــەربیل ئـــولاش ) قۆنـــاغی ســـەرەتایی و ناوەنـــدیان بەیەکـــەوە

خوێندووە . ئەویش دەڵێ : لەکاتی نەخۆشیدا چەند جار چاوم پێ دەکەوت و لەگەڵی دادەنیشتم ، بەڵام لەوەدانەمابوو کەسوودی لێ وەربگیرێ . ( نیهاد نورەدین)ی ئامۆزای ئەویش ، ئەوکاتانەی ڕەمزی بەو جۆرە وەسف دەکات و دەڵێ: ڕەمزی خۆی بەتەبیعەت وپێشتریش عەصەبی بوو، زوو تووڕە دەبوو موناقەشەی قەبوول نەدەکرد ، کە هاتەوەش گۆشەگیربوو لەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکردو زەوقی جارانی نەمابوو ، وەکو جاران سوعبەتی نەدەکرد و زۆر گۆڕابوو، تووشی نەخۆشی ئەعصاب ببوو، جاری وابوو دەیگرت و هێندەك جار بەری دەدا یا دەڕۆیی و دەچووە دەشتێ ، دوو سێ ڕۆژ لەگوندی خۆیان لە تەرجان دەبوو دوای سەربەخۆ بەپێیان دەهاتەوە . سروود سوعادیش دەڵێت: لای ئێمە ئەگەر یەکێك بەغەیری تەبیعەتی خۆی هەڵسوکەوت بکات دەڵێن شێت بووە، بەڵام ئەو تووشی سەدمەیەکی دەروونی و عاتفی ببوو ، بەئاواتی شتێك بووەو عەمەلیەکی وا گەورەی کردووە ، دواتریش تووشی ئەو فەشەلە بێت ئینجا لەبەر هۆی خیانەت و بێ شانسی بێت یاخود هەر هۆیەکی دیکە بێگومان کاریگەریەکی زۆری لێ کردووە لەوانەشە جۆرە شیزۆفرینیایەکیشی تووش بوو بێت ، چونکە مرۆڤ کەتووشی دابڕانی کەسێتی دەبێت هەندەك جار هەڵسوکەوتی دێتەوە جێگەی خۆی و هێندە جاریش دەچێتەوە دونیایەکی دیکە باوکم دەیوت ڕۆژێك شێخێکیان بۆ هێنا لە کەرکوك تا دوعای بۆ بکات شێخەکە دەستی بۆ نێو چەوانی دەبا وادەزانێ جنی هەیە ، گوتی : هەر هێندەمان زانی ملی شێخەکەی گرت و ویستی لێیبدا ، دەڵێ ئەمن شێت ببم بەتۆ چاکدەبم ، مانای وایە ئەو کاتی هاتۆتەوە سەر وەحیی خۆی ، تۆبەتدارەکمان هەبوو ئەو بەردەوام لەگەڵیدابوو دەیوت چ قسەی نەدەکرد بەردەوام کتێبی ئەڵمانیی و ئینگلیزی دەخوێندەوەو حەقی بەسەر کەسەوەش نەبوو . دوای ئەوە ڕەمزی نافیع لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی بەغدا نەشتەرگەریەکی دەماغی بۆدەکرێ لەلایەن دکتۆرێکی بەئەسل جوولەکە بەنێوی (جاك عبود) ، لەو بارەیەوەش (سروود سوعاد) گوتی: ئەوە شتێکی غەریبە کە بۆچی ئەو نەشتەرگەریەیان بۆ کردووەو ئێمە نازانین

چـۆن بـووەو چـۆنیش کـراوە ، چـونکە ئەگـەر نەخۆشـی دەروونـی بووبێـت چ پەیوەندییەکی بەنەخۆشی و نەشتەرگەری دەماغەوە هەیە بۆیە نەشـتەرگەرییەکە فاشل بووەو بزانە دستکاری چیکردووە ، چونکە ئەو جۆرە نەشتەرگەریانە ئێستا نـاکرێن ، ئینجـا چـۆن ئـەوکات و لەسـاڵی چـلەکان کـراوە ، بۆیـە مـن پێموایـە نەشـتەرگەرییەکە کوشـتویەتی ،چـونکە ئەگـەر نەخۆشـی دەروونـی بووبێـت بـۆ گەنجێکی وابەهێز دەمرێت ، سەر ئەنجام دوای نەشـتەرگەرییەکە لەسـاڵی 1948 دا هەروەك چۆن لەو ساڵەدا هەر چـوار شـاعیری گـەورەی کـورد (دڵـدار، بێکـەس، بەختیار و زێوەر) و مێژوو نووسی بـەناوبانگی کـورد (ئـەمین زەکـی بـەگ) کۆچـی دواییان کرد، ڕەمزی نیشتمانپەروەرو ئەندامی چالاکی حیزبی هیواو دانەری ئاڵـای کوردستان کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی (شێخی چۆلی) دەنێژرێت .

## حیزبی هیوا و کوردایەتی ڕەمزی نافیع

(( ڕەمزی بەنسبەت ئێمە قوتابخانەی کوردایەتی بـووە و ئێمـە هـەموومان کوردایەتی لەوەوە فێربووین)) . (نیهاد نورەدین) بـەردەوام دەبـێ و دەڵێ ڕەمـزی نەتەوەییەکی زۆر توندڕەو بوو ، هەموو ئامانجی ئـەوەبوو شـتێك بـۆ کـورد بکـات ، هەر بۆیەش ئەڵمانـەکان کـە بینیـان ئـەو ڕۆحـە قەومییـەی هەیـە قۆسـتبوویانەوە بەردەوامیش لەگەڵ خزمەکاندا کێشەو گرفـت هـەبوو لەسـەر کوردایـەتی و قبـوولی نەدەکرد ئەگەر یەکێك ئینکاری کورد بـوون یـا تانـەو تەشـەری لـەکورد بدابوایـە ، هەر لەبنەماڵەی ڕەمزیشەوە دکتۆر ئەرسەن موسا ڕەشـید دەڵـێ : لـەدەرەوە کـە گوتیان خەڵکی کوێی ؟ دەبێ ناوی وڵاتی خـۆت بلێـی، بـەڵام ئێمـە دەبـێ بلـێین عێراقین ، باشە عێراق چ پەیوەندیەکی لەگەڵ کوردستان هەیە ، بۆیە شـانازی بـە ڕەمزی دەکەم بەهـەموو جۆرێکـەوە ، لەبـەر ئـەوەی کـوردی بەمـەزلووم بینیـوەو هەوڵی داوە شتێك بۆ کورد بکات بۆ ئەو کاتیش ئەڵمانیا باشترین پاڵپشت بووە بـۆ کورد و ڕەمزیش بۆیە پشتگیری لەئەڵمانەکان کرد تا شتێکیان بۆ کـورد بکردبوایـە ئـەگینا ڕەمـزی نـەباوەڕی بـە نازییـەت هـەبوو نەبیرشـی لـەوە کردۆتـەوە ببـێ

بەسەرۆکی کوردستان ، ئەگەر ئەڵمانیا شتێکی بۆ کورد بکردبووایە،چونکە ڕەمزی لـەو کەسـانە نـەبوو حـەز بـە پۆسـت و نـاو بکـا دکتـۆر ئەرسـەن ئەوەشـی گـووت کەڕەمزی بەر لەوەی کوردستانیش بەجێ بێلیٚ لەگەلٚ قەرەنی و سوعادی برای لـە حیزبی هیوا بووەو کە چۆتە بەیروتیش لەگەلٚ نورەدین زازاو کوڕەکـانی بـەدرخان بەبـەردەوامی بـۆ حیـزب کـاری کـردووەو رۆحـی کوردایـەتی گەشـەپێداوە(سـروود سوعاد) ئەویش بەم جۆرە وەسـفی ڕەمـزی دەکـات و دەلیٚ : ڕەمـزی زۆر بـەپێش سەردەمەکەی خۆی کەوت بـوو، هـەر سـیٚ زمـانی ئـەڵمانی و تـورکی و ئینگلیـزی بەباشی زانیوەو یەکێك بوو لەو کەسانەی کەوا لە سەرەتای بزوتنەوەی کوردایەتی چۆتە نێو حیزبی هیـواو دەسـتیان بەکوردایـەتی کـردووە ،کـە چـۆتە بـەریروتیش لەوێش لەگەلٚ کۆمەلێکی دیکە وەکو نورەدین زازا و کامەران بەدرخان پەرەیان بە بیری کوردایەتی داوە و بەیەکەوە کاریان کردووەو، لە موفەکیرەکەی بەرباغەلی کە هێنـدێك نـاوی بیـانی تێدایـە بەدەردەکـەوێت ، کـە سـەربازەو ڕەمـزی لەبـەیروت ویستویەتی پەیوەندیان پێـوە بکـات ، هـەروەها رەمـزی کـە لـە بـەیروتیش بـووە پەیوەندی بـە کوردسـتانەوە نەپـچڕاوە ، لـەناو موفەکیرەکەیدا هەنـدێك لـەلاوانی هـەولێری تێدایـەو هـەمویان لـە حیزبـی هیـوا بووینـەو ڕەمـزی ئابونـەی مانگانـەو ناوەکەیانی لەبەرانبەر نوسیبوو . عیزەدین فەیزی کە خۆی یەکێك بووە لەئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و بەرپرسی حیـزب بـووە لەهـەولێر ،لـەبارەی رەمزیـەوە دەڵێت : لەساڵی 1939 بەرپرسـیاریەتی پـارتی هیـوا لەهـەولێر بـەمن سـپێردراو لەوکاتەی زانیم کە رەمزیش ئەندامە تیادا ،فـەیزی دەڵێـت : لەسـاڵی 1940 بـوو کەجارێکیان لە خزمەت مامۆستا رەفیق حیلمی دانیشتبووین لەماڵی یونس قادر لە هەولێر ، کە ئەویش ئەنـدام بـوو لـەهیوا و لەوکاتـەدا ڕەمـزی و هـەڤاڵێکی هاتنـە ژوورەوە و ، ڕەمزی سلاوێکی سەربازانەی زۆر بەتوندی بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی کرد واهاتە بەرچاوم هەمووی پڕ لەچالاکی و دڵسۆزی دەروون پاکی بوو، هـەروەها عیزەدین فەیزی لەبارەی رەمزی دەڵێت : لەبنەماڵەیەکی دەولەمەندبوو لە هـەولێر خۆشـی بویـستبایە چ لـەعێراق و چ لـەدەرەوەی وڵـات دەیتـوانی زۆر بەخۆشـی و

ئاسانی ژیان بباته سەر ،بەڵام دلسۆزیەکەی وای لێ کرد قوربانی بەهەموو شتێکی خۆی بداو ئەم کارە بەرزە جی بەجێ بکا ، لەبەر ئەوە پێویستە خزمەتەکەی بە کردەوەیەکی پیرۆز دابنرێت . پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە وەسفی رەمزیدا دەڵێت : ڕەمزی شۆڕشێك بوو ، شۆڕشەکەی لە پێناسی خۆیەوە دەست پێ دەکات، شانازی بە وشەی ئاغاوە نەکردووە ، بە ڕەمزی نافیع ڕەشید خۆی بەخەڵك ناساندووە ،ئەگەر چی لەشار گەورەبووە ، بەڵام خووڕەوشتی دەشتیشی پاراستووە ، شارێکی دێرینی وەکو هەولێر کۆنە بەتەمەن سێ چوار هەزار ساڵ تەمەن دەبێت، تا ئێستا چەندین جار تەختکراوەو قەلای روخێنراوە ، بەسەرهاتی مێژوو پەروەردەیەکی تایبەتی خەڵکی شارەکەی کردووە ، بەڵام ڕەمزی ئەم بوونەی روخاند ، چونکە نیشتمان پەروەریەکەی تەنیا بە قسە و لەرووی تێوریەوە نەبوو ، بەڵکو بە کردەوەو پراکتیکەوە بووە ، مەیدانی بەرلین و مەشقی پەرەشووت و سیلاح شۆڕی بەبێ فیزەو بە پەڕەشووت دابەزی و لە وڵاتی خۆی .

## سەرچاوەکان

* دیدارێك لەگەڵ چەند کەسوکارێکی ڕەمزی نافیع .

1 ـ گۆتفرید یوهانس میوللەر، لەرۆژهەلاتی گڕگرتوودا، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە بەدران ئەحمەد حەبیب.

2 ـ مەسعود محەمەد، ڕەمزی نافیع قوربانیە زلەکی هەولێر، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (33) .

3 ـ دکتۆر عەبدولڕحمان عەبدوڵڵا، هەندی زانیاری تر دەربارەی ڕەمزی نافیع ،گۆڤاری کاروان ، ژمارە (38).

4 ـ بەدران ئەحمەد حبیب، ڕەمزی نافیع ڕەشید ئەوکوردەی ئاڵای کوردستانی داهێنا، رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ، ژمارە ( 21) .

5 ـ عیزەدین فەیزی ، ڕەمزی نافیع و بۆچوونەکانی کاك مەسعوود محەمەد و کاك محەمەدی مەلاکەریم ، گۆڤاری کاروان، ژمارە (38) .

6 ـ دکتۆر مارف خەزنەدار، رۆژی مەردو نەبەرد ،گۆڤاری کاروان، ژمارە (89) .